# وارڤین

گۆڤارێکی ژنانەیە دەزگای وارڤین 15 ڕۆژ جارێک دەری دەکات
ساڵی دووهەم/ ژمارەی سی / 68 لاپەڕە/1500 دینار/١ـی نۆڤەمبەر ٢٠١٠



ئەو چیرۆکەی دڵ خەڵاتی دەکات

کوردستان بەبیانووی شەرەف ٣ گوللەی لێدرا



خەونەکەی تاڵەبانی نیگەرانیکردوون



زیادبوونی حیجاب پەیوەندی بە هێزە ئیسلامییەکانەوە هەیە



تورکەکان لەهەولێر ئاڵای عێراقیان هەڵکرد



لە حەمامی ژنان چ باسە؟

ئەو ژنەی لە مانگرتن منداڵی دەبێت

پڕۆفیسۆرێکی زانکۆ لەدایکی خوێندکارێك دەدات

www.netewe.com

# bailine®

**ئایا کێشی لەشتان زیادە؟**
**ئایا ڕێک و پێکی لەش ولارتان لەدەستداوە؟**
**ئایا ڕانەکانتان شل بووە سکتان گەورەیە؟**
**ئایا بەشە جۆراو جۆرەکانی لەشتان گرفتی هەیە؟**

بەخێربێن بۆ سەنتەری بای لاینی ئەرووپی ساڵۆنی لەش جوانی تایبەت بە خانمان شوێنی خۆلاوزاکردن بۆ خانمان بە تازەترین بەرنامەی تەکنەلۆژیانەی سەردەم بێ دروست بوونی هیچ کاردانەوەیەکی نێگەتیڤانە.

سەنتەری بای لاینی ئەرووپی مژدە دەداتە هەموو ئەوخانمانەی کە کێشەی لەش و لاریان هەیە بە کردنەوەی لقێکی سەنتەری بای لاین لە کوردستان و عێراق بە ستافێکی ئافرەتانی پسپۆرو شارەزا لە بواری لەش جوانکردنی ئافرەتان.

**سودەکانی تەکنەلۆژیای بای لاین**

* *دابەزینی کێش بە تازەترین تەکنەلۆژیای سەردەم.
* *تواندنەوەی چەوری.
* *توند کردنەوەی ماسولکەکانی لەش و پێست.
* *ڕێکخستنی سوڕی خوێن لەلەشدا.
* *بەخشینی لەش لارێکی ڕێک و ماسولکەیەکی مەشق پێکراو.
* *مەساج کردن.

بای لاین بە ئەزموونی ساڵەی خۆی ئێستا زیاتر لە وڵاتی جیهان لقی هەیە و دەست بەکارە. بەسەرداتی کردنت بۆ سەنتەری بای لاین بێجگە لە کەمکرنەوەی کێش و ڕێکخستنەوەی قەبارەی ئەندامەکانی لەشتان بەخشینی جەستەیەکی جوان هیچی تر لە دەست نادەن.

**بفەرموون چارەسەرێکی بەخێرایی بۆ تاقی کردنەوە وەربگرن**






هەولێر- برایەتی- شەقامی 40مەتری

0750 328 6712
0770 037 6713
www.bailine.com

# بای لاین










**مانگێک و ١٠ ڕۆژە مانی گرتووە و هەفتەی داهاتوو لەژێر خێوەت منداڵی دەبێت**


warvin.press@yahoo.com

WARVIN.ORG

خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر:

**لەنجە عەبدوڵڵا**

Lanjaebdulla@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر:

**تەنیا کوردی**

tanya_kurdy@yahoo.com

بەڕێوەبەری نووسین:

**بەهرە حەمەڕەش**

behre2009@yahoo.com

**ئامەد:** دیلار سەولەدار

**قامیشلۆ:** لاڤە خالید

**بەغدا:** حەلا ناسر

**دوبەی:** سەنا کوردی

بەڕێوەبەری کارگێڕی

ڕێباز عەبدوڵڵا

٠٧٥٠٤٦٢٤٥٠٦

**ڕاوێژکاری یاسایی:**

فەوزیە فەقێ ڕەشید

بۆ ریکلام پەیوەندی بەم ژمارە بکەن:

mob:07504624506

Normal: 0662647813

**ڕاوێژکاری دەروونی:**

د. توانا عەبدولڕەحمان

**ناونیشان:** هەولێر - شاری خەونەکان

warvin.press@yahoo.com

وارڤین


www.metewe.com

# تاڵەبانی: دەوڵەت

## فەرید ئەسەسەرد:
## ئەگەر بارزانی لە بەغدابوایە وەک تاڵەبانی گوزارشتی دەکرد



جەلال تاڵەبانی سەرۆککۆماری عێراق ئەگەری دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بەشتێکی"نامومکین"لەقەڵەمدەدات. ئەو پێشتریش دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بە"خەونی شاعیرانە" زانیبوو. لەبەرامبەردا مامۆستایەکی زانکۆ رەخنەی توند لە لێدوانەکانی تاڵەبانی دەگرێت و لەوەڵامی ئەو کەسانەش کە لێدوانەکانی بارزانی و تاڵەبانی بەراورد دەکەن، سەرۆکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان دەڵێ"ئەگەر بارزانیش ببێتە سەرۆککۆمار پێویستە هەمان گوزارشتی تاڵەبانی بەکار بهێنێت".

جەلال تاڵەبانی سەرۆککۆماری عێراق

لەچەند رۆژی رابردوودا، سەرۆککۆماری عێراق جەلال تاڵەبانی لەلێدوانێکدا بۆ کەناڵی (تی ئارٍ تی)ی تورکی گوتی"ئەگەر پەرلەمانی کوردستان سەربەخۆییش رابگەیەنێت، دەوڵەتی کوردی ناتوانێ لەسەرپێ بمێنێتەوە".

تاڵەبانی گوتیشی:"ئەگەر وڵاتانی دراوسێ شەڕیشمان لەگەڵ نەکەن و تەنیا دەرگا سنوورییەکانیان داخەن، ئەوا دەرفەتی ژیان لەکوردستان لەکیس دەچێت".

دکتۆر کامەران بەرواری، مامۆستای کۆلێژی زانستە سیاسییەکان لەزانکۆی دهۆک، سەبارەت بەقسەکانی مام جەلال گوتی:"ئەو لێدوانەی مام جەلال هەمووانی تووشی شۆک کردو لێدوانێکی لەناکاوبوو بۆ گەلی کورد، لەکاتێکدا ئەمە جاری یەکەم نییە، تاڵەبانی لێدوانی لەو شێوەیە دەدات".

بەرواری گوتیشی"بەهەموو شێوەیەک دژی قسەکانی تاڵەبانیم". گوتیشی"بەپێچەوانەی قسەکانی ئەو، پێموایە دەوڵەتی کوردی مافێکی ئاسایی گەلی کوردەو خەونی شاعیرانە نییە، وەک ئەو ئاماژەی بۆ دەکات، چونکە کورد سەدانساڵە خەبات لەوپێناوەدا دەکاتو ئێستاش لەهەموو کاتێک زیاتر هەلی دروستبوونی ئەو دەوڵەتە رەخساوە". سەبارەت بە فاکتەرەکانی هاتنەدی ئەو ئاواتە گوتی"پێکهاتەکانی بوون بەدەوڵەتیش لەبەردەستدان، تەنیا راگەیاندنی ئەو دەوڵەتە ماوە".

کامەران بەرواری، هۆکاری ئەو لێدوانەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە، کە تاڵەبانی دەیەوێت بەو شێوەیە دڵی دەوڵەتانی هەرێمی لەخۆی رازی بکات و پۆستەکەی لەدەستنەدات"ئەمەش

www.netewe.com

# ـــی کوردی خەونە

## د. مەحمود:
## قەزافیش دەوڵەتی کوردی پێ قبووڵە

بێئیرادەکردنی گەلی کوردو خەباتی چەندەها ساڵەیەتیو کارێکە مایەی قبووڵکردن نییە" .

ئەو مامۆستایەی زانکۆ، بەمشێوەیە، کاریگەرییە نەرێنەکانی ئەو لێدوانەی بۆ سەر تاکی کوردی خستەڕوو"ئەو لێدوانە کاریگەری زۆر خراپی دەبێت بۆ سەر تاکی کوردی، لەکاتێکدا دەبینێت کە گەورەترین سەرکردەی کوردو لەبەرزترین پێگەدا بڕوای بەدامەزراندنی دەوڵەتی کوردی نییەو بەخەونی شاعیرانەی دەزانێت، جگە لەوەی سووکایەتییە بەشاعیرانی کورد، لەبەر ئەوەی دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە خەونی لەمێژینەی شاعیرانی کوردە" .

تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە کەلە یەکی حوزەیرانی ١٩٧٦ بەرەسمی دامەزراوەو دروشمی"مافی چارەی خۆنووسینی" بەرزکردووەتەوەو لەئێستادا شانبەشانی پارتی دیموکراتی کوردستان حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەبات.

گوتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئازاد جوندیانی، لێدوانەکانی تاڵەبانی، بەلێدوانی لۆژیکی لەقەڵەمداو گوتی"کەسی سیاسی بەردەوام لەسەر شتی مومکین کار دەکات".

جوندیانی پرسیاری ئەوەی کرد"ئەگەر دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە لەڕووی سیاسییەوە مومکین بووایە، بۆ لایەنو حزبەکانی دیکە، جگە لەتاڵەبانی و حزبەکەی ئەو دەوڵەتە ڕاناگەیەنن؟ بەڵام دیارە لەئێستادا ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی مومکین نییە، بۆیە کەس ئەو دەوڵەتە ڕاناگەیەنێت و بارودۆخی کوردستانیش لەڕووی جیۆپۆلۆتیکییەوە بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەت زۆر مەترسییدارە" .

گوتیشی"ڕاگەیاندنی ئەوەی دامەزراندنی نامومکینە، بەو مانایە نییە، ئەوە خەونی تاڵەبانی نییەو بەشێک نییە لەئایندەو دونیابینی ئەو، بەڵکو ئەوە خەونی هەرەگەورەی مام جەلالەو هەر لەو پێناوەشدا خەباتی چەندان ساڵەی کردووە" .

تاڵەبانی، لەسەرەتای تەمەنیەوە لە تافی لاوێتیدا تێکەڵی سیاسەت بووەو لەشۆڕشی ئەیلول بەشداریکردووەو لەدوای شکستی ئەو شۆڕشەش، لەدایکبوونی هێزێکی نوێی چەکداری بۆ دەستپێکردنەوەی شۆڕش ڕاگەیاندووە.

گوتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، ئەوەی ڕەتکردەوە، ئەو لێدوانە کاریگەری نەرێنی بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی و سایکۆلۆژیای تاکی کوردی هەبێت"ئەو جۆرە لێدوانە هیچ کاریگەرییەکی خراپی نییە، بەڵام هەندێک لایەن ئەوە دەقۆزێتەوەو بەجۆرێکی دیکە خوێندنەوەی بۆ دەکات".

جوندیانی نەیشاردەوە"ئەگەر مەبەست لەو لێدوانە بۆ ڕازیکردنی دەوڵەتانی دراوسێ بێت، ئەوەش بەمەبەستی دوورخستنەوەیان لەو خەیاڵەو نەهێشتنی مەترسییە لەسەر کورد" .

جێگری سەرۆکی پارتی چارەسەری کوردستان، نەجیبە محەممەد، بەمشێوەیە بیروڕای خۆی لەسەر لێدوانەکانی تاڵەبانی خستەڕوو:"کێشەی کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان پێویستە بەگوێرەی تایبەتمەندی خۆی چارەسەر بکرێت و لەسەر بنەمای کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی بتوانن ناوەندێکیان هەبێت بۆ پەیوەندییکردن بەیەکەوەو لەو ناوەندەدا کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان ئیرادەی خۆیان کۆبکەنەوە، بەبڕوای من ئەمەش لەدەوڵەت گەورەترە" .

نەجیبە محەممەد، بەمشێوەیە لێدوانەکانی تاڵەبانی خستە ژێر نەشتەری ڕەخنەوە"هەر لێدوانێک ئیرادەی میللەتی کورد لاواز بکات، کاریگەری نەرێنی دەبێت، بەپێچەوانەوە دەبێت ئامانجمان لەدەوڵەت گەورەتربێ و زیاتر هەوڵی بۆ بدەین".

لەرابردوودا لەکاتی سەردانەکانی بۆ تورکیا، تاڵەبانی چەندینجار ئەوەی ڕەتکردووەتەوە کورد هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی لەهەرێمی کوردستان دابێتو ئەو پرسەی بە"خەیاڵی شاعیرانە" وەسفکردووە.

پەریزاد شەعبان، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەلیستی هاوپەیمانی کوردستان، بە (وارڤین)ی ڕاگەیاند:"گەلی کورد لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، ئەنفال و کیمیابارانکرا، دامەزراندنی ئەو دەوڵەتەش خەون نییەو ئێستا هەنگاو بەهەنگاو بەرەودامەزراندنی ئەو دەوڵەتە دەچین" .

هەندێک لەوبڕوایەدان لێدوانەکانی تاڵەبانی زیاتر بۆ ڕازیکردنی دەوڵەتانی دراوسێیەو ئەو لێدوانانەی تاڵەبانی بە"برینێک لەجەستەی کورد" وەسف دەکەن، وەک ئەوەی پەریزاد گوتی"ئەو لێدوانانەی تاڵەبانی بووەتە برینێک لەسەر جەستەی تاکی کوردی و ئینتیماو خۆشەویستی بۆ نیشتمان کەمکردووەتەوە، جگەلەوەی بۆ ڕازیکردنی دەوڵەتانی دراوسێیە" .

هاوکات کەسایەتی سیاسەتمەداری کوردو ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دکتۆر مەحمود عوسمان، نیگەرانی خۆی لەلێدوانەکەی تاڵەبانی نەشاردەوەو گوتی:"قسە کردن بەو شێوە ڕەهایە لەوبارەیەوە کارێکی نادروستەو نابێت بەهیچ مەبەستێک و لەژێر هیچ ناوێکدا لێدوانی لەو شێوەیە بدرێت، چونکە میللەتی کورد بەشێوەیەکی گشتی کاریگەر دەبێت بەقسەی لەو شێوەیە، بەتایبەتی ئەگەر بێت و ئەو قسەیە سەرکردەیەکی کورد بیکات، لەکاتێکدا سەرکردەیەکی عەرەبی وەک قەزافی، دروستبوونی دەوڵەتی کوردی، بەمافێکی ئاسایی دەزانێت بۆ کورد".

بەپێچەوانەی بۆچوونی مەحمود عوسمان،

www.netewe.com

سەرۆکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان فەرید ئەسەسەرد، گوتی" زیادەڕۆییە ئەگەر بوترێت کاریگەری هەیە، چونکە نەحکوومەتی هەرێم و نە دوو حزبەکەو نەهیچ لایەنێکی دیکە بەرنامەیەکی نەتەوەیی لەوجۆرەیان نەخستوەتەڕوو، ئەرکی سەرەکی ئێستای کوردو ئەولەویەتی کارەکانی لەم قۆناغەدا گێڕانەوەی ناوچەدابڕاوەکانەو باشتریش ئەوەیە کە باسی شتێک نەکرێت زیان لەو ئەولەویەتە بدات".

گوتیشی:"راستە لەئێستا هەلومەرجی دروستبوونی ئەو دەوڵەتە رەخساو نییە، بەڵام مافێکی زۆر ئاسایی گەلێکە کەچەندەها ساڵە خەبات بۆ ئەوە دەکات".

هاوکات هاووڵاتی ئامین حەسەن، ٧١ ساڵ، تاڵە سپییەکانی قژی لەگەڵ سەرپۆشە سپییەکەی جیا نەدەکرایەوە، بەم تەمەنەوە هیوایەکی زۆر لەچاوەکانی بەدیدەکرا، ئامینە کە هاوسەرەکەی و دوو کوڕی شەهیدی رێی ئازادی کوردستانن و پێشمەرگەی یەکێتی نیشتیمانی بوون دەڵێ"هەموو ئاواتێکم ئەوەیە کە سەربەخۆیی کوردستان ببینم. مام جەلالم بەقەد هەردوو چاوەکانم خۆشدەوێ، بەڵام ئەو زۆرکات بەقسەکانی دەمانڕەنجێنێت، تووڕەم لەقسەکانی بەرامبەر بەسەربەخۆیی کوردستان. مام جەلال دەڵێ خەونەو منیش منداڵەکانم لەو پێناوەدا چوون".

سەرەڕای لێدوانەکانی تاڵەبانی هەندێک کەس و لایەن لەوبڕوایەدان پێویستە لەئێستادا کاری زیاتر بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە نەتەوەییە بکرێت، وەک ئەوەی سکرتێری حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان محەممەدی حاجی مەحمود گوتی"ئێمە وەکو کورد پێویستە کار بکەین بۆ هێنانەدی ئەو خەونە نەتەوەییەو رەنگە کاتی نەهاتبێت، بەڵام کورد هەر بۆ ئەوە خەباتی کردووە، هەرچەندە ئاسانیش نەبێت".

گوتیشی"پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کورد کار بۆ ئەوە بکاتو هەروەک ئەوەی لەرابردوودا ئەو سەرکردایەتییە شوێنپێیەکی لەکوردستان نەبوو، بەڵام ئێستا ئەم دەستکەوتانەی بەدەستهێناوە، بەوشێوەیەش پێویستە کار بۆ ئەوە بکرێت، کورد ببێتە خاوەن دەوڵەتی خۆی".

جگە لەکورد هەریەک لە تورک، فارس و عەرەبەکان خەونی گەورەیان هەیەو تائێستاش تورکەکان خەون بەوەوە دەبینن ویلایەتی موسڵ بگێڕنەوە سەر خاکەکەیان و فارسەکانیش بەدوای گێڕانەوەی شکۆی ئیمپراتۆرەیەتە کۆنەکەی خۆیانەوەنو عەرەبەکانیش داوای گێڕانەوەی قودس و ئەندەلووس دەکەن.

ئەسەسەرد، خەون بینین بەئاسایی دەزانێت و پێیوایە لایەنی بەهێز خەونی بەهێزی هەیەو لاوازیش ئەگەرچی خەونی هەیە، بەڵام خەونی بەهێزی پێنایەتەدی و وای بەباش دەزانێت"کورد ئەگەر خەونی بەهێزی هەیە باشتروایە ئەو خەونەی باس نەکات"، هەرچەندە دەڵێ"کورد بێهێزەو بەبێهێزیش خەونی بەهێز نایێتەدی، چونکە ئەوە تورک و فارسەکانن تائێستا بەو هەموو هێزەی هەیانە نەیانتوانیوە خەونە گەورەکانییان بەدیبهێنن".

سەبارەت بە لێدوانەکانی تاڵەبانی، محەممەدی حاجی مەحمود گوتی"رەنگە ئەو وەک سەرۆکی هەموو عێراق ئەو قسانەی کردبێت و وەک سەرۆکیش ئیلتیزاماتی زیاترەو مەسئولیەتی عێراق بەتەنیا هی کورد نییە، بەڵکو بۆ عەرەب، تورکمان، ئاشووری و کلدانیشەو ویستوویەتی بۆچوونی گوزارشت لە بۆچوونی هەموو لایەک بکات".

سەبارەت بەهێزی بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان لەو بارەیەوە، گوتی"پەرلەمانی هەرێم پێکهاتووە لەحزبەکان و ئەوان کۆمەڵێ ئیلتیزاماتیان هەیە بەرامبەر بەعێراق و وڵاتانی هەرێمی و تەنانەت جیهانیش و ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر بڕیارەکانی".

لە بەشێکی لێدوانەکەیدا تاڵەبانی ئاماژەی بۆ ئەوە کردبوو ئەگەر پەرلەمانی کوردستانیش وەها بڕیارێک دەربکات ئەوا مەحاڵە کوردستانێکی سەربەخۆ لەسەرپێی خۆی بوەستێت، لەبەرامبەر ئەو لێدوانەدا ئەندامی پەرلەمانی کوردستان دڵشاد شەهاب دەڵێ"هەرچەندە ئاگاداری ئەو لێدوانەی سەرۆککۆماری عێراق نیم، بەڵام پرسی سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردی مافی نەتەوەی کوردەو ئێمە خەونی دامەزراندنی دەوڵەتمان هەیەو پەرلەمانی کوردستان جێگەی یەکلاکردنەوەی ئەو پرسەیەو تائێستا پەرلەمانیش ئەو پرسەی نەخستووەتەڕوو".

ئاواز کەریم تەمەن ٢٤ ساڵ خوێندکاری دواقۆناغی زانکۆ، بەشی زمانی کوردی لەبارەی قسەکانی سەرۆککۆماری عێراقەوە دەڵێ:"مام جەلال بەمەبەست ئەو قسانە دەکات. بەڵام دەبێ راوێژکارەکانی ئاگاداربن و بزانن و پێیبڵێن کە ئەو قسانەی بەڕێزیان زیان بە بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد دەگەیەنێت".

بەبڕوای سەرۆکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان فەرید ئەسەسەرد، تاڵەبانی لەبەرئەوەی بۆ کەناڵێکی تورکی قسەی کردووەو وەک سەرۆککۆماریش قسەی کردووە نەک سکرتێری یەکێتی دەستوور ئەوەی لێدەخوازێت پارێزەری یەکپارچەیی عێراق بێت و کار بۆ جیاکردنەوەی پارچەیەکی عێراق نەکات. جگە لەوەش ئەسەسەرد گوتی"ئەرکی تاڵەبانی لەو پۆستەدا ئەوەیە نیگەرانی و مەترسی وڵاتانی دراوسێ بڕەوێنێتەوە".

سەبارەت بەکاریگەری ئەو لێدوانانە لەسەر حوکمی مێژوو بەسەر تاڵەبانیدا، ئەمە لەکاتێکدا کە هەندێک کەس بۆچوون و لێدوانەکانی بارزانی و تاڵەبانی بەراورد دەکەن ئەسەسەرد گوتی"هەر بەرپرسێکی کورد بچێتە بەغدا دەبێ بەو شێوەیە مامەڵە بکات. کاتی خۆی کە تاڵەبانی چووە بەغدا بەسەرکردایەتی سیاسی کوردی گوتووە، ئەو لەپۆستی سەرۆککۆماریدا جلوبەرگی کوردی لادەبات و بەرگی عێراقی دەپۆشێت و نابێ ئەو لێدوانانەی تاڵەبانی بەخراپ راڤە بکرێن، چونکە ئەو لێدوانانە پەیوەندییان بەبیرکردنەوەو دنیابینی تاڵەبانییەوە نییە هێندەی ئەوەی پەیوەندییان بەپۆستەوە هەیە".

ئەسەسەرد گوتیشی"ئەگەر سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی لەپۆستی سەرۆککۆماری عێراق بوایە، ئەوا پێویستبوو، هەمان گوزارشتی تاڵەبانی بەکاربهێنێت، چونکە ئەوە پۆستە دیاریدەکات تۆ دەبێت چی بڵێیت و بارزانی لەپۆستی سەرۆکی هەرێمدا کە وشەی کوردستانی لەگەڵە دەستی کراوەترەو پۆستەکەی رێگەی پێداوە ئەو جۆرە لێدوانانە بدات".

عایشە سوارە، ٦٨ ساڵ کەلە رێکخستنی نهێنی ناوشار کاری کردووەو ئەندامێکی کۆنی یەکێتی نیشتیمانییە بەنیگەرانییەوە دەڵێ:"بەڕێز مام جەلال دەبێ لەبیرنەکات ئێمەش وەک هەموو نەتەوەکانی دیکە مافی راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستانمان هەیە. بەڕێز مام جەلال، دەبێ خودی خۆی لەدژی ئەو قسانە بێت نەوەک خۆی بیانکات".

**ئەرسەلان رەحمان — بۆکان هیوا**

www.netewe.com

# لەبەرئەوەی موسڵمانەکان ئاوڕیان لێنادەنەوە بوونەتە مەسیحی

**سێ خێزانی پەناخوازی بە رەگەز ئێرانی کە حەوتیان منداڵە دوو مانگە لەعەینکاوە مانیان گرتووەو داوای مافی پەنابەری لەوڵاتی سێهەم دەکەن. هاوکات یەکێک لەو پەناخوازانە گلەیی لە موسوڵمانەکان دەکات و دەڵێ لەبەرئەوەی ئاوڕیان لێنەداوەتەوە بووەتە مەسیحی.**

ئەو سێ خێزانە لەژێر خێمەیەکدا کە کڵێسەیەکی عەنکاوە بۆی دابینکردوون ژیان بەسەردەبەن. ئەو سێ خێزانە دەڵێن کە بۆ ئەوەی هاریکاری بکرێن چەندجارێک سەردانی پارێزگاریی هەولێریان کردووە. سەردانەکەشیان بۆ ئەوە بووە کە هاریکارییەکی سەرەتایی بکرێن بۆ ئەوەی منداڵەکانیان لەسەرمای دەستپێکردووی زستان بپارێزن، بەڵام وەک یەکێک لە پەناخوازەکان بەناوی سەعدی عەلی پەنا ٣٦ ساڵ گوتی"دەستی دەستییان پێکردووین". بۆیە سەعدی گوتی"لە وڵاتێکی موسوڵمانین کەچی کڵێسا خێمەی پێداوین. لەداخانیشدا من بوومەتە مەسیحی".

وەک گوتیان ئـەوان لـەپـاش بێئومێدبوونیان لەرێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و حکوومەتی هەرێم لە رۆژی ٢١-٩ وە بڕیاری مانگرتنیان لەبەردەم رێکخراوی PAC داوە. PAC رێکخراوێکی ناحکوومی لۆکاڵییە کە تایبەتە بەکاروباری پەنابەران.

ئـەو سـێ خێزانە کـە خـاوەنـی حـەوت منداڵن تائێستا هیچ لایەنێکی پەیوەندیداری حکوومی ئاوڕی لێنەداونەتەوە. هەفتەیەک لەمەوپێشیش نوێنەری UNHCR لەگەڵیان کۆبووەتەوە بەڵام وەک دەیانگوت"هەمان ئەو قسانەی بۆ دووبارە کـردوویـنـەتـەوە کە لێیبێزاربووینە" هـەروەهـا گوتیشی:"سەرەتا پێنج خێزان بووین، بەڵام لەو کۆبوونەوەیەدا قەناعەتیان بەدووانمان هێنا کە ئێستا ئەوانیش لەشکاندنی مانگرتنەکەیان پەشیمانن".

سەعدی، دەیگوت کە بۆ ئەوەی وەک ئاژەڵ مامەڵەیان لەگەڵ نەکرێت و ببنەوە بەمرۆڤ دەمانەوێت بڕۆنە وڵاتی سێهەم. ئەو خاوەنی چوار منداڵەو خێزانەکەشی"لەم هەفتەیەدا منداڵێکی دیکەی دەبێت". دەشیگوت:"تاکە هۆکاری مانگرتنەکەمان هەر ئەوەیە ببینەوە مرۆڤ و هیچی تر".

یەکێک لەپەناخوازانی دیکە ژنێک بوو کە خەڵکی شاری مەریوانی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو. ئەو گوتی:"بەهۆی قاچاخبوونی مێردەکەم لەئێراندا ناچاربووین لەپێنجساڵی رابردووەوە بێینە هەرێمی کوردستان". پەخشان رەفیق تەیب ٣٢ ساڵ، ئەوەشی نەشاردەوە لەپێناو مانگرتنەکەیان سێ لە منداڵەکانی کە خوێندکارن"ئەوە بۆ ماوەی مانگێک و دە رۆژە لەخوێندن بێبەشبوون".

پەخشان"سکی پڕە"و رەنگە لەو هەفتەیەدا هەر لەناو ئەو خێمەیەدا کە مەسیحییەکان پێیانداوەو بۆتە ماڵی هەمیشەییان سکەکەی دابنێت"منداڵێکیترمان لەپەنابەریدا لەدایکدەبێت کە مافی وەگرتنی رەگەزنامەی ئەو وڵاتەی کە تێیدا لەدایک بووە، نییە".

هـەرچـەنـدە هـەوڵـمـانـدا ژمـارەیـەکـی دروستـی پەنابەرانمان دەستبکەوێت لە هەرێمی کوردستان کەچی هەوڵەکانمان بێئاکام بوون، بەڵام بەهەزاران پەنابەر لێرەدا ماونەتەوە کەلە دۆخێکی ناهەمواردا دەژین و تائێستاش چارەنووسیان نادیارە.

هەمووشیان جگەلە بەڵگەنامەی مانەوە ناتوانرێت وەک پەنابەر بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. عومەر هەورامی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەوبارەیەوە دەڵێ"ئەوە یەکێکە لەکێشەکانمان کە تائێستا بۆمان چارەسەر نەکراوە. چوونکە ناتوانین بەڵگەنامەی پەنابەرییان پێبدەینو بەپێی یاسا لەپاش ١٥ ساڵ مانەوەیان ببنە هەڵگری رەگەزنامەی عێراقیو وەکو هاووڵاتییەکی عێراقی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت".

ئەو هۆکارەکەی گەڕاندەوە بۆ "شیعەو سونەکان" کە دەڵێن بەو بیانووەی"دەسەڵاتی هەرێم بەبەرنامە لـەدەرەوەی عێراق بۆ زیادکردنی ژمـارەی کورد خەڵک دەهێنن تا لەئاکامدا رێژەی دانیشتووانی خۆیانی پێ بەرز بکەنەوە". بۆیە هەرەوشە لە هەرێم دەکەن و دەڵێن"ئێمەش عەرەبی شیعە لەئێرانو سونەش لە وڵاتە سونە مەزهەبەکان دێنینە عێراق و پاش چەند ساڵێکیش رەگەزنامەیان پێدەدەین".

سـەعـدوڵا زولـفـەقـاری٤٨ سـاڵ، یەکێکیترە لە پـەنـاخـوازەکـان و خمنداڵێکی هەیە"کەسێکی سیاسی بوومەو ژیانم لەو پێناوەدا خەرجکردووە، بەڵام منداڵەکەم هیچ تاوانێکی نییەو دەمەوێ چارەنووسێکی دیاری بۆ دابینبکەم، بۆیە بەهیچ شێوەیەک نامەوێ لەوڵاتێکدا بمێنمەوە کە ناتوانێ یاساکانی خۆی جێبەجێ بکات". هەروەها گوتی"تا دیاریکردنی چارونووسێکی دیار لەمانگرتن بەردەوام دەبم و نایشکێنم".



www.netewe.com

# باسکردنی مەسیحییەت لەقوتابخانەیەکی ئەهلی وەزارەتی پەروەردە توڕە دەکات



ساکار ڕۆستەم

مامۆستایانی قوتابخانەی"میدیای تایبەت" گوتنەوەی وانەی مێژوو لەڕوانگەی ئایینی مەسیحی لەقوتابخانەکەیان ڕەتدەکەنەوەو بەپڕوپاگەندە لەقەڵەمی دەدەن، وەزارەتی پەروەردەش دەڵێت ئەوان هەڵەیانکردووەو ئێمەش بەرەسمی ئاگادارمان کردوونەتەوەو بەرپرسی ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف بەپێچەوانەی وەزارەتی پەروەردە، دەڵێت بەهیچ جۆرێک پرۆگرامی ئەو قوتابخانەیە ئینجیلی نییە.

تایبەت

**مێژوو لەڕوانگەی مەسیحییەتەوە**

٢١ی ئەیلولی ٢٠١٠ داواکــــاری گشتی سکالایەکی لەسەرقوتابخانەی"میدیای تایبەت" تۆمارکردووە کە تێیدا هاتووە"مامۆستایانی ئەو قوتابخانەیە وانەی مێژوو لەڕوانگەی ئایینی مەسیحی بە قوتابیان دەڵێنەوە"، بەڵام مامۆستایانی ئەو قوتابخانەیە ڕەتیدەکەنەوەو بەپڕوپاگەندەی لەقەڵەمدەدەن.

**"ئەو قسانە پڕوپاگەندەن"**

بەڕێوەبەری قوتابخانەی میدیای تایبەت نەهلە جەرجیس بەوارڤینی ڕاگەیاند، قوتابخانەکەیان ماوەی ١٠ ساڵە لەدامەزراندنی هیچ کێشەیەکی نەبووە، ئەو باسی لەوەکرد کەسانێک هەن دەیانەوێت کێشەیان بۆ دروستبکەن"ئەو قسانە هەموو پڕوپاگەندەن لەدژی قوتابخانەکەمان". گوتیشی"لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە پەیوەندیمانکردووە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە".

**سیستەمی قوتابخانەکە**

قوتابخانەی میدیای تایبەت، بەمۆڵەتی وەزارەتی پەروەردە لە ٢٠٠٤ لەهەولێر، لەسلێمانی ٢٠٠١و لەدهۆک ٢٠٠٢ دامەزراوە، قوتابخانەیەکی نموونەیی نێودەوڵەتییە، پرۆگرامی خوێندنیان تایبەتەو لەئەمریکاوە وەرگیراوە، بەڵام پەیوەندییان بەوەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێم هەیە، لەهەولێر تاقۆناغی ٦ ی سەرەتایی هەیە، سیستەمی خوێندن تێیدا بەزمانی ئینگلیزییە، هەروەها وانەی کوردی، عەرەبی، کۆمەڵایەتی و مێژووی کورد بەزمانی کوردی دەخوێندرێت، وەک بەڕێوەبەری قوتابخانەکە ئاماژەیدا لەڕووی ماددییەوە کەمترین پارە وەردەگرن لەچاو قوتابخانە تایبەتییەکانی دیکە.

ئەو قوتابخانەیە ساڵانە ژمارەیەک قوتابی وەردەگرێت زۆربەشیان منداڵە موسڵمانن لەمبارەیەوە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە گوتی"لەساڵانی پێشوو هەموو ساڵێک ٦٠ قوتابیمان وەردەگرت، بەڵام پار ١٢٠و ئەمساڵ ١٨٠ قوتابیمان وەرگرتووەو زۆربەیان موسڵمانن". قوتابخانەی میدیای تایبەت، ٢٥ مامۆستای هەیە، ١٣ موسڵمان، ١٢ مەسیحین. مامۆستا نەهلە گوتیشی"زۆربەی مامۆستاکانمان موسڵمانن".

**"یەکێتی زانایان سەردانیان نەکردووین"**

بەڕێوەبەری قوتابخانەی میدیای تایبەت، سەبارەت بەوەی لەلایەن یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستانەوەو سەردانکرابن، گوتی"کەس نەهاتووە بۆ قوتابخانەکەمان و تەنیا ٢ دادوەر هاتوون لەداواکاری گشتی، ئەوانیش پرۆگرامەکەیان بینیو بۆیاندەرکەوت هیچ کێشەیەکی نییە".

**مێژوو باسکراوە**

لەسیستەمی خوێندنی هەموو قوتابخانەیەکدا وانەی مێژوو هەیە، هەر لەنێو ئەو وانەیە باس لەبیروباوەڕو قۆناغی سەرهەڵدانی ئایینەکان دەکات، ئایینی مەسیحیش یەکێکە لەو ئایینانەی، لەمێژوودا باس لەقوناغەکانی کراوە. مامۆستا لیندا، کەماوەی ٥ ساڵە لەو قوتابخانەیە مامۆستایە، گوتی"ئەو کتێبەی ڕەخنەیان لێگرتووە، کتێبی مێژووی جیهانییەو بەگشتی باسی میللەتان دەکات، هەروەها باس لەشارستانییەت و بیروباوەڕی میللەتان بەشێوەیەکی گشتی دەکات، بەڵام وانەی ئایینمان نییە، نە بۆ قوتابیانی موسڵمان و نە بۆ مەسیحیش".

لیزا، ١١ساڵ، قوتابی پۆلی پێنجەمی سەرەتاییە لەو قوتابخانەیە، ئەو قوتابخانەکەی بەلاوە خۆش بوو، گوتی"مێژوومان باسی عێراق، میسر، ڕۆمان و سەردەمی کۆن دەکات".

کەریم ١٠ ساڵان قوتابییەکی دەم بەخەندەبوو، ئەو بەدەم پێکەنینەوە دەیگوت"قوتابخانەکەمان زۆر خۆشە، لەهەموو دونیادا

www.netewe.com



**وێنەی قوتابی قوتابخانەی میدیای تایبەت لە کاتی وانە خوێندندا**

نییە، وەک قوتابخانەکەمان بێت"، ئەو دەڵێ هەر ساڵێک باسی مێژووی میللەتێک دەکەن،"ئەمساڵ وانـەی مێژوومان باسی عێراقی کۆن دەکات".

### "دەستێکی سیاسی لەپشتەوەیە"

زۆرینەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان موسڵمانن، ئیسلام لـەسـەر دابونەریت و بیرکردنەوەی خەڵک رەنگدانەوەیەکی بەرچاوی هەیە، جگە لەئیسلام هەریەک لەئایینەکانی ئێزدی، کاکەیی، مەسیحی پەیڕەوکارانی خۆیان هەیە، لەکابینەی حکوومەتدا وەزارەتێک، تایبەت بەڕێکخستنی کاروباری ئایینەکان هەیەو ئەو وەزارەتـە بەڕێوبەرایەتی تایبەتی بۆ رێکخستنی کاری ئایینەکانی دیکە هەیە. بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتـی ئـەوقـاف مەریوان نەقشبەندی، ئـامـاژەی بـەوەکـرد، خۆی سەردانی قوتابخانەی میدیای کردووەو تەواوی کتێبەکانی لایەو ئەوە رەتدەکاتەوە پرۆگرامی خوێندنی ئەو قوتابخانەیە تەبشیریی بێت و گوتی:"تەحەدای هەر کەسێک دەکەم بڵێت کە کتێبەکانی ئەو قوتابخانەیە، تەنیا یەک لاپـەڕەی ئینجیلی تێدایە، ئەگەر وابێت ئەوکاتە دەتـوانـن هێرش بکەنەسەر ئەو قوتابخانەیە".

ئـەو گوتیشی:"گومانم لـەوەیـە کە ئەمە دەستێکی سیاسی لەدواوەیەو شتێکی واقیعی نییەو هەوڵێکە بۆ شێواندنی ئازادی ئایینی لەهەرێمی کوردستان".

ئەوباسی لەوەکرد، دوای ئەوەی لەرۆژنامەیەکی کوردی ئەو پرسە بلاوکرایەوە"بەمانشێتێکی ئیستفزازی دادەنێم"، چەندین کەناڵی دژ بەکورد لـەدەرەوە ئەوەیان بەهەلزانی بۆ ئـەوەی ئاراستەکە بـەرەو ئـەوە ببەن کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان رێگە دەدات کە منداڵی موسڵمان بەرەو ئایینی مەسیحی ئاراستەبکرێن.

### رۆڵی وەزارەتی پەروەردە

لەهەرێمی کوردستان دەبێ هەموو قوتابخانەیەک لەسەر پرۆگرام و رێنمایی وەزارەتی پەروەردە بڕوات جا حکوومی بێت یان تایبەت وەگەر نا بەپێچەوانەوە لێپێچینەوەی توندیان لەگەڵ دەکرێت. بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی پەروەردە ئیسماعیل بەرزنجی، روونیکردەوەو گوتی"قوتابخانەی میدیا لەپرۆگرامەکان و رێنمایی وەزارەتی پەروەدە لایانداوە".

گوتیشی:"وەک وەزارەتی پەروەردە ئاگادارمان کردوونەتەوەو بەشێوەیەکی رەسمی، ئەگەر ئەوە دووبـارە ببێتەوە ئەوا لێپێچینەوەی توندیان لەگەڵ دەکەین".

ئەوەشی روونکردەوە کە وەزارەتی پەروەردە، رێگە نادات بیروباوەڕی توندڕەوی بێتە ناو پرۆگرامی خوێندن جا هەر بیروباوەڕێک بێت، گوتی"لەهەر وانەیەک بیروباوەڕی توندڕەوی تێدابێت رێگری دەکەین".

بەڕێوەبەری قوتابخانەی میدیای تایبەت نەهلە جەرجیس لەکۆتایی قسەکانی گوتی"تەواوی کتێبەکان و سیستەمی خوێندنمان بۆ وەزارەتـی پـەروەردە نـاردووەو ئەوانیش دەتوانن دیراسەی بکەن، تا دڵنیابن کە سیستەمەکەمان کێشەی هەیەیان نا"

www.netewe.com

# ژنە پارێزەرێک داوا دەکات ڕێکخراوەکان کێشەی ژنان بگەیەننە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی

**ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤی سەر بەرێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان زیاتر لەسەدو پەنجا ڕاسپاردەی ئاراستەی عێراق کردووە بۆ ئەوەی کاریان لەسەر بکات، بەڵام لەهەرێمی کوردستان تائێستا بایەخی ئەوتۆ بەو ڕاسپاردانە نەدراوە ئەندامێکی لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی هەرێم هیچ زانیارییەکی لەوبارەیەوە نییە، ژنە پارێزەرێکیش داوادەکات ڕێکخراوەکانی ژنان کێشەکانیان بگەیەننە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.**



ئاڤان فارس جاف

**هەولێر**

UPRمیکانیزمی خستنەڕووی خولی گشتگیر ناسراو بە یو.پی.ئارUniversal" Periodic Review "شێوازێکی نوێی کارکردنی ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکانە. لەو ڕێگەیەوە تیمێکی سێ کەسی لەهەر وڵاتێکدا پێکدەهێنریت، ئەم خولە بەخوێندنەوەی ڕاپۆرتی هەر وڵاتێک دەستپێدەکات و پاشان کۆمیسیارییەتی مافەکانی مرۆڤی سەر بەنەتەوەیەکگرتووەکان ڕاپۆرتی خۆی و ڕاپۆرتی لایەنی بەرژەوەندیدارو پوختەی ڕاپۆرتی لایەنی دیکەی ناحکوومی وەک ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەخرێنەڕوو، پاشان نوێنەری وڵاتەکە پرسیاری لەلایەن نوێنەرانی دیکەوە لێدەکرێت و ڕاسپاردەی پێدەگوترێت و جەختی لەسەرئەوە لێدەکەنەوە کە پێویستە پابەندی بەڵێنەکانی بێت و ڕاپۆرتێکیش لەوبارەیەوە بۆ ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ بەرزدەکرێتەوە.

ئەم سیستەمە لە ٢٠٠٦وەوە هەر چوارساڵ جارێک پەیڕەودەکرێت. بەشێوەیەکی خولی هەر شەش مانگ جارێک دەوڵەتێکی بەشداربوو سەرپەرشتی ئەو خولە دەکات، لەئێستادا نوێنەری عێراق بەرپرسیاریەتی ئەو دامەزراوەیە دەکات.

## کێ بەشدار دەبێت؟

وێڕای وڵاتانی ئەندام هەریەک لەدامەزراوە مەدەنی و نێودەوڵەتییەکان، بەشداری لەو خولەدا دەکەن. ڕاهێنەری بواری کۆمەڵگای مەدەنی هۆگر چەتۆ، باس لەگرنگی بەشداربوون لەودامەزراوەیەدا دەکات و ڕای وایە بەشداربوون لەو دامەزراوەیەدا کێشەکان بەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەگەیەنێت. هۆگر، بەنیگەرانییەوە دەڵێ:"عێراق وەک دەوڵەتێک بەشدارە، بەڵام بەبێ گەڕانەوە بۆ هەرێمی کوردستان".

هۆگر، ئاشکرایدەکات حکوومەتی هەرێم گرنگینەداوە بەو ڕاپۆرتە کە کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەچارەسەرکردنی کێشەکان.

ئەو نەبوونی نوێنەرایەتی کورد و ڕاپۆرتی تایبەت بەهەرێمی کوردستان بەکێشەیەکی گەورە وەسفدەکات و ڕوونیدەکاتەوە عێراق ڕاپۆرتی خۆی هەبوو لەو دامەزراوەیە، بەڵام هەرێمی کوردستان ڕاپۆرتی نەبوو، بەهاوبەشی چەند لاپەڕەیەکی کۆتایی ڕاپۆرتەکە بۆ هەرێم بوو.

لە ٢٢ی شوباتی ئەمساڵ بەئامادەبوونی ١٩٢ دەوڵەتی ئەندام لەکۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان، عێراق ڕاپۆرتی لەئەنجوومەنی مافی مرۆڤ هەبوو، دوای خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکە، وڵاتانی بەشداربووی ئەو خولە چەندین ڕاسپاردەیان ئاراستەی عێراق کردووە، بەشێک لەو ڕاسپاردانە پەیوەندییان بەپێشێلکارییەکانی جێندەری لەهەرێمی کوردستان هەبووە، بەگوێرەی ڕێنماییەکانی ئەو ئەنجوومەنە دەبێت لەماوەی چوار ساڵ بەرنامە بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕاسپاردانە دابنرێت.

ڕاهێنەرەکەی کۆمەڵگای مەدەنی دەڵێت"ئەو



www.netewe.com

# ...راسی کوردستان دەکەن

ولاتانەی دەیانەوێت کێشەکان چارەسەر بکەن و راسپاردەی گونجاو بۆ راپۆرتی ولاتی بەرامبەرو بەشداربوو دەخەنەڕوو".

جێگری ئەنجوومەنی تۆڕی دادپەروەری بۆ گیراوەکان شوان سابیر، لەخولی رابردووی ئەنجوومەنی مافی مرۆڤ ئامادەی ئەو خولە بووە روونیکردەوە، لەو خولەدا عێراق لەکۆی ئاراستەکردنی ١٧٦ راسپاردە ١٣٥ راسپاردەی قبوولکردووە، بەمشێوەیە، ( ٦ راسپاردە تایبەت بەپارێزگاریکردن لەژنو مندالّ، ٢٢ راسپاردە بۆ نەهێشتنی سزای لەسێدارەدان و هەڵگرتنی لەعێراق، ٦ راسپاردە لەبارەی ئەشکەنجەدانەوە، ١٣ راسپاردە رەخنە لەکوشتنی تاک دەگرێت و سەربەخۆبوونی دەسەڵاتی دادوەری دەخاتە ژێرپرسیارەوە، ١٠ راسپاردە تایبەت بەدادپەروەری و سەربەخۆیی قەزاو دادگاو یەکسانی).

ئەو بەشداربووەی خولەکە دەڵێت کاتێک باس لەعێراق دەکرێت یا راسپاردە پێشکەش بەعێراق کراوە، هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە، چونکە جگە لەئامادەبوونی چەند کەسێک له هه رێمی کوردستان وەک نوێنەری ڕێکخراوە ناحکومیەکان کەسێکی دیاریکراو بەرەسمی نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستانی نەکردووە.

### هەرێم راپۆرتی خولی گشتگیر ناناسێت

بەشداربووانی ئەو خولە باس لەوەدەکەن کە تائێستا لەهەرێمی کوردستان ئەو راپۆرتە نەناسراوە، هۆگر چەتۆ، دەڵێت:"جگەلە بەشێک لەراوێژکارانی وەزارەتی مافی مرۆڤ لەهەرێم لەکابینەی رابردوو، لایەنەکانی دیکە ئەو راپۆرتە ناناسن و نازانن راپۆرتێکی لەو چەشنەی گرنگ هەیە بۆ گەیاندنی کێشەکان".

لەوبارەیەوە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەلیژنەی مافی مرۆڤ تارا تەحسین، بێئاگایی خۆی لەبەرامبەر ئەو راپۆرتە دەربڕیو گوتی"لەداهاتوو ئەگەر هاتوو پێشکەشی پەرلەمان کرا، گرنگی پێدەدەین و هەوڵدەدەین راپۆرتی خۆمان پێشکەش بکەین و بەشداربین لەیادداشتکردنی راپۆرتی عێراق".

### خەتەنەو نامووس

ژمارەیەکی زۆر لەو راسپاردانەی ئاراستەی راپۆرتی خولی گشتگیری عێراق کراون، بابەتی خەتەنەکردنی کچان و کوشتنی ژنانە بەبیانووی نامووس، لەچەندین راسپاردە ئەوە رووبەڕووی عێراق کراوەتەوە.

نەرمین محەممەد، پارێزەر ئاماژە بەوەدەکات لەرێی پەیوەندییەکانیەوە ئاگاداری ئەو راپۆرتەیە، ئەو




دەڵێ"بەشێکی زۆری رێکخراوەکانی ژنان بازرگانی بەمەسەلەی ژن دەکەن، چەندین ساڵە تەنیا لەسەر چەند بابەتێکی مردوو کاردەکەن، نەهاتوون لەئاستی نێودەوڵەتی کاربکەن و دەنگی ژن بەئەنجوومەنی مافی مرۆڤ بگەیەنن".

گوتیشی"لەساتی پێشکەشکردنی راپۆرتی عێراق چەندین ولاتی بەشداربوو بەتوندی رەخنەیان لەعێراق گرتووە، بەوەی لەزۆربەی ناوچەکانی بەهەرێمی کوردستانیشەوە"خەتەنەکردنی کچانو کوشتنی ژن بەبیانووی پاراستنی نامووس بوونیان هەیە".



### پەرلەمانتارێکی سویدی بۆ وارڤین:

# داهاتووی کوردستان بە پێشڤەچوونی ژنەوە بەستراوەتەوە

تایبەت

ئـەندامی پـەرلـەمـانی سوید لەلیستی پارتی ژینگەی سەوز جەبار ئەمین لەهەڤپەیڤینێک لەگەڵ وارڤین دا دەڵێ"سیاسەتی بەرپرسانی هـەرێم لـەبـارەی کـەرکـووک لاوازەو بەدرێژایی ٧ سـاڵی رابـردوو بوێرییان لەبارەی ئەو پرسەوە کەمبووە" هـەروەهـا وایدەبینێت دادگـاو پەرلەمانی هەر یەک لەهەرێمی کوردستان، عـێراق، تورکیا، سعودیەو بەشێک لەوڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوین لەژێرکاریگەی حزبدان، بۆیە ئەنجامدانی تاوان و کوشتنی ژن درێژەی هەیە.

**خەونەکەی هاتەدی**

رۆژی١٩-٩-٢٠١٠، هەڵبژاردنی پەرلەمانی سوید بەڕێوەچوو. لەو هەڵبژاردنەدا ٥ پەرلەمانتاری کورد دەنگی پێویستیان بۆ بوون بەئەندامی پەرلەمانی ئـەو وڵاتـە بەدەستهێنا. یەکێک لەوانە لەلیستی پارتی ژینگەی سەوزی سوید جەبار ئەمین بوو. ئەو ١٠ ساڵە ئەندامی ئەو پارتەیە. جەبار ئەمین، لەو پارتەدا چەند ساڵێک لەپلەی ئەندامی سەرکردایەتی و ١٥ ساڵیش لەمیدیای سوید لەبواری کوردو مافی مرۆڤ وەک چالاکوانێک رۆڵی هەبووەو لەهەرێمی ئینێو (٧٠٠ کم لەباکووری ستۆکهۆڵم دووره) نیشتەجێیە. لەبارەی هەوڵدانی بۆ بوونی بەئەندامی پەرلەمانی سوید دەڵێ"لەساڵی ٢٠٠٦ خۆم بۆ پەرلەمان کاندیدکرد، بەڵام بەهۆی ئەوەی ٧ دەنگم لە ٤٪ (رێژەی دەنگی پێویست بۆ بوون بەئەندامی پەرلەمانی سوید) کەمبوو، نەمتوانی بچمە پەرلەمان. بەڵام وەک گوتی لە ١٩-٩-٢٠١٠ توانی ٨٪ـی دەنگەکان بەدەستبهێنێت و بەخەونەکەی بگات.

**پێگەی ژن**

سیستەمی سوید پاشایەتییە، بەڵام پاشا تەنیا رووکەشەو دەسەڵاتی سیاسی نییە، حوکمڕانی وڵات پەرلەمانییەو چوار ساڵ جارێک هەڵبژاردن دەکرێت، هەر کاندیدێک ٤٪ـی دەنگی هێنا، دەبێتە ئەندامی پەرلەمان. پارتی ژینگەی سەوزی سویدی لەساڵانی ١٩٨٠ دامەزراوەو سەرۆکی نییە، بەڵام دوو زمانحاڵی هەیە، زمانحاڵێکی ژنەو ناوی ماریا ویترستراندەو زمانحاڵێکی دیکەی پیاوە بەناوی پیتر بریگسۆن. لەبارەی رێژەی ژن لەو پارتەدا جەبار ئەمین دەڵێ"رێژەی ژن لەپارتی سـەوزی ژینگە لـەرووی ئەندام و دەنگدەرەوە لەپیاو زیاترە. لەپەرلەمانی سوید پارتی ژینگە ٢٥ کورسی هەیەو لەو رێژەیەدا ١٤ ژن و ١١ـی پیاون".

**دەوڵەتی کوردی**

ئەو پەرلەمانتارەی سوید دەڵێ"بەرنامەی پارتەکەمان پشتگیریکردنی خەڵک و نەتەوەی چەوساوەیە لەهەموو دنیا، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش سیاسەتی ئەو پارتە دارێـژراوە". لەبارەی هەڵوێستی ئەو پارتە بەرامبەر بەکورد، جەبار ئەمین گوتی:"پارتی ژینگەی سویدی بەفەرمی رایگەیاندووە خەڵکی کورد مافی خۆیەتی بڕیار لەچارەنووسی بدات، لەکۆنگرەو سیاسەتی ئەو حزبەدا پشتگیری لـەدۆزی کورد دووپاتکراوەتەوە. پشتگیری لەدەوڵەتی کوردی دەکـەن و داوای راپرسییەک بەهاوکاری یوئێن لەهەر چوار پارچەی کوردستان دەکەن، تابزانرێت کوردەکان دەیانەوێت لەگەڵ ئەو چوار وڵاتە بژین، یان پێویستە دەوڵەتی خۆیان هەبێت؟ هەڵوێستی پارتی ژینگەی سەوز وایکردووە زۆرترین خەڵکی ئەو نەتەوانەی چەوسێندراونەتەوەو هاووڵاتیانیان لەسوید نیشتەجێن، دەنگ بەو پارتە بدەن".

**بەرەی ئۆپۆزسیۆن**

لەسوید دوو هاوپەیمانی گەورە هەیە، ئەوانیش هاوپەیمانێتی راستڕەوەکانە کە هەریەک لەپارتی مەسیحی، پارێزگارانی سوید، پارتی گەل و پارتی سەنتەری سوید دەگرێتەوە. هەروەها هاوپەیمانێتی سەوزو سووری هەیە، پارتی سۆسیال دیموکرات، پارتی ژینگەی سەوزی سویدی و پارتی چەپ دەگرێتەوە. جەبار ئەمین، دەڵێ"نزیکەی ٤٦٪ ـی دەنگەکان پارتی هاوپەیمانی راستڕەوەکان بەدەستیانهێناوەو ئەوان حکومەتیان پێکهێنا، بەڵام پارتی سەوز و سور لەبەرەی ئۆپۆزسیۆن مانەوەو پارتی ژینگەی سەوزیش لەکۆی ٣٤٩ کورسی ٢٥ کورسی هەیە. ئەو وێڕای ئەوەی بەلایەوە گرنگە لەرووی ژینگەو پشتگیری میللەتانی چەوساوە، خزمەتی مرۆڤایەتی بکات، بەو هیوایەشە ئەزموونی چەندساڵەی کە لەو وڵاتە بەدەستی هێناوە، بیگوازێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان.

**داهاتووی هەرێم بە پێشڤەچوونی ژنەوە بەندە**

جەبار ئەمین، لەبارەی پرسی ژن باس لەوەدەکات، رێژەی توندوتیژی دژ بەژن لەسوید بەبەراورد لەگەڵ ئەفریقیاو ئاسیاو باشووری ئەورووپاو هەرێمی کوردستان، زۆرکەمە. ئەو دەڵێ ئەگەر بەرپرسانی هەرێم، حکومەت و حزبەکان، بیانەوێ هەرێمی کوردستان داهاتوویەکی باشی هەبێت، دەبێ رێژەی توندوتیژی بەرامبەر بەژن کەمبکرێتەوە. ئەو هۆکاری توندوتیژی بەرامبەر بەژنان بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە هەندێ نەریت لەکوردستان هەیەو مـاوەو تێیدا پیاو بڕیار لەسەر ژن دەدات و دەتوانی لەکاتی





جەبار ئەمین لەگەڵ پەرلەمانتارانی پارتی ژینگەی سەوز- پەرلەمانی سوید

جیابوونەوە منداڵی لێبسەنێتەوەو پیاوسالاری بکات، ئەوەش لەزۆر وڵاتانی دیکەی رۆژهەڵات هەیە، بەرپرسیاری یەکەمیش دەخاتە ئەستۆی بەرپرسانی هەرێم و حکوومەت و پارتە سیاسییەکان و دەڵێ دەبێ هەوڵی جددی بۆ نەمانی ئەو دیاردەیە بدەن. "پێویستە رێژەی ژن وەک وەزیر لەحکوومەت و پۆستی بالای حزبەکان زیاد بکرێت، نەوەک وەک ئێستای سیاسەتی پارتە سیاسییەکانی هەرێم، کە رێژەی ژن لەمەکتەبی سیاسی حزبەکان زۆر کەمەو تەنانەت یەکێک لەبریکاری پۆستە باڵاکانی حزب و حکوومەتیش بەژن نەدراوە، بۆیە ئەگەر سەرکردایەتی هەرێم و حزبەکان، هەنگاوی بنەڕەتی نەگرنەبەر، ناتوانرێت پرسەکە بچێتە پێشەوە".

## داواکاری گشتی لەحزب دەترسێت

دەستوورێکی دیموکراتی یەکێکە لەبنەماکانی سیستەمی سیاسی دیموکراسی، وڵاتان بەهۆی جێبەجێکردنی دەستوور دەتوانن حوکمرانی درووستیان هەبێت. لەبارەی دەستووری هەرێمەوە جەبار ئەمین دەڵێ"نابێ دەستوور تەنیا لەلایەن ٤ کەسەوە دابنرێ، پێویستە ئەو دەستوورە بخرێتە راپرسییەوە، تا خەڵک دەنگی بۆ بدات و خەڵک خۆی لەنێودا ببینێتەوە، چونکە ئەگەر بەو شێوەیە نەبێت، مەترسی دیکتاتۆرییەت لەسیستەمی حوکمڕانی هەرێم دروستدەبێت. لەبارەی سیستەمی دادگاکانی سویدیشەوە گوتی"دادگاکانی سوید بەهێزن، چونکە لەحزب و سەرۆکوەزیران ناترسن و یاسا چۆنە وەک خۆی جێبەجێی دەکەن. بەڵام وەک باسیکرد لەتورکیا، سوریا، ئێران، هەرێمی کوردستان و عێراق، دادگاکان سەربەرخۆ نین. لەهەرێمی کوردستان داواکاری گشتی لەحزبەکان دەترسێت، ترسەکەش لەوە دروستبووە ئەگەر وانەکەن لەپۆستەکەیان دووردەخرێنەوە، حزبەکان وایانکردووە بترسن". ئەو بەپێویستی دەزانێت داواکاری گشتی و دادگاکان بەئەرکی خۆیان لەبارەی کەمکردنەوەی توندوتیژی دژ بەژنان و تاوانەکانی دیکە جێبەجێ بکەن. ئەگەر بەوشێوەیە نەبێت ئەوا"توندوتیژی دژ بەژنان و ئەنجامدانی تاوان لەزیادبوون دەبێت".

## پەرلەمان لەژێر کاریگەری حزبدایە

لەبارەی لێپێچینەوەی پەرلەمان لەکارەکانی حکوومەت لەهەرێمی کوردستاندا جەبار ئەمین، وایدەبینێت لەهەرێمی کوردستان و وڵاتانی خۆرهەڵات حزب کاریگەری بەسەر پەرلەمانەوە هەیە، بۆیە پەرلەمانی ئەو وڵاتانە لاوازن"لەوڵاتی سوید ئەگەر وەزیرێک کارێکی هەڵەیکرد بانگهێشتی پەرلەمان دەکرێت و بەبەرچاوی میدیاکانەوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت، چونکە ئەو لیژنەیەی لەپەرلەمان بانگهێشتی وەزیرەکەی کردووە یاسا جێبەجێدەکات و گوێ بەوەنادات ئەو وەزیرەی بانگهێشتی کردووە سەر بەحزبەکەیەتی یان نا، بەڵام لەهەرێمی کوردستان پەرلەمان کاریگەری حزبی بەسەرەوەیەو ئەمەش وادەکات سیستەمی پەرلەمان لاوازبێتو لەکاتی لێپێچینەوەو بانگهێشتی وەزیرەکان سەرکەوتوو نەبێت".

## زانکۆکان قۆرخ کراون

جەبار ئەمین، بۆ بواری وەزارەتی خوێندنی باڵاو پەروەردە زمانحاڵی پارتی ژینگەی سەوزی سویدییە، ئەو پێشنیازی بۆ سیستەمی خوێندنی بالای هەرێم ئەوەیە کە دەستی حزب لەنێو زانکۆکانی هەرێم نەهێڵدرێت و سوود لەمیتۆدی وڵاتانی پێشکەوتوو وەربگیردرێت و پۆستەکان لەسەر بنەمای پسپۆڕی دابنرێت"هێشتا لەزانکۆکانی هەرێم دەستتێوەردانی حزبەکان هەیەو ئەمەش بەشێوەیەک لەشێوەکان زانکۆ وابەستەی حزب دەکات".

## بەرپرسانی هەرێم بوێرییان نەبوو

لەبارەی رەوشی سیاسی هەرێمی کوردستان و عێراق، جەبار ئەمین، ئەوەی خستەڕوو کە کورد بەدرێژایی ٧ ساڵی رابردوو بۆ پرسی کەرکووک سیاسەتێکی لاوازیان هەبووەو جورئەتیان لەبارەی یەکلاکردنەوەی کێشەی کەرکووک کەمبوو، ئەمەشی بۆ ئەوەگەڕاندەوە"بەرپرسەباڵاکانی هەرێم و حکوومەت و حزبەکان جورئەتیان لەبڕیارێکی یەکلاکەرەوە بۆ کێشەی کەرکووک نەبووەو نەیانتوانیوە سوود لەکات وەربگرن، بۆیە پێویستە کورد لێرەوە پێداچوونەوە بەسیاسەتی خۆی بکات و سەرکردایەتی هەرێم بەجورئەتەوە بڕیارێک بۆ چارەسەری کەرکووک دەربکات". لەبارەی هاوپەیمانێتی کوردیش لەگەڵ لیستی دەوڵەتی یاساو لایەنە شیعییەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی عێراق، گوتی"پێویستە کورد بەنووسراو بەڵێن لەو لیستانە وەربگرێت، نەوەک وەک رابردوو تەنیا بەقسە هاوپەیمانێتی بکات. پێویستە کورد گرەنتی جێبەجێکردنی مافی سیاسی، کەلتوری، کۆمەلایەتی و ئابووری هەرێمی کوردستان لەبەغدا وەربگرێت".

### پرۆفایل

١٩٥٩ لەسلێمانی لەدایکبووەو لە١٩٨١ لەسوید دەژیت.

ماستەری لەکۆلێژی زانستە سیاسییەکانی سوید هەیە.

لە شاری ئونیو(٧٠٠ کم) لەباکووری ستۆکهۆڵم نیشتەجێیە.

خێزاندارەو دوو منداڵی هەیە.

# گەریلایەکی سلێمانی دوای 15 ساڵ لەرێگـــــ
# بۆ دایك و باوكی دەنێرێت

زۆر مەراقی ئەوەم بوو، کە تائێستا وەک رۆژنامەوانێکی کورد نەمتوانیوە سەردانی بناری قەندیل بکەم لەکاتێکدا چەندین رۆژنامەوان لەوڵاتانی دیکەوە بەسەدان میلیان بڕیوەو هاتوونەتە چیاکان و کاری رۆژنامەوانییان لەسەر ئەو گەریلایانە کردووە، کە تورکیا و ئێران بە"یاخیبوو" یان"تیرۆریست" ناویان دەبەن.

قەندیل

دوای دەستنیشانکردنی وادەو دواخستنی لەکۆتاییدا بڕیارماندا لەگەڵ چەند هاوڕێیەکمدا سەردانی ئەو ناوچەیە بکەین. ناتوانرێت ئەوە نکوڵی لێبکرێت بازگەکانی حکوومەتی هەرێم ئەگەر بزانن کەسێک رۆژنامەوانەو بۆ کاری رۆژنامەوانی دەچێتە ئەو ناوچەیە رێگەی لێدەگرن، یان بەلانیکەم ناهێڵن کامێراو پێداویستییەکانی رۆژنامەوانی لەگەڵ خۆی ببات، بۆیە ئێمەش بەرێکەوتین و رێگەمان بڕی. بەڵام دووری رێگەو هەورازو نشێوو تەپوتۆزو هەڵتەک و داتەکی جادەی گڵینی ئێمەیان بێزار نەدەکرد، چونکە دیمەنی چیا، دۆڵ، کانیاو، دارستان و کوچەڵەی قەدی داربەنەکان هێندە سەرنجڕاکیش بوو کاتێکمان زانی گەشتینە ناوچەی مەبەست و گەریلایەکی منداڵی تەمەن ١٥ ساڵ کەتازە خەتی دابوو، هاتە رێگەکەمان بەکرمانجی هەندێک قسەی لەگەڵ شۆفێرەکەمانکرد، بەداخەوە ئێمە زۆر کەم لەقسەکانی حاڵی دەبووین، ئەمەش یەکێکە لەبەدبەختییەکانی تاکی کوردی کە تائێستا ناتوانین لەزمانی براکانی دیکەمان لەپارچەکانی دیکە بگەین، بەڵام ئەوەندەش حاڵیبووین کە زانیمان دەپرسێت بۆ کوێ دەڕۆن؟

کاکی شۆفێر بەو پێیەی دانیشتووی ناوچەکە بوو، تێکەڵی لەگەڵ ئەو هەڤاڵانەدا دەکرد، بەزمانی خۆی پێیراگەیاند، ئەمانە رۆژنامەوانن و میوانی هەڤاڵانی خۆتانن. بەڵێ پاش وەرگرتنی مۆڵەت رێنماییکراین و چووینە سەرکانییەک کەدارتوویەک بەگەڵاو لق و پۆپەکانی باوەشی بەسەر سەکۆیەکدا کردبوو، ئاوێکی سازگار خوڕەی دەهات، دەتگوت دەنگی ژێیەکانی مۆسیقایە، لەوڵاوە چەند گەریلای کچ هاتنە پێشوازیمان بێئەوەی کەسێک خۆی بناسێنێ هەر لەگەڵ دانیشتنمان قسەیەک لێرەو یەک

لەوێ هاوڕێیان چوونەناو قسەوباسەوە، ئەوەی راستیبێت بۆخۆم تەنیا سەرنجمدەداو وێنەی ئەو گەریلایانەم دەگرت کە چۆن بەدەوری ئێمەدا لەکارو فرمان بوون. ئەو هەڤاڵانەش بەشێوەیەک پەروەردەکراون تا لێیاننەپرسی یەک وشە ناڵێن، بێدەنگ دادەنیشن تەنیا گوێ دەگرن. بەڵام ئەوەی راستیبێت کەهاتنە قسە مەگەر خۆت بابەتەکەیان پێبپچڕێنی ئەگینا ئەوەندەت وەڵامدەدەنەوە، کە زۆر بەکەمی بتوانی موناقەشەی بکەی.

ئەوکاتەی ئێمە گەشتبووین کاتی نانخواردنی نیوەڕۆیان بوو هەر بۆیە هاوشێوەی ماڵان گەریلا مێینەکان سەرقاڵی ئامادەکردنی خۆراکبوون بۆ ئێمە، ئەو کانییەی پێیاندەوت میوانخانە، میوانخانەکەش جگە لەکانی و سەکۆیەکی چیمەنتۆ بەبەردو دارو نایلۆنو ژورێکو چێشتخانەیەکیان دروستکردبوو لەژووریشەوە فەرشێکی تەنکو چەند بەتانیو یەک دوو پاڵپشت دانرابوو. بەدیوارەکانیشدا وێنەی چەند هەڤاڵی خۆیان هەڵواسرابوون، کە لەچالاکییە چەکدارییەکاندا گیانیان لەدەستدابوو. یەکێ لەو کچە گەریلایانەی سەرنجیراکێشام لەنزیک چێشتخانەوە بوو، ئەو بەجەستە لاواز دەهاتە پێشچاو، پشتێنێکی گەورەی بەستبوو، خەریکبوو ناو قەدی بەیەکەوە دەنووسان، دەمووچاوێکی باریک، پرچێکی لولی درێژی خەنە تێگیراو، ئەو دەمەی پێدەکەنی ددانە زەردهەڵگەڕاو و سەرمابردووەکانی دەردەکەوتن، نەشمدەزانی خەڵکی کوێیە، چوومەلای چێشتخانەکەوە، لەوکچانەم پرسی کەلەچێشتخانەکە بوون، کێ خەڵکی باشووری کوردستانە؟ ئەوەی سەرنجمی راکێشابوو هاتە گۆ و گوتی"من".

پاشان پرسیم چ شارێک گوتی"سلێمانی"، جێی سەرنج بوو بۆم هاوشارییەکی خۆم لەو چیایە



هەڤاڵ سەرفراز- بناری قەندیل

بدۆزمەوە، بەوپێیەی ئەو گەریلا ژنانەی هێندە هەڵسووکەوت دەکەن و بەچیاوشاخەکاندا دێن و دەچن، ناسکی و نەرمونییانی جەستەیان تارادەیەک لەدەستداوە، بەیەکەوە لەگەڵ ئەو کچە گەریلایە گەڕاینەوە بۆ سلێمانی و چووینەوە سەر گڵکۆی یادگارەکانی منداڵی ئەو لەسلێمانی، ئەو پانزەساڵی تەمەنی لەسلێمانی لەدامێنی گۆیژەو گەڕەکە تەنگەکانی شار بەڕێکردبوو، لەگەڵ کوڕوکاڵانی گەڕەکەکەیان هەڵبەزودابەزی خەتخەتانێ و چاوشارکێی شەوانەو بەهارە



www.netewe.com

# ـەی گۆڤاری وارڤین پەیامێك

سەیرانی بۆ مامەیارە کردبوو، ئەو هەموو یادگار و یادەوەرییەکانی سلێمانی لەکۆڵەپشتێکی خاکیدا حەشاردابوو، نەیدەویست ئەو کۆڵەپشتە بکاتەوە، نەیدەویست بیرەوەرییەکان بیگێڕنەوە بۆ منداڵی ئەو دەیویست بۆ داهاتوو بڕوانێت و چاوی لـەدونـدی کێوەکان بێت و نیگای چارەنـووس بـەرەو سـەرفـرازی بـەرێت. ئەو گوتی"قەندیل سلێمانییەو ئەم توولەرێگایانەش سەهۆڵەکەی سلێمانین و دارستان و چەم و دۆڵەکانی بۆمن باخی گشتییەو هەڤاڵانم لەچیا هاوڕییانی یارییەکانی سەردەمی منداڵیمن"، ئەو گەریلاکچە ئەوەشی بیرنەچوو کە هەموو ژنێک دڵخوازیەتی و گوتی"کانییەکانیش ئارایشگای منن" ئارایشگای گەریلا ئەو کانیەیە کە ڕۆژانە لەتەکیدا چیرۆکەکانی منداڵی دەگێڕنەوەو خەونەکانی داهاتوو لەژێر پیرەدارتوویەکدا وەک پەیمان دەنووسنەوەو دەڕوانـن بۆ کانیەکەو هەنیەی گەنجییانی پێ فێنکدەکەنەوە.

ئەو گەریلا سلێمانییە، بیری"ئەی ڕەقیبی" کەوتەوە"هەپەگەش قوتابخانەکەی تەنیشتی ماڵمانە، کە بەیانیان گوێم لێدەبوو منداڵان سـرودی ئـەی ڕەقیبیان تێدا دەچـڕی، بۆیە کوردستانیش نیشتمانمەو ئێرەش ماڵی منە".

ئـەو گەریلایە، ٣٢ ساڵە، ١٥ ساڵی ژیانی چـووەتـە نـاو پارتی کرێکارانی کوردستان، نازناوی لەناو هەڤاڵەکانیدا "سەرفراز"ە، ئەو لەهەستی خۆشەویستی بۆ خێزانەکەی دانەبڕاوەو هەرچەندە ئەوە پانزە ساڵە کەسووکاری خۆی نەبینیوە بەڵام هەر بیرییان دەکات، سەرفراز پەیامێکی بۆ دایکی و باوکی هەیە. ئەو ئەوە پانزە ساڵە خەون بەوەوەدەبینێت ئەو پەیامە بگاتە گوێی دایک و باوکی، هەموو شەوێک بیری ئامێزی دایکی دەکـات، بەڵام خۆی لەئامێزی نیشتمانەکەیدا گرمۆڵە کـردووەو دەیەوێت بۆ ئامێزی دووهەمیان بژیت، بـەڵام وەک خۆی دەڵێ سۆزی دایک و باوکی هەمیشە لەدڵیەتی و هیچ شتێک جێگەی ئەوانی نەگرتووەتەوە، پەیامەکەی سەرفراز کورتە وەلێ تا بڵێی شیرین و بەمانایە"لەرێگەی ئێوەوە پەیامێک بۆ دایک و باوکم ئەنێرم، دایکەگیان باوکەگیان من ئێوەم خۆشدەوێ. هیچ شتێک ناتوانێ سۆزی ئێوە لەدڵم دەربکات. یان ونی بکات"، ئەمە ئەو پەیامەبوو کە بەر لەوەی من بتاسێنێ ئەو گەریلا دەروون پتەوەی لەرزاند، بیستنی ئەو وشانە چەندە سـادەن بـەڵام وشـەی پڕ لەهەستی ئەو کچە بوون کە پانزەساڵە خۆشەویستترین کەسی لەم جیهانەدا نەبینیوە، بۆیە لەگەڵ دەرچوونی ئەو هەناسە پەنگخواردووەی سینگی ڕۆندک لەچاویدا قەتاریان بەست و بەسەر ڕوومەتە زبربووەکەیدا هاتنەخوارێ، بەڵام ئەوەی وەبیرهاتەوە کە گەریلا دەبێت خۆڕاگربێت دەستی برد و چاوەکانی سڕین، بەڵام ئەگەر لەوێ بوویتایە هەستت بەگریانی ناخی دەکرد، وەک ئەوەی من لەنزیکەوە هەستم پێیدەکرد، درێـژەی بەقسەکانی دا"وێنەکەم بڵاو بکەنەوە.. من لێرەم... لەکوردستانم... بۆئازادی بۆ سەرفرازی کوردستان تێدەکۆشم".

پرسیم ناخوازی ڕۆژێک لـەڕۆژان ببیتە دایک؟ گوتی"شووم بەکوردستان کـردووە ئامانجی گـەورەی من ڕزگـاری وڵاتە نەک بەخێوکردنی منداڵ و دانیشتن لەماڵ"، ئالەم کاتەدا یەکێک بانگی کرد، هەڤاڵان کاتی نانخواردنە تکایە قسەکان بۆ کاتێکی دیکە دواخەن، هەرچەندە قسەمان زۆرمابوو، بەڵام ئەوان لەسەر گوێڕایەڵی ڕاهێنراون یەکسەر داوای مۆڵەتی کردو بەیەکەوە چووینە سەرسفرەی نانی نیوەڕۆ.

ئیسماعیل حەمەڕەحیم



سەرفراز لەگەڵ دوو کچە گەریلا

# کەلتووری کۆمەڵایەتی ڕێگرە لەبەردەم سەربەخۆبوونی ئابووری ژنان

**پێشانگەی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ حەوتەمین ساڵ لەسەر یەک لەگۆڕەپانی پارکی سامی عەبدولڕەحمان کرایەوە، لەو پێشانگایەدا ژنانی کورد بەشدارییەکی بەرچاوییان هەبوو، شارەزایانی ئابووریش لەوبڕوایەدان بەشداری ژنان لەکایەی ئابووریدا لەئاستی پێویستدا نییەو بەهۆی نەبوونی سیستەمی دامەزراوەیی و زاڵبوونی کەلتوورەوە، تائێستا زۆرێک لەژنان ئارەزووی ئەوەدەکەن کە لە کەرتی حکوومی کاربکەن نەک تایبەت.**



بەهرە سدیق

هەولێر

بوشرا موحسین، یەکێک بوو لەو ئافرەتانەی، وەک پێشکەشکارێک کاری دەکرد لەپێشانگاکەداو نوێنەری کۆمپانیای رستن و چنینی وەتەنی کوێتی بوو، گوتی"ژنی کوردی دەبینم ئێستاڕوو لـەم شوێنانە دەکـەن بۆسەیرکردن و کڕینی ئەو کەلوپەلانەی لەم پێشانگایە پیشاندراون، لەبەرئەوەی ئافرەت حەز بەو کەلوپەلانە دەکەن، ئێمە ئێستا زیاتر گرنگیمانداوە بەشتی زستانە، چونکە بەرەوزستان دەڕۆین و شتەکانمان بەکەڵکی هەموو ماڵێک دێن".

ژنان لەبواری راگەیاندن و پەیوەندییەکانیش کار دەکەن و دەتوانن سەرپەرشتی کۆمپانیاکان بکەن. شەزا ناجی بەڕێوەبەری راگەیاندن و پەیوەندی پەیمانگای تایبەتی سەر بەوەزارەتی پیشەسازی عێراقی بۆ دروستکردنی کەلووپەلی ئەندازەیی، گوتی"ئەوە سێهەمینجارە بەشداری لەو پێشانگایە دەکەین و لەهەموو ئەو پێشانگایانەی لەعێراق کراونەتەوە بەشداریمان کردووە".

گوتیشی"٢٤ ساڵە کاردەکەم لەم بـوارەدا، بەڵام ٧ساڵە لێرەم. نزیکەی ٥٣٠ کادیر دەبین، لەبەغداد کاردەکەین، ئـەوەی جێگەی دڵخۆشییە ئەوەیە لەکۆمپانیاکەماندا رێژەی ئافرەت لەپیاو زیاترە". ئەو باسی لەوەشکرد، لەمیانەی کردنەوەی پیشانگەکەدا ئافرەتی کوردی زۆر بینیبوو"ئافرەتی کورد زۆر دەبینم دێن بۆ ئێرە بۆ سەیرکردنی پێشانگە".

ژنانی کورد جگە لەکارکردن لەکۆمپانیا ناوخۆییەکان بوونەتە نوێنەری کۆمپانیاکانی دەرەوەش، بەڕێوبەری نووسینگەی سلێمانی کۆمپانیای"هۆشیارکۆمپانی"، بەناز کۆمەڵ مستەفا گوتی"نزیکەی ٤ساڵە لەوێ کار دەکەم و ئێمە لەگەڵ کۆمپانیای زیتۆری چیکی رێککەوتووین و کاریان لەگەڵ دەکەین، من لێرە نوێنەری کۆمپانیای ئەوان و ئەوەی خۆمانم".

کۆمپانیای زیتۆری چیکی کۆمپانیایەکی گەورەیە کـاری بیناسازی و دابینکردنی ئۆتۆمبێلی کشتوکاڵییە، نوێنەرەکەیان ئافرەتەو ئەویش هاتووە بۆ سەردانی هەرێمی کوردستان و بەشداریکردن لەو پێشانگەیە".

هەرچەندە ژنان هەنگاویان رووە بازاڕ ناوە، بەڵام هێشتا دەستکەوتەکانی ئەو بوارە لەئاستی پێویست نین، شەماڵ نوری ئەندامی سەندیکای ئابووریناسانی کوردستان گوتی"ئافرەتان بەهۆی نەریتی کۆمەڵگەی باوکسالاری و دابونەریتەوە نەیانتوانیوە، گەشە بەم بـوارە بـدەن، بۆیە لەکارکردنی ئابووریدا ئەگەر پلانێکی ئابووری و سیاسەت و فەلسەفەیەکی ئابووری نەبێ زەحمەتە کەرتی تایبەت بتوانێ وەک وڵاتانی دیکە گەشە بکات، وەک ئەوروپای رۆژئاواو ئەمەریکاو وڵاتانی دیکە، بەمشێوەیە زۆر زەحمەتە ئافرەت بتوانێ لەکەرتی تایبەت کار بکات".

لەهەرێمی کوردستاندا ژنان زیاتر ئارەزوو دەکەن لەکەرتی حکوومی کار بکەن و ئەو ژنانەش کە روویـان لەکەرتی تایبەتکردووە خۆیان خاوەنی دوابـڕیـار نـین. شـەمـاڵ نـوری لـەو بـارەیـەوە گوتی"لەکەرتی تایبەت ژمارەی ئافرەتان کەمە، هەموویان روویانکردۆتە کارکردنی حکوومی بەهۆی دابونەریتی کۆمەلایەتی و نەبوونی دامەزراوە، بۆیە دەرفەتی کارکردنی ئافرەت لەبواری ئابووری کەمەو ئەگەر سەرمایەکی زۆریشی بۆ مابێتەوە هەرناتوانێ بەو شێوەیە لەبازاڕەکاندا دەرکـەوێ شانبەشانی پیاو، ئافرەتان ئەگەر هەشبن وەک خاوەن کۆمپانیا نین لەوانەیە نوێنەری کۆمپانیاکە بن یان کارێکی دیکە بکەن".

گوتیشی"پێمباشە ئافرەت بێتە ئەو مەیدانەوە کاربکات هەرچەندە هاتنەناو ئەو مەیدانە کارێکی ئاسان نییە، بەڵام پێویستە بێنە ئەو مەیدانە ببن پاڵپشت بۆ ئەوانی دیکە".

سـەبـارەت بە کاریگەری رێکخراوەکانی ژنان لەوڕووەوە، بەڕێوەبەری رێکخراوی سەیوان، شیرین جەعفەر گوتی"ئێمە بەردەوام بەبایەخەوە کارمان بۆ ئەوە کردووە ژنان ئابوورییان سەربەخۆ بێت و بێنە بازاڕەوەو کار بکەن، چونکە دەرکەوتنی ژن لەبازاڕو ئاڵووێری ئابووریدا نیشانەی پێشکەوتنی کۆمەڵگەیەو هەرچەندە هێشتا ئاستەنگی خێزانی لـەبـەردەم ژناندا مـاوە، بـەڵام گرنگە ژنانیش بێنەناو ئەو مەیدانەوەو بۆ ئەو مەبەستەش ئێمە پڕۆژەی تایبەتمان هەبووەو ماوەی چوار مانگی رێک، کارمان کـردووە بۆ هاندانی ژنان و بەرچاوروونکردنەوەیان تابتوانن لەبازاڕ کار بکەن.

لەهەرێمی کوردستان وێڕای پێشکەوتنی لایەنەکانی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی، بەڵام تائێستا نـەتـوانـراوە وەک پێویست کـار بۆ سەربەخۆبوونی ئـابـووری ئـافـرەت بکرێت و شارەزایانی ئەو بوارەش هۆکارەکەی بۆ زاڵبوونی کەلتووری کۆمەلایەتی کۆمەڵگا دەگێڕنەوە.



www.netewe.com



# له زۆربەی شوێنەکانی هەولێر دا پیاو دەبینم

کامێلا رۆدریگز بەڕێوەبەری بەشی هەناردەی کۆمپانیای "VILA RICA" فۆتۆ: وارڤین

تایبەت

کامێلا رۆدریگز کچێکی بەرازیلییەو ٥ ساڵە بەڕێوەبەری بەشی هەناردەی کۆمپانیای "VILA RICA"ی بەرازیلییە بۆ وەبەرهێنانی کەلوپەلی داری ناوماڵ. ئەو ئێستا لەهەرێمی کوردستانەو وەک نوێنەری کۆمپانیاکەی و لەپێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بەشداریانکردبوو. کامێلا، یەکەمجاریەتی سەردانی هەرێم دەکات، زۆر دڵخۆشبوو بەو سەردانەی بۆ هەولێر، دەربارەی کچانو کورانی کورد، گوتی"کچ و کوری ئێرە لەیەکدەچن، بۆیە توانای جیاکردنەوەیانم نییە". بەرازیل لە٢٧ ویلایەت پێکدێت، زمانی سەرەکییان پورتوگالیەو زۆربەیان کاسۆلیکین و موسوڵمانیشیان تێدایە لەرووی ئابوورییەوە گرنگی زۆری هەیە، بەیەکێک لە٢٠ وڵاتە پێشکەوتووەکانی ئابووری دادەنرێت. لەرووی گەشەکردنی ئابووری جیهان بەرازیل بەوڵاتێکی گرنگ دەزانرێت، سیاسەتی دەرەوەی بەرازیل رێگەخۆشکەرە بۆ دروستبوونی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە، بەشداریکردنیان لەپێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بەڵگەیەکە لەسەر ئەوە.

کۆمپانیایی "VILA RICA" لەساڵی ١٩٨٨، ماوەی ٢٢ ساڵە دامەزراوە، بەڵام لەسەرەتا کارگەیەکی بچووکبووەو دواتر فراوانبووەو ئێستا ٢٥٠ کارمەندیان هەیە، لەو کارگەیە رێژەی ژن لە٢٠ تا ٢٣٪ چونکە کارەکان زیاتر بەپیاو دەکرێتو قورسن. کامێلا رۆدریگز، بەڕێوەبەری بەشی هەناردەکانی ئەو کۆمپانیاییە گوتی"لەبەرئەوەی کارەکانی کارگەکەمان قورسە، بۆیە رێژەی ژن تارادەیک زۆر نییە، بەڵام لەکارگەی دیکە رێژەی ژنان زۆرە".

کامێلا رۆدریگس لەبارەی کارکردنی ژن لەبەرازیل لەنێو بواری بازرگانیو کەرتی تایبەت، گوتی" ژمارەیەکی زۆری ژنان لەکەرتی تایبەت کاردەکەن".

سەبارەت بە ژنی هەرێمی کوردستان زۆر زانیاری نەبوو، گوتی"ژمارەیەکی زۆر کەم ژن دەبینم، بێن بۆ ئەو پێشانگایەو تەنیا پیاو دەبینم لەهەموو شوێنێک".

کۆمپانیای "VILA RICA"ی بەرازیلی یەکەمجارە بەشداری لەپێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بکات لەهەرێمی کوردستان، جگە لەوانیش چەند کۆمپانیایەکی دیکەی بەرازیلی بەشداریان لەپێشانگاکە کردووە.

کامێلا رۆدریگز، باسی لەوەکرد لەگەڵ بەشێک لەکۆمپانیاکانی هەولێر رێککەوتنیانکردووەو گوتی" کۆمپانیاکانی هەولێر کارونرخەکانی کۆمپانیای " VILA RICA" بەدڵ بوو لەسەر کارکردن بەیەکەوە رێککەوتووین". لەبارەی پێشانگاکە گوتی"پێشانگایەکەی زۆر باش بوو هیچ کێشەیەکمان نەبووە، بەڵام تەنیا یەک کێشە کە ئەویش زمانە، لێرە زۆربەی خەڵکەکە زمانی ئینگلیزی نازانێت ئەوەش کێشە دروستدەکات بۆ دروستبوونی پەیوەندی لەنێوان ئێمەو خەڵک".

**ساکار رۆستەم**



www.netewe.com

# لە پیشانگای نێودەوڵەتی هەولێر کۆمپانیا تورکییەکان ئاڵای عێراقیان لەبرِی ئاڵای کوردستان هەڵکرد

## بەرهەم ساڵح: لەسلێمانی و دهۆکیش ئەو پیشانگایە دەکەینەوە

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیری پیشەسازی حکوومەتی عێراق و باڵیۆزی کۆماری چیک لەعێراق، لەبارەی شەشەمین پیشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بۆ وارفین دوان و کردنەوەی پێشانگاکەیان بۆ پتەوکردنی پەیوەندی ئابووری هەرێم بەوڵاتانی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی بەئەرێنی لەقەڵەمدا، بەڵام ئەوەی جێی سەرنج بوو کۆمپانیا تورکییەکان وێرای بەشدارییان لەپیشانگاکە، ئاڵای عێراقیان لەبری ئاڵای کوردستان هەڵکردبوو.

هەولێر

**تەنیا کوردی**

تێکەڵبوونی زمانی ٢٥ دەوڵەت و دیالۆگکردن بەزمانی ئابووری کەرنەڤاڵی شەشەمین پیشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بوو کەلە پارکی سامی عەبدولرەحمان لە ١٨ـی مانگی رابردوو بەبەشداری ٨٥٠ کۆمپانیا دەستیپێکردو ٤ رۆژی خایاند. کۆمپانیای وڵاتانی ئەمریکا، ئەورووپاو رۆژهەڵاتی ناڤینیش بەشداربوون. ٥٠٪ـی کۆمپانیاکان بۆیەکەمجاربوو روو لەو پیشانگایە بکەن و ٢٠٪ـی کۆمپانیاکانی دیکە پێشتریش لەپێشانگاکانی هەرێم بەشدارییانکردبوو، هەروەها ٣٠٪ـی کۆمپانیاکانی دیکەش لۆکاڵیبوون. کۆمپانیاکان بەئاڵای وڵاتەکەیان و هەرێمی کوردستان بەشدارییان لەو پیشانگایە کرد، جگە لەکۆمپانیاکانی تورکیا کە لەبریتی ئاڵای هەرێمی کوردستان، ئاڵای عێراقیان لەگەڵ ئاڵای وڵاتەکەیان هەڵکردبوو.

ئامانج لەهاتنی کۆمپانیا بیانییەکان واژۆکردنی گرێبەستبوو لەگەڵ سەرمایەگوزاران و کۆمپانیاکانی هەولێر، تا لەهەرێمی کوردستان بریکاری کۆمپانیاکانیان هەبێت. سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان د.بەرهەم ئەحمە ساڵح، ئامادەی کردنەوەی ئەو پێشانگایە بوو، کردنەوەی پیشانگاکەی بەهەنگاوێکی بایەخدار بۆ بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری هەرێم وەسفکرد. د.بەرهەم، لەوەڵامی پرسیارێکی وارفین لەبارەی ئەو پیشانگایەوە گوتی:"هەوڵدەدەین ئەو پیشانگایە لەپارێزگاکانی دیکەی هەرێمی کوردستان وەک دهۆک و سلێمانی بکەینەوە، تازەمینەی زیاتر بۆ وەبەرهێنان لەهەرێمی کوردستان برەخسێت". د.بەرهەم، هاوکاری حکوومەتی هەرێمی کوردستانی بۆ کۆمپانیا بیانییەکان دەربرِی و جەختی لەوەکردەوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامدەبێت لەکردنەوەی ئەو جۆرە پیشانگایانەو ئەو هەنگاوەشی لەچوارچێوەی ستراتیژییەتی حکوومەتی هەرێم بەبایەخدار زانی.

لەو پیشانگایەدا، وەزیری پیشەسازی حکوومەتی عێراق فەوزی هەریری بەنوێنەرایەتی حکوومەتی عێراق بەشداریکردو رایگەیاند، ئەو جۆرە پیشانگایانە هەنگاوی بایەخدارن بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق. فەوزی هەریری، لەوەڵامی پرسیارێکی وارفین لەبارەی تێروانینی حکوومەتی عێراق بۆ ئەو پیشانگایانە گوتی:"هەولێر بووەتە سەنتەرێکی بەهێزی بازرگانی بۆ هەموو عێراق و ئەمەش بۆ بەهێزبوونی کەرتی ئابووری لەهەرێمی کوردستان و عێراق، گرنگە".

کۆمپانیا تورکییەکان ئاڵای عێراقیان هەڵکرد ئەگەرچی ژمارەی کۆمپانیاکانی تورکیا لەهەرێمی کوردستان دەگاتە نزیکەی ٥٠٠ کۆمپانیاو لەو ژمارەیەدا نزیکەی ٢٠٠ کۆمپانیای ئەو وڵاتە لەشەشەمین پیشانگای نێودەوڵەتی هەولێر لەرووی کەرەستەی جوانکاری و ماڵ و بوارەکانی کەرەستەی ئەندازیاری بەشدار بوون، بەڵام بەهۆی ئەوەی وڵاتەکەیان دان بەئاڵای هەرێمی کوردستاندا نانێت، کۆمپانیاکانیشیان لەهەولێر ئاڵای عێراقیان لەبریتی ئاڵای هەرێمی کوردستان هەڵکردبوو. وارفین لەبارەی هەڵکردنی ئاڵای عێراق، پەیوەندی بەژمارەیەکی زۆری کۆمپانیا تورکییەکان کرد، بەڵام ئامادەنەبوون هیچ لێدوانێک لەوبارەیەوە بدەن.

**کۆماری چیک لەهەولێرەوە هەنگاو بەرەو بەغدا دەنێت**

ژمارەیەکی زۆری کۆمپانیاکانی کۆماری چیک لەو پیشانگایەدا بەشداربوون. ئەوان پێشتر رەشنووسی پرۆژەی بەنداوەکانی هەرێمی کوردستانیان ئامادەکردبوو. کۆمپانیا چیکییەکان بۆ هەردوو بەنداوی دەربەندیخان

www.netewe.com

و دوکان پرۆژەیان هەبوو، تا لەورێگەیەوە لەو دوو بەنداوە بتوانرێت ئاوی زیاتر یەدەک بکرێت و وزەی زۆرتری کارەبای لێبەرهەمبهێنرێت. لەبارەی بەشداری کۆمپانیاکانی کۆماری چیک لەهەولێر، جێگری وەزیری دەرەوەی کۆماری چیک تۆماس بۆیار جەختیکردەوە ئەمرۆ چیکییەکان لەهەولێرن و بایەخ بەوەبەرهێنان لەهەرێمی کوردستان دەدەن، لەداهاتووشدا ژمارەی کۆمپانیاکانیان لەهەرێمی کوردستان زیاتر دەبێت. هەروەها جێگری وەزیری دەرەوەی کۆماری چیک دەڵێ"لەهەولێرەوە هەنگاو بەرەو بەغدا دەنێین، چونکە ئەمرۆ هەولێر وەک سەنتەرێکی بازرگانی بەهێز لەعێراقدا دەبینرێت".

لەدووهەم رۆژی پیشانگاکە کۆماری چیک لەهەولێر کۆنفرانسێکی بەبۆنەی بەشداری زۆری کۆمپانیاکانیان لەهەولێر سازدا. لەبارەی بایەخی ئەو رۆژە بەلای کۆماری چیکەوە، باڵیۆزی کۆماری چیک لەعێراق برۆنسلاڤا تۆما شۆڤا تایبەت بۆ وارڤین گوتی"هەولێر شارێکی ئارامەو کۆماری چیک زیاتر بایەخ بەوەبەرهێنان لەهەرێمی کوردستان دەدات". ئەو بۆ زیاتر برەودان بەپتەوکردنی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و چیک، گوتی کەلە پلانیاندایە کۆنسوڵگەری وڵاتەکەیان لەهەولێر بکەنەوە، تا لەورێگەیەوە زیاتر پەیوەندی ئابووری نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتی چیک بەهێزتر بکرێت.

**خاوەن کۆمپانیایەکی ئەڵمانی: ٦٠٪ی کارمەندانی کۆمپانیاکەمان ژنە**

پەیوەندی ئابووری ئەڵمانیاو هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەرچوونی یاسای وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠٠٦ دەستیپێکردو لەشەشەمین پیشانگای نێودەوڵەتی هەولێریش ژمارەیەکی بەرچاو لەکۆمپانیاکانی ئەو وڵاتە دەبینرا. کۆمپانیا ئەڵمانیەکان لەبواری کەرەستەی ئەندازیاری و میکانیک بەشداریان هەبوو. کۆمپانیای MRـی ئەڵمانی کەرەستەی ئەندازیاری و کارەبایی هەبوو. ئەوکۆمپانیایە لە ٢٣ دەوڵەت لقی هەیەو ٢٧٠٠ کارمەندی هەیەو ساڵانە داهاتی فرۆشتنی لە ٥٠٠ ملیۆن یۆرۆ تێدەپەرێت. رێکخەری ئەو کۆمپانیایە لەهەولێر بەناوی"کریش"خۆی ناساند و بۆ وارڤین گوتی"کاری ئەو کۆمپانیایە بەستنی رێکخستنی سیستەمی کارەباو ویستگەی کارەباییە". ئەو هەروەها دەڵێ ٦٠٪ی فەرمانبەرانی کۆمپانیاکە ژنن و بەپێویستیشی زانی رێژەی ژن لەنێو کۆمپانیاکاندا زۆر بێت، تا بەوهۆیەوە بتوانرێت ژن لەبواری وەبەرهێناندا خاوەن سەرمایەی خۆی بێت.







چەند گرتەیەک لە پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر

# گەنجان چاوەڕێی پەرلەمان دەکەن



خۆ پیشاندانی گەنجان لەبەردەم پەرلەمانی هەرێمی کوردستان

هەولێر

پرۆژەیاسای پێشینەی هاوسەرگیری لەلایەن ژمارەیەک ئەندامانی لیژنەی یاسایی پەرلەمان پێشکەشکراوە، پرۆژەکە لەشەش مادە پێکهاتووەو تێیدا ئاماژە بەوەکراوە"لەبەر قورسی باری ئابووری و هاندان بۆ هاوسەرگیری ئەو یاسایە دەرچووە". مەبەست لەپێشینەکەش یارمەتیدانی مادی ئەو گەنجانەیە کە پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجامدەدەن.

پرۆژەکە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوەو ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان کراوە، بەمەبەستی تاوتوێکردن و دەنگ لەسەر دان و پەسندکردنی.

ژمارەیەکی زۆر لەو کچ و کوڕانەی بەنیازی پێکهێنانی هاوسەرگیرین چاوەڕێ دەکەن سەرۆکایەتی پەرلەمان پەلە بکات لەدەرچوواندنی ئەو یاسایە بۆ ئەوەی حکوومەت لەداهاتوویەکی نزیکدا جێبەجێی بکات و بەو هۆیەوە لێی سوودمەندبن.

کچە فەرمانبەرێکی کۆلیژی ئاداب، باس لەوەدەکات ماوەی دوو ساڵە لەلایەن کوڕێکەوە دەستنیشانکراوە، بەڵام بەهۆی کەمی پێشینەی هاوسەرگیری تەنیا بڕی یەک ملیۆن دینارە، ناتوانێت هاوسەرگیری ئەنجامبدات.

گوتیشی"ملیۆنێک ناتوانێت ئەرکی سەرشانمان سووک بکات، پاشان دەبێ لەماوەیەکی کەم بدرێتەوە".

یەکێک لەو خاڵانەی گرنگی پێدراوەو لەمادەی دووهەمی ئەو پرۆژەیاسایەدا هاتووە""بڕی پێشینەکە لە پێنج ملیۆن کەمتر نەبێت". لەوبارەیەوە ئەندامی لیژنەی کۆمەلایەتی، منداڵ و خێزان لەپەرلەمان،

> وێڕای ئەنجامدانی خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژەیاسای پێشینەی هاوسەرگیری، بەڵام تائێستا ئەو پرۆژەیاسایە نەخراوەتە بواری وتووێژ لەسەرکردنەوەو گەنجانیش لەچاوەڕوانی دەرچوونی یاساکەدان، ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستانیش رایدەگەیەنێت"ململانێ سیاسییەکان پرۆژە گرنگەکانیان پەکخستووە".

پەیمان عەبدولکەریم، زیادکردنی ئەو پێشینەیە بەئەرێنی وەسف دەکات و دەڵێ"زیادکردنی ئەو پێشینەیە هاندەرێکی باشە بۆ ئەوکەسانەی ژیانی هاوسەری پێکدەهێنن".

گەنجێکی ئەسمەری باڵابەرزە، لەناو بازاڕی گەورەی هەولێر خەریکی کڕینی جلو بەرگە، هاوڕێ لەگەڵ سەیرکردنی جلەکاندا، گوتی"لەبەر ئەوەی فەرمانبەر نیم، ناتوانم پێشینەی هاوسەرگیری وەربگرم، بۆیە ناتوانم ژیانی هاوسەری پێکبهێنم بەتایبەت لەم دۆخەدا، پێداویستییەکان زۆرن و توانایەکی مادی زۆری پێویستە".

ئەندامی فراکسیۆنی یەکگرتوو، لە پەرلەمانی کوردستان، هاوڕاز شێخ ئەحمەد، لەبارەی سوودمەندبوونی هەموو گەنجێک لەو پێشینەیە گوتی"لەو پرۆژەیاسایەدا ئەوەمان خستۆتەڕوو، پێشینەکە ئەو کەسانەش بگرێتەوە، کە فەرمانبەری میری نین، بۆ وەرگرتنی پێشینەکەش فەرمانبەرێک پشتگیری بکات و لەو رێگەیەوە ئەویش بتوانێت سوودمەند بێت".

هاوڕاز، رای وایە ئەو پێشینەیە هاندەرێکی بەهێزە بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێ ژیانی هاوسەرگیری پێکبهێنن.

هاوڕێ، بەپێویستی دەزانێت پەرلەمان پەلە بکات لەگفتوگۆکردن لەسەر ئەو پرۆژەیاسایە بۆ ئەوەی هەرچی زووە پەسند بکرێت، بەڵام پەرلەمانتارێک لەوبڕوایەدایە ململانێ سیاسییەکان پرۆژە گرنگەکانییان پەکخستووە.

ئەندامی لیژنەی ژنان لەپەرلەمان هاژە سلێمان، دەڵێ"ململانێ سیاسییەکان لەپەرلەمان پرۆژە گرنگەکانی پەکخستووە، پێویستە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەولەوییات بدات بەو پرۆژانەی بۆ ژیانی خەڵک گرنگن، ئەو پرۆژانە نەبنە قوربانی ململانێییە سیاسییەکان".

ئەو گوتیشی"پێویستە حکوومەت هاوکاری ئەو گەنجانە بکات، چونکە پرۆسەی هاوسەرگیری لەلای ئەو گەنجانەی سەرچاوەیەکی بەهێزی داهاتیان نییە قورسە، دەبێت حکوومەت ئەو زەحمەتییە کەمبکاتەوە".

لە هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی بەرچاو لەگەنجان بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی داهاتەوە نەیانتوانیوە پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجامبدەن. بەگوێرەی راپرسییەکی دەزگای وارڤین لەکۆی ٢٨٠ گەنجی زانکۆی سەلاحەددین و پەیمانگەکانی هەولێر، (٢٢٢) گەنج کە دەکاتە رێژەی (٧٩٪) بەهۆی خراپی باری ئابوورییەوە نەیانتوانیووە پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجامبدەن. لەکۆی بەشدارانی راپرسییەکە تەنها ٥٨ کەس کە دەکاتە رێژەی (٢١٪) بەشداربووان پرۆسەی هاوسەرگیریان پێکهێناوە.

**ئاڤان فارس جاف**

# چارەنووسی ژن لەشارستانیەتی یۆنانی کۆندا

(1-3)

**هەژار هەورامی**

یۆنان، یەکێکە لەشارستانیەتە کۆن و کاریگەرەکانی مێژووی مرۆڤایەتی کە رۆڵی بەرچاوی هەبووە لەڕەوتی بەرەوپێشچوونی زانست و تەکنۆلۆژیا لەجیهاندا. ئاوڕدانەوە لەچارەنووسی ژن لەو شارستانیەتە کۆنەدا نەتەنیا بەسوودە، بەڵکو پێویستە. لەیۆنانی کۆن سێ کۆمەڵگای جیاوازی"ئاخایی"، "ئیسپارت"و "ئاتن" هەبوونیان سەلمێندراوە.

## ئاخاییەکان

ئاخاییەکان هۆزێکی یۆنانی بوون، لەساڵی ١٢٥٠ ی پێش زایین حوکمڕان بوون. لەنێو ئەفسانەو بەسەرهاتو چیرۆکە کۆنەکانی ئاخاییدا ژن رۆڵی گرنگی هەبووە. لەو کۆمەڵگایە ژن دەیتوانی لەکۆڕو کۆمەڵی پیاواندا ئازادانە دەرکەوێ و تەنانەت لەهەندێ راوێژو گفتوگۆی ئامانجدارو راستەقینەی پیاواندا بەشداربێ و رایان هەبێت. جوانی ژن، لەنێویاندا سەرنجڕاکێش بوو بەڕادەیەک تەنانەت وەک ئامراز لەهاندانی خەڵکەکەیان بۆ رووبەڕووبوونەوەی دوژمنانیان کەڵکیان لێوەردەگرت. بەبێ ژن هیچ هاندەرێکیان نەبوو بۆ ژیان.

سەرەڕای ئەمانەش بنەمای بنەماڵە لەناو ئەو هۆزە حوکمڕانەی یۆناندا لەسەر بنچینەی"باوکسالاری" دامەزرێندرا بوو، بۆیە باوک خاوەنی دەسەڵاتی رەها بوو، دەیتوانی بەگوێرەی خواست و توانای ژن بێنێ و ئەگەر بیەوێت پێشکەش بەمیوانەکانی بکات و منداڵەکانی لەلووتکەی چیاکان بکات بەقوربانی خوداکانیان. بەچەشنی مامەڵەکردن و کڕینو فرۆشتن لەگەڵ ژنهێنان هەڵسووکەوت دەکرا. ئەو کەسەی ژنی بخواستبایە، دەبووا هەندێ شتی بدابایە بەماڵە بابی کچەو پێوەرو پێوانەش بۆ ئەم مامەڵەکردنە"گا"بوو. نرخی خواستنی کچێک لەگایەکەوە بۆ چەندگایەک لەگۆڕاندا بوو. دیارە ماڵە بابی کچەش بەدابونەریت و هەلومەرجی ئەوکات باوانی و جیازییان لەگەڵ کچەکە رەوانی ماڵی زاوا دەکرت، کچان دووای مێردکردنیان دەبوون بەخاتوونی ماڵ و رێزو حورمەتیان پەیوەندی راستەوخۆی بەژمارەی منداڵەکانییانەوە هەبوو.

## ئیسپارتەکان

کچان دیلی حکوومەتی ئیسپارتە بوون. حکوومەت کچانی ناچاردەکرد، لەهەندێ وەرزش، یاری توندوتیژ و ئاستەمدا بەشداری بکەن، بۆ ئەوەی ببنەخاوەنی لەشوڵارێکی جوانو بەهێزو خۆئامادەبکەن بۆ بوونە دایک. لەوکاتەدا دانیشتووانی ئیسپارت بایەخیان نەدەدا بەپەروەردەی هزری کچان. بەڵام بۆ وایاندەکرد؟ ئایا کچان مرۆڤ نین؟ حکوومەت بەمەشەوە نەوەستاو تەنانەت بۆ ژنهێنانو مێردکردن تەمەنی دیاریکردبوو، سی ساڵ بۆ ژنهێنان و بیست ساڵیش بۆ مێردکردن. بەڕەبەنی و زگورتی مانەوە لەناو ئیسپارتەکاندا بەتاوان دەژمێردراو سزاکەشی ئەوە بوو، لەزستاندا بەڕووتی لەناو ئاپۆڕەی جەماوەردا دەیانگێڕان و یان هەرکات مەترسی ئەوەیان لەسەر بوو کە بکەونە بەر هێرشی ژنان و کچان. نابێ لەبیر بکەین، کە نەزۆکیش وەک ڕەبەنی ناپەسەند بوو.

لەناو کۆمەڵگای ئیسپارتەدا باوک و دایک بەرپرس و ئامادەکاری ژنهێنانو بەشوودانی کوڕان و کچانیان بوون، زاوا بەزۆر بووکی لەماڵ دەکێشایەدەرەوەو بووکیش دەبوایە بەرانبەر بەو هەڵویستە خۆڕاگری بکردبایە، هەر بۆیە ئەوان بەوشەی هاوسەرگیرییان دەگووت"رفاندن". هەندێجاریش چەند کوڕوکچیان کە ژمارەیان یەکسان بوو دەکردە ژوورێکی تاریکەوەو ناچاریان دەکردن تا هاوسەر و هاوژینی داهاتووی خۆیان دیارییبکەن. ئیسپارتییەکان لەوباوەڕەدا بوون کە ئەمجۆرە لەهەڵبژاردنی هاوسەر جیاوازییەکی ئەوتوی نییە لەگەڵ هەڵبژاردنی هاوسەر بەناز و نیمنازی عیشقەوە!

بەگوێرەی نەریتی کۆنی ئیسپارتەکان کە بووک و زاوا یەکتریان پەسەند دەکرد دەبوا بۆ ماوەیەک هەر کامەیان لەماڵی خۆیان بمێننەوەو جاروبار زاوا بەدزی و دوور لەچاوی نەیار دەچووە ماڵی خەزوورو بووکی دەدیت. بەگوتەی"پلۆتارخۆس" هەندێجار ئەمکارە زۆری دەخایاندو رەنگە بەرلەوەی کە بووک بچووبایە ماڵی زاواو دەبوو بەخاوەنی منداڵ. رەوتی ئاسایی ئەوەبوو زاوا کاتێک دەیتوانی خانوو بۆ خۆی سازبکات و هاوسەرەکەی بەرێتە نێوخانووی خۆی، کەلە سەروبەری بوونە باوکدا بووایە.

ئیسپارتییەکان بەردەوام کوڕانو کچانی خۆیان رادەسپارد، کە لەکاتی هەڵبژاردنی هاوسەرەکانیدا لایەنی تەندروستیو کەسایەتی هاوسەرەکانیان رەچاو بکەن."ئارخی دامۆس" کە پادشایان بوو لەبەرئەوەی کە کچێکی لەڕو لاوازو رەقەڵەی خواستبوو، سزادراو غەرامەیان کرد. مەبەستی سەرەکی لەپرۆسەی جووتبوون زیادبوونی ژمارە بوو، ئەگەر ژنێک منداڵی بەهێزو شیاوی نەبووایە دەیانکوشت. لەئەڵقەی داهاتوو باسی چارەنووسی ژن لەلای هۆزی ئاتن دەخەینەڕوو.

# له حه‌مامی ژنان چ باسه‌؟



هه‌ژان خالید

"جار هه‌بووه‌ ژن به‌تایبه‌تی هاتوون بۆ حه‌مامه‌که‌ تا كچێك بۆ كوڕه‌كانیان بدۆزنه‌وه‌و زۆر حاڵه‌تی ژن و ژنخوازیشی لێكه‌وتووه‌ته‌وه‌"چوونی ژن بۆ گه‌رماوه‌ گشتییه‌كان بووه‌ به‌نه‌ریت له‌لای به‌شێك له‌ ژنانی هه‌ولێر و وه‌ك حه‌مامچییه‌كانیش باسیده‌كه‌ن جگه‌ له‌مه‌به‌ستی خۆشوشتن زۆرجار ژنان بۆ دۆزینه‌وه‌ی كچ بۆ كوڕه‌كانیان و كاتبه‌سه‌ربردن ده‌چنه‌ گه‌رماوه‌كان.

"ژنی هه‌ولێری ئه‌وه‌ عاده‌تیانه‌ له‌گه‌نجه‌وه‌ بگره‌ تا پیر بۆ حه‌مامی ده‌ره‌وه‌ دێن و حه‌زیان لێیه‌"ئه‌مه‌ گوته‌ی حاجی هه‌دیه‌ی حه‌مامچییه‌ له‌به‌شی ژنانی گه‌رماوی سیروان له‌گه‌ڕه‌كی ته‌یراوه‌ی هه‌ولێر. ئه‌و بۆ وارڤین دواو گوتی"كاتی دیاریكراومان بۆ ژنان داناوه‌و هه‌رچه‌نده‌ له‌هه‌موو ماڵێكدا گه‌رماوی باش و ئاوی گه‌رم هه‌یه‌، به‌ڵام ژنان هه‌ر حه‌زیان له‌حه‌مامی ده‌ره‌وه‌یه‌و له‌زستاندا زۆر دێن". ده‌رباره‌ی ئه‌و ژنانه‌ش بۆ خۆشوشتن ڕوو له‌ گه‌رماوه‌كه‌یان ده‌كه‌ن ئه‌و حه‌مامچییه‌ گوتی"جگه‌ له‌ خه‌ڵكی ناوخۆ، ئه‌و كه‌سانه‌ی له‌ شاره‌كانی دیكه‌وه‌ بۆ هه‌ولێر دێن له‌ گه‌رماوی بازاڕ خۆیان ده‌شۆن".

به‌ گوێره‌ی ئه‌زمونی ٢٥ساڵ كاركردنی له‌ گه‌رماوه‌كانی ژناندا حاجی هه‌دییه‌ زۆر به‌سه‌رهاتی لایه‌ له‌سه‌ر ڕووداو و بارودۆخی گه‌رماوه‌كان. ئه‌و گوتی گه‌رماوه‌كان خه‌ڵك به‌یه‌كتر ده‌ناسێنن"ژنان ده‌بن به‌براده‌ر، جار هه‌بووه‌ ژن ڕایانسپاردووم و به‌تایبه‌تی هاتوون بۆ حه‌مامه‌كه‌ تا كچێك بدۆزنه‌وه‌ بۆ كوڕه‌كانیان و زۆر حاڵه‌تی ژن و ژنخوازیشی لێكه‌وتۆته‌وه‌".

سه‌باره‌ت به‌بردنی مۆبایل بۆ ناو گه‌رماوه‌كان گوتی"هه‌ندێك خه‌ڵك گوتویانه‌ له‌گه‌رماوێكی شاری هه‌ولێر مۆبایلیان بردۆته‌ ژووره‌وه‌و وێنه‌یان گرتووه‌و وێنه‌كانیان فرۆشتوته‌وه‌و له‌وكاته‌شه‌وه‌ ئێمه‌یان بانگكردووه‌ له‌ئاسایشه‌وه‌و ئاگاداریانكردینه‌وه‌ بۆ ئه‌وه‌ی زیاتر ئاگامان لێبیت و نه‌هێڵین ژنان مۆبایل به‌رنه‌ حه‌مامه‌كه‌وه‌".

تریفه‌ی ٥٥ساڵ یه‌كێك بوو له‌و ژنانه‌ی كه‌له‌ یه‌كێك له‌ هۆڵی ساردی گه‌رماوێكی شاری هه‌ولێر دانیشتبوو و باسی له‌وه‌كرد كه‌له‌ ڕێگای هاتووچۆی بۆ گه‌رماوه‌كانی ژنانه‌وه‌ كچێكی دۆزیوه‌ته‌وه‌ بۆ كوڕه‌كه‌ی و پاش یه‌كترناسین خوازبێنی كردووه‌. ئه‌و گوتی"به‌و مه‌به‌سته‌ ده‌هاتمه‌ گه‌رماوی ده‌ره‌وه‌و دواتر كچێكی جوانم بۆ كوڕه‌كه‌م دۆزییه‌وه‌، به‌ڵام ته‌نیا ٤ مانگ ژنی بوو و ته‌ڵاقی لێوه‌رگرت".

گوتیشی"شتێكی ئاساییه‌ ژنان بۆ جه‌وگۆڕین و كاری خێر بچنه‌ گه‌رماوه‌كان. چه‌ند خزمی خۆم ئاوا ژنیان بۆ كوڕیان هێناوه‌و خۆشم هاوڕێم زۆر بۆ دروستبووه‌".

عیسمه‌ت خه‌لیل ٧٠ ساڵ ژنی ماڵه‌وه‌یه‌، ده‌ڵێ:"هه‌ر له‌ گه‌نجێتییه‌وه‌ له‌گه‌ڵ هاوڕێكانم ده‌چووین بۆ گه‌رماوه‌ گشتییه‌كان و كردبوومان به‌عاده‌ت و بۆ كۆبوونه‌وه‌ و خۆشی ده‌ڕۆین ئه‌گینا له‌ماڵه‌وه‌ گه‌رماوی باشمان هه‌یه‌".

ئه‌و ژنه‌ به‌ته‌مه‌نه‌ گوتشی"ئێستاش هه‌موو سه‌ری هه‌فته‌یه‌ك له‌گه‌ڵ خزم و هاوڕێكانم كه‌ هاوته‌مه‌نی خۆمن ده‌ڕۆینه‌ حه‌مامی ده‌ره‌وه‌و بووه‌ته‌ عاده‌ت لامان".

یه‌كه‌م گه‌رماو له‌ شاری هه‌ولێر ناوی گه‌رماوی قه‌ڵابووه‌و مێژووه‌كه‌ی ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ بۆ كۆتایی سه‌ده‌ی هه‌ژده‌هه‌م. ئه‌م گه‌رماوه‌ له‌ساڵی ١٩٧٩ نۆژه‌نكراوه‌ته‌وه‌. ئێستاش ژماره‌ی گه‌رماوه‌كانی هه‌ولێر زیاتر له‌ ٢٠ گه‌رماوه‌و ٨ یان تایبه‌تن به‌ ژنان.

گه‌رماوی سۆرانیش یه‌كێكیتره‌ له‌ گه‌رماوه‌كانی ئه‌م شاره‌ كه‌ به‌شێكی تایبه‌تی هه‌یه‌ به‌ژنان و ماوه‌ی ١٢ ساڵه‌ درووستكراوه‌، حه‌سه‌ن له‌تیف، خاوه‌نی

www.netewe.com






حەمامی ژنان لە سلێمانی

فۆتۆ: وارڤین

گەرماوەکە بۆ وارڤین گوتی"زستانان موشتەریمان زۆرەو ژنان زۆر دێنە حەمامەکە، بەڵام ژنان زۆر ئاو سەرف دەکەن و زۆریش دەمێننەوەو هیچ خێر ناکەین".

ئەو باسی لەوەش کرد کە بازاڕیان لەچاو ساڵانی پێشوودا کەمیکردووەو گوتی"ئێستا کارەباو ئاوی گەرم لەهەموو ماڵێکدا هەیەو کەمتر خەڵک دێن بۆ حەمامی دەرەوە بۆیە قازانجمان کەمە".

سەبارەت بەو کێشانەی لەماوەی کارکردنی لەگەرماوەکەیدا روویداوە گوتی"تائێستا تەنیا یەکجار کێشە روویداوە. ئەویش ژنێکی عەرەب هاتبوو و دەستی خستبووە سەر ملی ژنێکی پیر لەحەمامەکەو ویستبووی بیخنکێنێت بۆ ئەوەی ملوانکەکەی بدزێت. ئیتر من فریایکەوتم و پۆلیسم ئاگادار کردەوەو گرتیان". گوتیشی "ماوەیەک گوتیان لە ژورەوە وێنە دەگرن بەمۆبایل و ئیتر لەوکاتەوە ژنەکان ئەپشکێنرێن و ئینجا دەچنە گەرماوەکان".

ئەو حەمامچییە بێزاری خۆشی دەربڕی لەمامەڵەی هەندێک لە ژنەکان و گوتی"ژن هەبووە لە سەعات ٨ی بەیانی چۆتە حەمام تا بانگی مەغریب نەهاتۆتە دەرەوە دواتر پیاوەکەی هاتووە بە شوێنیدا و لێیپرسیوە".

لەگەڵ ئەوەی بەشێکی زۆر لە ژنانی هەولێر دەچن بۆ گەرماوە گشتییەکان، بەڵام زۆریشن ئەوانەی کە تائێستا گەرماوی گشتییان نەبینیوو و ناشیانەوێت بچن. شۆخان محمد ٢٢ ساڵ خوێندکاری زانکۆیەو یەکێکە لەو کچانە کە تائێستا نەچووە بۆ گەرماوی گشتی ژنان. ئەو گوتی"ئێستا گەرماوی رێکوپێک لەهەموو ماڵێکدا هەیەو ئاوی گەرم و جێگەی باش هەیەو پێویست بەوەناکات پارە بدەیت بە حەقی خۆشوشتن و بچیتە گەرماوی بازاڕ".

گوتیشی"ناچم بۆ گەرماوی گشتی و نامەوێت خۆم تووشی کێشە بکەم ، چونکە دڵنیانیم لێیان و ئەو گەرماوانە کەسی باش و خراپ رووی تێدەکات".

ئەو کچە گەنجە بەپێکەنینەوە گوتیشی"لەرووی کاتیشەوە، کاتم نییە بچم بۆ گەرماوی بازاڕ و زوو زووش خۆم دەشۆم. ئەگەر وابێت دەبێ هەر بەرێگەوەبم بۆ حەمام و بازاڕ".

ئەو باسی لەوەش کرد کە پێویست ناکات لەم سەردەمەدا خەڵک برِوات بۆ گەرماوی دەرەوەو لەکۆندا لەبەر نەگونجاوی گەرماوی ماڵەکان و نەبوونی ئاوی گەرم و نزمی ئاستی دارایی و زۆری ژمارەی ئەندامانی خێزان خەڵک پەنایان بۆ گەرماوە گشتییەکان بردووە.

www.netewe.com



# د. مەریوان وریا قانع:

# زیادبوونی حیجاب پەیوەندی بەکـــــ

تایبەت

گفتوگۆو بۆچوونەکان لەسەر دیاردەی حیجابی ژنـان لـەکـوردسـتـان، فـرەلایـەنـن. زۆرێـک بە کەلتوورێکی هـاوردەی ناوچە عەرەبییەکان و زۆرێـک بە یەک لەمەرجەکانی ئیسلامبوونی دەزانـن. هەندێ را دەڵێن، لەئاییینی ئیسلامدا حیجاب تەنیا بـۆ خێزانەکانی پێغەمبەری ئیسلام دیاریکراوە، شوێنکەوتەکانی کردوویانە بە"سوننەت"و بەردەوامییان پێداوە. ئایا حیجاب کاریگەری لەسەر کەلتووری رەسەنی کوردی هەیە؟ تاچەند بووەتە هۆکاری سنووردارکردنی ژن، لەکایەکانی ژیـان؟ پەرەسەندنی حیجاب لەکوردستاندا مۆرکێکی ئایینی هەیە، یان پەیوەستە بەهاتنی ئایدۆلۆژیای ئیسلامی سیاسییەوە؟ لەتەوەرێکدا وارڤـیـن هەموو پرسیارانە دەخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. لەژمارەی ئەمجارەدا نووسەرو روناکبیر د.مەریوان وریا قانیع، وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە.

بەشی یەکەم:

**وارڤین:** دیاردەی حیجاب لەهەرێمی کوردستان، بەرەوزیادبوون دەچێت، لەگەڵ ئەوەی دەگوترێت کە حیجاب و عەبا کەلتووری کوردنین، هۆکاری زیادبوونی چییە؟

**د. مەریوان:** سەرەتا با لەم خاڵە سۆسیۆلۆژییەوە دەستپێبکەین، هەر کۆمەڵگایەک دینی تێدابێت جلووبەرگی دینیشی تێدایە. جلووبەرگی دینی یەکێکە لەشێوە سەرەتایی بەڵام سەرەکییەکانی دەرکەوتنی دین لەکۆمەڵگادا. بەحووکمی ئەوەیش کە دین بەبەردەوامی بەشێک بووە لەپێکهاتەی فەرهەنگی کۆمەڵگای ئێمە. بۆیە جلوبەرگی دینی هەمیشە بەشێک بوون لەسیستەمی ئەو جلوبەرگەی لەکۆمەڵگای ئێمەدا ئامادەبووە. جا ئەو جلوبەرگە پەچەبووبێت یان عەبا یان لەچک، شتێکی جەوهەری لەپرسەکە ناگۆڕێت. کۆمەڵگاکانیش وەک چۆن دەتوانن دینەکانی خۆیان بگۆڕن، یان تێگەیشتنیان بۆهەمان دین بگۆڕێت، ئاواش دەتوانن جلوبەرگە دینییەکانیان بگۆڕن. یان ماناو دەلالەتی تازەی پێببەخشن. لەمێژووی هاوچەرخی خۆیدا کۆمەڵگای کورد، کۆمەڵگایەک نەبووە دین تێیدا رۆڵی فەرهەنگی

www.netewe.com

گەورەو گرنگی نەگێڕابێت، بەشێک نەبوبێت لەو دنیا رەمزییەی کە مانای بەبڕێکی بەرچاو لەهەڵسووکەوتەکانی مرۆڤ و بەدیاردە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان بەخشیبێت. بۆیە دین بەبەردەوامی لەناو سیستەمی جلوبەرگ لەم کۆمەڵگایەدا ئامادەبووە، بێگومان بەپلەو رادەی جیاواز. بەڵام عەباو حیجاب، بەوشێوەیەی ئەمڕۆ لەکۆمەڵگای ئێمەدا هەن، ئامادەبیان لەسالآنی شەست و حەفتاو هەشتادا جیاوازە. حیجاب لەئەمڕۆدا یەکێکە لەهێما سەرەکییەکانی ئەو شەپۆلە دینداریی گەورەیەی کە هەندێک کۆمەڵناسی بواری دین بە"دینداری نوێ" ناوی دەبەن. ئەم شەپۆلە دینداریی تازەیە شەپۆلێکی جیهانییەو شتێک نییە تایبەت بە کۆمەڵگای ئێمە، هەروەها تەنیا پەیوەست نییە بەئیسلامەوە وەک دین، بەڵکو زۆربەی هەرەزۆری دینەکانی تریشی گرتۆتەوە. لەم شەپۆلە نوێیەدا دینداری وەک بەشێکی دیارو بەرجەستە لەژیانی تاکەکسی کەسە باوەڕدارەکاندا دەردەکەوێت. دەیەوێ لەفەزای گشتیدا خۆی نمایش بکات، سەرنجی دنیای دەوروبەر بۆخۆی رابکێشێت،

بەمجۆرە دینداریییە. دەسەڵاتداران پێویستییان پێیەتی چونکە ناسیاسییەو بەدوورە لەهەر جۆرە بەرخوردێکی راستەقینە لەگەڵ دەسەڵاتدا. چین و توێژە دەوڵەمەندەکان پێویستیان پێیەتی، چونکە ئەو جۆرەیە لەدینداری کە خۆی بەخۆخەریککردن بەشتە رووکەشەکانەوە خەریکدەکات و پرسیاری ئەوەناکات سەروەت و سامانی دەوڵەمەندان، لەکوێوە هاتووەو بەچ جۆرێک کۆکراوەتەوە. هەروەها هێزە ئیسلامییە سیاسییەکانیش بەباشی دەزانن، چونکە فەزایەکی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجی دینییان بۆدروستدەکات کە تیایدا باشترو ئاسانتر دەتوانن گەشەبکەن. بێگومان برێک لەو حیجاب و عەبایانەی کە هەن حیجاب و عەبای سیاسین، خاوەنەکانیان بەشێکن لەپرۆژەیەکی سیاسی دینی، بەڵام واهەستدەکەم زۆربەی هەرەزۆری حیجابەکان بەشێکن لەو دیاردەیە دینداریە نوێیەی باسمکرد.

یەکێک لەتایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەم دیاردەی"دینداری نوێ"یە ئەوەیە کە دیاردەیەکی شارییە، بەتایبەتی دیاردەی ناو شارەگەورەو نیمچەگەورەکانەوە کەمتر لەشارۆچکەو لادێکاندا

لەگەورەیی و بەرفراوانی ئەم دیاردە نوێیەی دینداری، وەک دیاردەیەکی میدیایی تێدەگەین. ئاکارێکی دیکەی ئەم دینداریە نوێیە ئەوەیە کە دیاردەیەکی رۆشنبیریشە. وەک دەبینن ژمارەی بلاوکراوەو رۆژنامەو کتێب و گۆڤاری دینی لەکوردستاندا بەرادەیەکی زۆر زیادیکردووەو ئەمڕۆ بازارێکی گەورەی تایبەت بەخۆی دروستکردووە. مەرج نییە خوێندەوارە دینییەکان هەموویان لەگەڵ هێزە ئیسلامییەکاندابن، یاخود بەشێک بن لەهێزەکانی دەرەوەی هێزە ئیسلامییەکان. بەڵام ئەوەی دەینووسن و دەیڵێن، وادەکات بڕ و رادەی دین لەکوردستاندا، زۆر گەورەو بەرفراوان بێت.

مەبەست و پلانی هەرەسەرەکی ئەم دینداریە تازەیە گەیشتنە بەتاکەکەس، کەمتر رووی لەکۆمەڵگایە وەک گشتێک، بەموسوڵمانکردنەوەو بەدینکردنی تاکەکەس ستراتیژیەتی سەرەکی کارکردنیەتی. هاوکات خۆشی کەمتر وەک پرۆژەیەکی سیاسی دەردەخات و زیاتر خۆی وەک ویستی پێداگرتن لەسەر ئەخلاق و کەلتوور و رەسەنایەتی نیشاندەدات. بێگومان

# ـــاری هێزە ئیسلامییەکانەوە هەیە

وەک هێمایەک زیاد لەجێگایەکی ناو کۆمەڵگادا ئامادەبێت. پرسی سەرەکی لەم دینداریە نوێیەدا تەعبیرکردنی باوەڕدارە لەعەقیدە، یان باوەڕ دینییەکی خۆی، ئەمەش زۆرجار بەبێئەوەی ئەم باوەڕە دینیە بارگاویکرابێت بەداواکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی تایبەت. ئەم خاڵە وایلێدەکات بەجۆرێک لەدینداری دوور لەوەی داوای گرتنە دەستی دەسەڵات بکات. یان خۆی خەریکبکات بەرەخنەکردنی دەسەڵاتەوە. ئەمجۆرە لەدینداری نوێ، دینداریەکی رووکەشەو سەرقاڵی خۆخەریککردنە بەکۆدی جلوبەرگ و بەچۆنیەتی دەرکەوتنی جەستەوە لەفەزای گشتیدا. دینداریەکە کەمتر رووی لەناوەوەی کەسانی ئیماندارەو زۆرتر خەریکی خۆنمایشکردنە لەبەردەم کۆمەڵگادا. بێگومان ئەمڕۆکە زیاد لەهێزێک لەکۆمەڵگادا پێویستی

دەبینرێت. ئەم دیاردەیە ئەوەندەی بەشێکە لەئاکاری خەڵکانی خوێندەوارو زۆرجار گەنجان، ئەوەندە بەشێک نییە لەئاکاری کەسانی نەخوێندەوار یان کەمخوێندەوار، کەسانی پیرو بەساڵاچوو، یان تەمەندار. جگە لەوانە ئەم شەپۆلە دینداریە نوێیە دیاردەیەکی میدیاییشە، لەناو میدیاکانەوە دێت و بەناو کۆمەڵگادا بڵاودەبێتەوە. تەماشای ئەو هەموو بەرنامەو گوتارو دەربڕینە دینییانە بکەن کە میدیای هێزی ئیسلامی و نائیسلامییەکان و خوێندەوارو کەسایەتییە دینییەکان رۆژانە فرێیدەدەنە ناو کۆمەڵگاوە، تەماشای ئەو هەموو بێژەرە تەلەفزیۆنیانە بکەن کە بەجلوبەرگ و روخساری دینییەوە دەردەکەون، سەیری ژمارەیەکی زۆری سایتە دینییەکانی ناو ئینتەرنێت و ئەو هەموو فیلمەی سەر تۆڕی یوتوپ بکەن، ئینجا

ئەم دینداریە نوێیە لەدواجاردا کاریگەری لەسەر سیاسەت جێدەهێڵێت، بەڵام خۆی وەک دیاردەیەکی سیاسی نیشاننادات، بەڵکو وەک دیاردەیەکی دینی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی نمایش دەکات. ئەم شەپۆلە لەدینداری نوێ نزیکە لەو گۆڕانەشەوە کە لەگوتاری برێک لەهێزە ئیسلامییەکانی دنیادا دروستبووە. شارەزایانی بواری ئیسلامناسی، بەتایبەتی شارەزایانی بواری بزووتنەوە ئیسلامییەکان، کە باس لەگۆڕانی گوتارو سیاسەتی هەندێک لەهێزەکانی ئیسلامی سیاسی دەکەن، باس لەدروستبوونی قۆناغی"دوای ئیسلامیزم" دەکەن. مەبەستیشیان لەم قۆناغە ئەوەیە کە هێزە ئیسلامییەکان، لەسەرێکەوە ئەو باوەڕەی کە جاران بەبەکارهێنانی توندوتیژی هەیانبوو، ئێستا نەیانماوەو رێگای نەرمتر، هێمنتر و

www.netewe.com

لەسەرەخۆتر دەگرنەبەر، بۆ بەئیسلامیکردنی کۆمەڵگاو بلاوکردنەوەی دینداری.

جگە لەهێزە ئیسلامییە سیاسییەکانی کوردستان و دەزگا دینییە زەبەلاحەکانی کە لەم سالانەدا دروستبووە، جگەلە بەشداری ترسنۆکانەی هێزە عەلمانییەکان لەبرەودان بەم هەڵئاوسانە گەورەیەی دین لەکوردستاندا، چەندان هێزو کەسایەتی و دەزگای نێودەوڵەتیش هەن کە کۆمەکی ئەو شێوازە لەدینداری نوێ دەکەن. من نازانم ئایا بڕ و رادەی ئەمجۆرە کۆمەکە لەکوردستاندا چەندە، لەمڕووەوە هیچ جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیمان لەبەردەستدانییە، بەڵام لەزۆر شوێنی دنیادا ئەو دەزگاو کەسایەتییە جیهانییانە رۆڵی گرنگ لەبەرفراوانبوونی ئەم دیاردەیە نوێیەی دینداریدا دەگێڕن.

لەپاڵ ئەو هۆکارانەی لەسەرەوە باسمکردن، هۆکارێکی دیکەی دروستبوونی ئەم دیاردەیە **بریتییەلە:** پرۆسەکانی جیهانگیری. زۆربەی لێکۆڵەرەوانی ئەم بوارە لەسەر ئەو رایە تەبان کە رەگەکانی ئەم دیندارییە تازەیە دەگەڕێتەوە بۆ ولاتی میسر و بۆ ئەو رەوەندە موسوڵمانە کۆچکردوانەی کە لەرۆژئاوا دەژین. لەراستیدا ئەوانەشی کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر میسر کردووە، پێیانوایە دروستبوونی ئەم شێوازە لەدینداری نوێ لەمیسردا، دیسانەوە پەیوەندی بەو دیاردەی دیندارییە نوێیەوە هەیە کە لەناو کۆچبەرە موسوڵمانەکانی خۆرئاوادا دروستبووە. دوای دروستبوونی ئەم دیاردەیە لەخۆرئاوا، ئیدی لەرێگای کۆچی مرۆڤ، هێما، وێنەو بیربۆچوونەکانەوە، گواستراوەتەوە بۆ زیاد لەبەشێک لەبەشەکانی دنیا، لەوانەش کوردستانی خۆمان. بێگومان ئەم شێوازە لەدینداری نوێ لەناو موسوڵمانە کۆچبەرەکان بۆ خۆرئاوا، مانایەکی تەواو جیاوازی لەو مانایە هەیە کە لەکوردستاندا، هەیەتی. بەڵام لێرەدا کات و مەودای ئەوەم نییە باس لەو جیاوازییانە بکەم. بەکورتی من رام وایە یەکێک لەهۆکارە گرنگەکانی پشتی زیادبوونی دیاردەی حیجابپۆش و گرنگیدانی لەرادەبەدەر بەحیجاب لەئێستادا پەیوەندی بەم شەپۆلی دیندارییە نوێوە هەیە کە باسمکرد. ئەگەرچی کاریگەری بزووتنەوەی ئیسلامییەکانی کوردستان لەسەر ئەم دیاردەیە ئاشکرایە، بەڵام وەک نیشانمدا ئەوان تاکە هۆکارێکی دروستبوونی ئەم دیاردەیە نین.

بەڵام ئەوەی ئایا ئەم دیاردەیە بەشێکە لەوەی ئێوە ناوی" کەلتووری کورد" لێدەنێن یان نا، ئەمەیان، بەبۆچوونی من، تەماشاکردن و نیشتەجێکردنی ئەم دیاردەیە لەشوێنێکی ناڕاست و هەڵەدا. لەپشتی ئەم پرسیارەوە وێنەیەک بۆ کەلتوور هەیە کە هەڵەیە. لەپشتی پرسیارێکەوە کەلتوورێک بۆ کورد گریمانەکراوە کە گوایە حیجاب و عەبای تێدانییە. لەسەرەتادا گوتم کە دین لەکۆمەڵگای ئێمەدا ئامادەیە، بۆیە جلوبەرگی دینی بەشێکە لەشێوازی جلوبەرگ لەو کۆمەڵگایەدا. دەکرێت لەپشتی ئەو پرسیارەوە ئەو رایە بخوێنینەوە کە پێیوایە کورد، دینێکیتری هەبووە جیاواز لەئیسلام و مادام حیجاب و عەبا هی ئیسلامە، بۆیە ناکرێت کە بەشێک بێت لەکەلتووری کورد. ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە بیرکردنەوەیەکە باز بەسەر مێژوودا دەدات و هەموو ئەو گۆڕانکارییانە نابینێت کە بەدرێژایی هەزارساڵ لە کۆمەڵگای کوردیدا روویانداوە، باسەرەتا بپرسین کەلتووری کورد کامەیە؟ لەسادەترین وردبوونەوەی کۆمەڵناسانەدا لەدنیای ئێمە، دوو راستی گرنگمان بۆدەردەکەوێت، یەکەمیان ئەوەیە کورد زیاد لەهەزار ساڵە موسوڵمانە، زۆربەی هەرەزۆری رێبازە جیاوازەکانی ناو ئیسلام لەکوردستاندا هەبوون و هەن، لەسوننەو شیعەوە بیگرە بۆ رێبازە سۆفیگەرییە جیاوازەکان، تا بەو ئیسلامە سیاسییە دەگات کەلەدوای شۆڕشی ئێرانییەوە بووە بەبەشێک لە پێکهاتەی دینی و سیاسی زۆربەی ولاتەکانی ئەم ناوچەیە. بەم مانایە کەلتووری کوردی لەهەزار ساڵی رابردوودا بەقووڵی بەدەرکەوتە جیاوازەکانی ئیسلامەوە گرێدراوە. دین بەگشتی و ئیسلام بەتایبەتی لەناو دابوونەریت و بەهاو نرخە ئەخلاقییەکان، لەناو ئەدەبیات، نووسین و حیکایەتەکاندا ئامادەبووە. مزگەوت و خانەقاو تەکیە لەدەزگا گرنگەکانی ناو کۆمەڵگای ئێمە بوون و کەسایەتییە دینییە ئیسلامییەکانیش کەسایەتییە گەورەو گرنگەکانی ئەم کۆمەڵگایە بوون. بەڵام ئەو ئامادەبوونە لەهەر شوێن، ناوچەو سەردەمێکدا، مانایەکی جیاوازو ئەرکێکی کۆمەلایەتی جیاوازی هەبووەو بۆ مەبەستی جیاواز بەکارهاتوون. راستی دووهەمیش ئەوەیە کە کۆمەڵگای کوردی لەنیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە کەوتۆتە ناو پڕۆسەیەکی قووڵ و بەرفراوانی تازەبوونەوەی سیاسی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگی و ئەدەبییەوە کە تێیاندا بیروبۆچوونە تازەکانی دونیای مۆدێرن رۆڵی گرنگیان بینیووە لەدروستبوونی ئەو دونیا فەرهەنگی و عەقڵی و خەیاڵییەی کە ئەمڕۆ لەکۆمەڵگای ئێمەدا ئامادەیە ئەم بەشە نوێیەی دنیای ئێمە کەلتوورێکی عەلمانیانەی فرەباب و فرەڕەهەندی لەکوردستاندا دروستکردووە. رادەی گۆڕانەکانی کۆمەڵگای ئێمە لەسەدەو نیوی رابردوودا هێجگار قووڵ و بەرفراوانن. لەمماوەیەدا هەم جلوبەرگی مرۆڤی ئێمە گۆڕاوە، هەم پێکهاتەی خێزان و دابەشبوونی ئەرک و رۆڵە ناوەکییەکانی ناو خێزان، هەم سیستەمی خوێندن، پەروەردەو هەم سیستەمی دادوەری، هەم ئەدەبیات، مۆسیقا، هونەر، مۆدیلی خانووبەرەو پێکهاتی شارو شارۆچکەکانی کوردستان. ئەوەی ئەمڕۆ وەک کەلتووری کوردی ئامادەیە تێکەڵێکە لەم کەلتوورە عەلمانییە مۆدێرنەو لەدین و لەهەندێک دابوونەریتی کۆن، لەوانە بۆ نموونە تۆڵەی شەرەف. هەموو ئەو پێکهاتە جیاوازانە بەشێوەیەکی سەیر بەناو یەکداچوو، ئەمیان کاریگەری لەسەر ئەوەیتریان هەیەو ئەمیان رۆڵی گرنگ دەگێڕێت لەگۆڕانی ماناکانی ئەوانیتردا. ئەوەی ئێمە ئەمڕۆ بەکەلتووری کوردی ناوی دەبەین ئەم تێکەڵە ئاڵۆزەیە لەکەلتووری دینی و عەلمانی کە سەدەونیوێک تەمەنی هەیە. هەرناوچەیەکی کوردستانیش لەپاڵ دیندا نەریت و کەلەپووری تایبەت بەخۆی هەبووە. کە دین یان دەستکاری هەندێکیانی کردووەو ماناکانی گۆڕیون یاخود وەک خۆی قبووڵیکردن و بەکاریهێناون.

بەداخەوە لەناو بەشێکی زۆر لەرۆشنبیران و خوێندەوارانی کورددا وێنەیەکی هێجگار هەڵە لەسەر چەمک و ماناکانی کەلتوور هەیە. زۆرکەس بەدوای کەلتوورێکدا دەگەڕێت"رەسەن" و زۆریشیان ئەم کەلتوورە رەسەنە دەبەنەوە بۆ قۆناغی بەرلەهاتنی ئیسلام، وەک ئەوەی کۆمەڵگای کوردی، لەزیاد لەهەزار ساڵی رابردوودا هیچی نەکردبێت و ئەوەنەبێت هەوڵیدابێت خۆی لەئیسلام رزگاربکات و بچێتەوە بۆناو ئەو کەلتوورەی ئەمان بە رەسەن ناویدەبەن. بێگومان هەرکەسێک شارەزاییەکی کەمی مێژووی ئێمەی هەبێ دەزانێت ئەو جۆرە وێناکردنەی مێژووی ئێمە وێناکردنێکی ئەفسانەییە. لەهەزار ساڵی رابردوودا ئیسلام چوارچێوەیەکی سەرەکی شوناسی دینی ناوچە، ئیمارەت، خێڵ، دەستەو گروپە جیاوازەکانی کوردستان بووە. ئەوەی ئەمڕۆ کورد پێویستی پێیەتی ئەوەنییە بانگەشەی ئەوە

بکرێت بگەڕێینەوە بۆ دینێک یان کەلەپوورێک یان ڕەسەنایەتییەکی وەهمی گریمانکراوی بەرلە ئیسلام، ئەوەی ئەمڕۆ کورد پێویستییەتی بوونە بەبەشێک لەو دەستکەوتە فیکری، فەرهەنگی و ئەخلاقییانەی مرۆڤایەتی لەم چەندسەدەیەی دواییدا بەدەستیهێناوە، لەپێش هەمووانیشەوە بەهاکانی دیموکراسیەت و دادپەروەری و ڕێزگرتن لەمرۆڤ و پاراستنی مافەکانی و شتی دیکەی لەم بابەتە. نەک ئەوەی داوای ئەوە بکەین بگەڕێینەوە بۆ کەلتوورێکی ڕەسەنی گریمانکراو. گەرئەمڕۆ ڕەخنەیەکمان لەحیجاب هەبێت، ئەوا پێویستە ئەو ڕەخنەیە لەبەرگریکردن لەئازادی جلوبەرگ و خۆپۆشین و ئازادی ئیرادەی مرۆڤەوە دەستپێبکات. نەک بڵێین ئێمە بەرلە ئیسلام، واتە بەرلە ١٤٠٠ساڵ لەمەوبەر، کەلتوورێکمان هەبووە حیجابی تێدانەبووە. بۆیە دەبێت بۆ ئەو کەلتوورە بگەڕێینەوە، هۆکارەکانی پەرەسەندنی حیجابیش ئەوەنییە کە کورد کەلتووری ڕەسەنی

**ئەوەی تەماشای تەلەفزیۆنەکانی ئەم هێزانەبکات، یان گوێبیستی رادیۆکانیان بێ دەزانێت کە چۆن کوردستانیان پڕکردووە لەترسێکی دینی گەورە**

گریمانکراوی خۆی لەبیرچۆتەوە، ڕێگرتن لەوەش کە بەزۆر حیجاب نەکرێتەبەر ئافرەتانی وڵاتی ئێمە بەوەنابێت، بڵێین ئەمە دژی کەلتووری ڕەسەنی ئێمەیەو دەبێ بۆ ئەو کەلتوورە بگەڕێینەوە. بەڵکو دەبێ بەرگری لەمافەکانی مرۆڤ بکەین و بەزۆر پۆشینی حیجاب وەک پێشێلکردنی ئەو مافانە بنرخێنین.

وارڤین: ئایا حیجاب لەکوردستاندا مۆرکێکی ئایینی هەیە، یان پەیوەندی بەهاتنی ئایدۆلۆژیاو ئیسلامی سیاسییەوە هەیە؟

د. مەریوان: دیاردەی زیادبوونی حیجاب لەکوردستاندا پەیوەندی بەچالاکی و کارو گوتاری هێزە ئیسلامییەکانی کوردستانەوە هەیە. زۆربەی زۆری ئەم چالاکی و گوتارو کارانەش شتگەلێکی نەرێنین. ئەوەی تەماشای تەلەفزیۆنەکانی ئەم هێزانەبکات، یان گوێبیستی رادیۆکانیان بێ دەزانێت کە چۆن کوردستانیان پڕکردووە لەترسێکی دینی گەورە. بەرادەیەک وادەردەکەوێت بەرهەمهێنانی مرۆڤی ترساو یەکێک بێت لەکۆڵەکە سەرەکییەکانی کارو گوتاری ئەم هێزانە. ترس لەخودا، جەهەننەم، لەسزا، لادان لەئەخلاق، تێکچوونی سنووری حەرام و حەڵاڵ لەگەڵ یەکدا... لەگوتاری ئەم هێزانەدا خودا، بوونەوەرێکی سزابەخشەو مرۆڤ لەسەر جۆری جلوبەرگ و خۆپۆشین سزادەدات. ئەم هێزانەو خوێندەوارەکانیان پۆشینی حیجاب وەک جێبەجێکردنی ئەمری ئیلاهی پێشنیاردەکەن. حیجابنەپۆشین وەک لادانێکی گەورە لەعەقیدەو باوەڕو دینداری دەناسێنن. بێگومان ئەو ترسە گەورەو هەمەلایەنە هۆکارێکی گرنگە بۆ زیادبوونی ئەم ژمارەیە لەحیجابپۆشان لەکوردستان. بەڵام ئەم دیاردەیە تەنیا پەیوەندی بەبوونی ئیسلامی سیاسییەوە نییە، بەڵکو دیاردەیەکی جیهانییەو پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەپرۆسەی بەجیهانیبوونی ئەو شێوازە لەدینداریەوە هەیە کە کۆمەڵناسان ناوی"دینداری نوێ"ی لێدەنێن. بڕێک لەو حیجابپۆشەی ئەمڕۆکە هەیە پەیوەندی بەو ڕاستییەوە هەیە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی لاساییکەرەوەیە. ئەوە بەسە لەناو قوتابخانەیەکدا کەسێک بگاتە ئەو بڕوایەی بەقەناعەتەوە حیجاب بپۆشێت، بۆ ئەوەی ببێتە مۆدیلێک بۆ زۆر کەسی دیکەو بەشێکی زۆری قوتابخانەکە لاسایی بکەنەوە. ئەم دیاردەی لاساییکردنەوەیە زۆر نزیکە لەو تێزە گرنگەی کۆمەڵناسی گەورەی فەرەنسا، پیار بۆردیۆ کە دەڵێ لەدنیای ئەمڕۆدا دروستبووە کە چیدی واقیع مۆدێل دروستناکات، بەڵکو مۆدێل واقیع دروستدەکات. ئەوەندە بەسە ئافرەتێک ببێت بەمۆدێلێکی حیجابپۆش، بۆ ئەوەی چەندان ئافرەتی دیکە لەسەر هەمان مۆدێل حیجاببپۆشن. ئەمە جگە لەدروستبوونی بازاڕێکی تایبەت بۆ مۆدێلی جلوبەرگی دینی لەکوردستاندا کە ئەوانیش لەڕێگای ڕیکلام و وێنەو تەکنیکی تەسویقی تایبەتەوە دەتوانن ژمارەیەکی زۆر لەکالاو جلوبەرگی دینی لەکوردستاندا ساغبکەنەوە. حیجاب بەشێکە لەو جلوبەرگە تایبەتەی کە بەجلوبەرگی دینی ناودەبرێت. واتە بەشێکە لەکردەی خۆپۆشینی دینی و دەبێت وەک بەشێک لەم کردەیە تەماشای بکەین. بۆ ئەوەی ئاسۆی بینینەکانمان فراوانتربکەین و دیاردەی حیجاب و خۆپۆشینی دینی تەنیا وەک بەشێک لەبزووتنەوە ئیسلامییەکان نەبینین، پێمباشە کەمێک لەسەر سۆسیۆلۆژیای جلوبەرگ و خۆپۆشین ڕاوەستین، چونکە ڕاستە حیجابپۆشی دیاردەیەکی دینییە، بەڵام هاوکات دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەو پێویستی بەوەیە لەچوارچێوەی کۆمەڵناسی یان سۆسیۆلۆژیای جلوبەرگ و خۆپۆشیندا بیخوێنینەوە.

لەکۆمەڵناسی جلوبەرگدا دیاردەی خۆپۆشین، دەروازەیەکی گرنگە بۆ چوونە ژوورەوە بۆنێو کەلتووری باڵادەست لەکۆمەڵگادا. جلوبەرگ لەئێستادا تەنیا کۆمەڵێک قوماشی ئاسایی نییە مرۆڤ لەشی خۆی پێداپۆشێت، شتێک نییە چاو لەدەرەوەڕا ببینێت و مانای تایبەتی نەبێت، دیاردەیەک نییە تەنیا پێویستی فیزیایی مرۆڤ بەخۆداپۆشین دروستیکردبێت، بەڵکو هەمیشە کۆمەڵێک ماناو بیرو بۆچوون و چەمکی شاراوەی لەپشتەوەیە کە بەسەریەکەوە بڕێک لە مانا گشتییەکانی کەلتورێکی دیاریکراو لەکۆمەڵگایەکی دیاریکراو و لەسەردەمێکی دیاریکراودا دەستنیشاندەکات.

جلوبەرگ، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بەدەستنیشانکردنی شوناسی مرۆڤەوە. وەک چۆن تەمەن، ڕەگەز، دین، ئەتنیەت، نەتەوە دەستنیشانی بەشێک یان لایەنێک لەلایەنەکانی شوناسی ئینسانی دەکەن، ئاواش جلوبەرگ دەستنیشانی لایەنێکیتری شوناسی ئینسان دەکات. لەڕاستیدا زۆرجار تەمەن، ڕەگەز، دین، ئەتنیەت و نەتەوە خۆشی، بەشێک لەشوناسی خۆیان لەڕێگای لەبەرکردنی جلوبەرگ و خۆپۆشینی تایبەتەوە نیشاندەدەن.

www.netewe.com

پیر جۆرێک جل لەبەردەکات جیاواز لەجل لەبەرکردنی گەنجانە. گروپێکی ئەتنی یان نەتەوەیەک زۆرجار لەرێگای جلەکانییەوە پێ لەسەر شوناس و تایبەتمەندی خۆی دادەگرێت، دین لەرێگای خۆپۆشینێکی تایبەتەوە باس لەتایبەتمەندییەکانی خۆی دەکات. لەهەموو ئەم دۆخانەدا جل لەپەیوەندییەکی راستوخۆدایە بەشوناسی تاکەکەسی و دەستەجەمعییەوە. لەسەرێکی دیکەوە جل جۆرێکە لەنیشاندان و نمایشکردنی لەش، لەشیش یەکێکە لەکۆڵەکە هەرەسەرەکییەکانی شوناسی مرۆڤ. لای هەندێک گروپ، بەتایبەت لای گروپە دینییە زۆر کۆنەپارێزو داخراوەکان، حیجاب، یان جلوبەرگی دینی، رۆڵی سنوورێکی رەمزی هێجگار گرنگ دەبینێت کە شوناسی ئەوان وەک گروپێکی باوەڕدار لەشوناسی دنیای دەوروبەریان جیادەکاتەوە. لەراستیشدا لای ئەم جۆرە گروپە دینییە داخراوانە جلوبەرگ ئەو

**نکۆڵی لەوەناکەم کە کەسانێک هەبن بەویست و قەناعەتی خۆیان حیجاب لەسەربکەن. یان حیجاب وەک بەشێک لەسیستەمی کۆنترۆڵکردنێکی دەرەکی مامەڵە نەکەن، بەڵام پێموایە بەشێکی زۆری ئەوانەی حیجابیان لەبەرە ترسێکی دروستکراو ئەو حیجابەی کردووەتەبەریان**

سنوورە سەرەکییەیە کە ئەخلاق لە بەدئەخلاقی و حەیا لەبێحەیایی جیادەکاتەوە. لەفەزای کۆمەڵایەتیشدا جلوبەرگ بەشێوەیەکی ئاشکرا هەمان رۆڵی سنوورێکی رەمزی دەبینێت، بۆ نموونە: جیاکردنەوەی دەوڵەمەندو دارا لەهەژارو نەبوو، پیشەیەک لەپیشەیەکیتر، رەگەزی نێر لەمێ و زۆر شتی تریش خۆیان لەرێگای جلوبەرگ و خۆپۆشینەوە لەیەکتر جیادەکەنەوە. لێرەدا جلوبەرگ، ئەرکی جیاکردنەوەی چین، توێژ، گروپ و پیشەکان ئەنجامدەدات. پێداگرتن لەسەر پۆشینی جلوبەرگێکی تایبەت تەنیا پەیوەندی بەگروپە دینییەکانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەو سیستەمە سیاسی و دەسەڵاتدارێتیانەشەوە هەیە کە لەئارادان. وەک چۆن مرۆڤی دیندار لەرێگای حیجابەوە شوناسی خۆی پیشاندەدات، بۆ نموونە هەموو ئەندامانی دەزگا سەرەکییەکانی دەسەڵات یەکجۆر جلی تایبەتیان لەبەردایە، پۆلیس، سەرباز و هێزە چەکدارەکان جلی تایبەتیان هەیە، زۆربەی سیاسییەکان قاتی تایبەت لەبەردەکەن. پیاوانی دینی، فەرمانبەران، جلی تایبەتیان هەیە. ئەوانەشی کە لەیاساکانی دەسەڵات لادەدەن، جلی تایبەت لەبەردەکەن بۆ نموونە، زیندانییەکان، لەهەموو ئەو دۆخانەدا، جل تەنیا پۆشاکێکی ئاسایی نییە. بەڵکو بەشێکە لەدەرکەوتە بەچاوبینراوەکانی دەسەڵات، نیگاکردنی دەسەڵات بۆخۆی، ئەو ئاوێنەیان کە دەسەڵات تێیدا هەم خۆی دەبینێت هەم خۆی بەدنیای دەرەوە نیشاندەدات. ئەمجۆرە یەکبوونە لەخۆپۆشیندا لەهەمانکاتدا هێمایە بۆ توانای دەسەڵات لەکۆنترۆڵکردنی مرۆڤەکاندا. ئیرادەی ئەوانەی جلەکانیان لەبەردایە رۆڵیان نییە لەهەڵبژاردنی ئەو جلانەدا، بۆ نموونە: پۆلیسێک یان سەربازێک ناتوانێت خۆی جلەکانی خۆی دەستنیشانبکات، بەڵکو ئەو دەسەڵاتەی بۆی دەستنیشاندەکات کە دەزگاکانی پۆلیس و سوپا بەڕێوەدەبات. لێرەدا جلوبەرگ هێمایە بۆ جەستەی کۆنترۆڵکراو و دیسپلینکراوی ئەوانەی لەبەریاندایە.

هەموو ئەو راستییانە وامانلێدەکات پرسی جلوبەرگ وەک دیاردەیەکی ئاڵۆز تەماشابکەین. بەدیاردەی حیجابپۆشی و لەبەرکردنی بەرفراوانی جلوبەرگی دینییەوە. لەبەر سێبەری ئەو بۆچوونانەی سەرەوەدا دەکرێت بڵێین، حیجاب لەیەککاتدا بەشێکە لەمانایەک لەمانا تایبەتییەکانی کەلتوور یان شوناسی دینی، وەکچۆن بەشێکیشە لەستراتیژییەتێکی تایبەت بۆ دەسەڵات کە خوازیاری ئەوەیە لەرێگای جلەوە جەستەیەکی کۆنترۆڵ و دیسپلینکراو دروستبکات. هەروەها بەشێکیشە لەهەستکردنی مرۆڤی دینی بەخودی خۆی، وەک بوونەوەرێکی دینی و بەشێکە لەویستی ئەو بۆ نیشاندانی شوناسی خۆی وەک تاکەکەسێکی باوەڕدار.

بەبۆچوونی من راستترین شێواز بۆ لێکۆڵینەوە لەجلوبەرگ و خۆپۆشین لەکۆمەڵگای ئێمەدا، تەماشاکردنیەتی وەک بەشێک لەسیستەمی کۆنترۆڵ و چاودێریکردنی کۆمەڵایەتی. جلوبەرگ لەدنیای ئێمەدا کەمتر تەعبیر لەئازادی مرۆڤ دەکات و زیاتر وەک یەکێک لەرەگەزە سەرەکییەکانی سیستەمی کۆنترۆڵ و چاودێری کۆمەڵایەتی لەدنیای ئێمەدا لە فۆرمی کۆنترۆڵ و چاودێری دینیدا ئامادەیە. لەبیست ساڵی رابردوودا سیستەمی کۆنترۆڵی دینی بەرادەیەکی گەورە گەشەیکردووەو بەهێزبووە. حیجاب لەدنیای ئێمەدا بەشێکە لەم سیستەمی کۆنترۆڵە. بێگومان نکۆڵی لەوەناکەم کە کەسانێک هەبن بەویست و قەناعەتی خۆیان حیجاب لەسەربکەن. یان حیجاب وەک بەشێک لەسیستەمی کۆنترۆڵکردنێکی دەرەکی مامەڵە نەکەن، بەڵام پێموایە بەشێکی زۆری ئەوانەی حیجابیان لەبەرە ترسێکی دروستکراو ئەو حیجابەی کردووەتەبەریان، جا ئەم ترسە لەخودابێت یان باوک و برا، لەدەرو دراوسێ، مامۆستاو هاوپیشەکان لەفەرمانگەیەکدا، قسەی خەڵک هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێت. لەهەموو ئەو دۆخانەشدا گوشارێکی دەروونی گەورە لەسەر ئەو کەسانە هەیە کە بەویستی خۆیان حیجاب لەبەرناکەن. لەراستیشدا حیجاب تەنیا ئامراز یان بەشێک نییە لە ستراتیژیەتێکی تایبەت بۆ کۆنترۆڵکردنێکی دەرەکییانەی لەش، بۆداپۆشینی لەش وەک بەشێک لەواجبێکی ئەخلاقی دینی، بەڵکو هاوشانیشە بەکۆنترۆڵکردنی ئەو شتەی هەندێک کۆمەڵناس و ئینسانناس ناویدەنێن "جەستەی ناوەکی" واتە کۆنترۆڵکردنی تۆنی بەرزی و نزمی دەنگ، جووڵەی چاو، تەعبیرکردن لەهەستونەست، دەربڕینی حەزو ئارەزو و خۆشەویستی. هەموو ئەمانە بەشێکن لەسیستەمی کۆنترۆڵکردنی لەش و حیجاب وەک بەشێک لە سیستەمی کۆنترۆڵی دینی، ئەم ئاستەی ئامادەگی لەشیش کۆنترۆڵ و چاودێری دەکات.

**بەهرە حەمەڕەش**

www.netewe.com

# پرۆفیسۆرێکی زانکۆ هێرشی کردووەتە سەر دایکی خوێندکارێک

هەولێر

## سەرەتای کێشەکە

پەیمان عەبدولقادر، ژنێکی ئەسمەری ٤٨ ساڵەو ماوەی٣٢ ساڵە شوویکردووە، بەرهەمی هاوسەرگیرییەکەی تەنیا کوڕێکە."پاش حەوت ساڵ شووکردن، خودا تەنیا ئەحمەدی کوڕمی پێمداوە". وەک گوتی ئەو هەموو ژیانی خۆی بۆ پەروەردەکردنی کوڕە تاقانەکەی تەرخانکردووە.

ساڵی رابردوو، ئەحمەدی کوڕی، کە ئێستا لەقۆناغی چوارەمی زانکۆیە، بەهۆی کێشەیەکەوە، بە مۆبایل نامەیەکی لەبارەی پەیوەندی مامۆستایەکی خۆی و کچە خوێندکارێک بلاوکردووەتەوەو بەو هۆیەوە کێشە لەنێوان ئەحمەدو مامۆستاکەی دروستبووە.

دایکی دەڵێت"کوڕەکەم هەڵەیەکی گەورەی کردبوو، دواتر هەر خۆی رۆیشتە لای راگری کۆلیژ و داوای لێبوردنی کرد و پەشیمانبووەیەوە". بەڵام مامۆستاکە بەوە رازی نابێت و سکالای یاسایی لەسەر ئەحمەد تۆمار دەکات و بەمەبەستی لێکۆڵینەوە پۆلیس دوو رۆژ ئەحمەد دەستبەسەر دەکەن.

ئەم کێشەیە لەمانگی کانوونی دووهەمی سەرەتای ئەمساڵدا روویداوەو لەمانگی ئازاردا کێشەکە براوەتە دادگا، لەبەردەم دادگادا مامۆستاکەی زانکۆ لەئەحمەد خۆشبووەو ئەمانیش داوای لێبوردنیان لێکردووەو بەو هۆیەشەوە لیژنەیەک لەکۆلیژەکەی پێکهێنراوەو ساڵی خوێندنی ٢٠٠٩ – ٢٠١٠ بۆ ئەحمەد هەژمار نەکراوە. لەسەرەتای ئەمساڵی خوێندنەوە ئەحمەد، بەمەبەستی تەواوکردنی خوێندن ناچاربووە دەوامی بگۆڕێت و بچێتە کۆلیژی ئێواران."ئەمساڵ لەسەرەتای دەوامەوە ئەو مامۆستایە کوڕەکەمی بانگکردووە، پێیگوتووە دایکت پێڵاوەکانی منی ماچکردووە، تالێت خۆشبووم، گوتبووی برۆ ئەگینا دەتتۆپێنم" ئەمە دایکی ئەحمەد گوتی.

## شەوی رووداوەکە

دوای سەرهەڵدانەوەی ئەو کێشەیە لەنێوان ئەحمەد و مامۆستاکەیدا، دایکی ئەحمەد، هەوڵدەدات جارێکی دیکە بچێتە لای ئەو مامۆستایەو داوای بەخشینی کوڕەکەی دووپاتبکاتەوە"رۆشتمە ماڵی ئەو مامۆستایە، شەوی ١٧ لەسەر ١٨ـی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ، کاتژمێر٧ رۆشتمە ماڵی مامۆستاکە، ژن و

**پرۆفیسۆرێکی کۆلیژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین، هێرشدەکاتە سەر دایکی خوێندکارێک و بریندارى دەکات، دایکی خوێندکارەکە سکالای لەدژی پرۆفیسۆرەکە تۆمار کردووە، سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین لەوبارەیەوە بە وارڤینی راگەیاند کە بەدواداچوون بۆ کێشەکە دەکات.**

کچی مامۆستاکە رێزیان گرتم، تکام لەمامۆستاکە کرد، گوتم دکتۆر خێرت دەگاتێ باکوڕەکەم بخوێنێ".

ئەو مامۆستایەی زانکۆ لەوەڵامی دایکی ئەحمەددا دەڵێ"پێویستە کوڕەکەت بچێتە سلێمانی یا کۆیە".

پەیمان دەڵێت پێمگوت"زوڵم باش نییە، ئەو پێمیگوت "بێ...." هەڵسە برۆ دەرەوە"، منیش گوتم: بەمن دەڵێیت"بێ...." تۆ پرۆفیسۆری، پێمیگوت "ق..."، مێزەکەی هەڵگرت لەمن بدات، بۆیە منیش هەڵاتم".

ئەو پرۆفیسۆرەی زانکۆ وێڕای ئەوەی جوێنی پێدەدات و سووکایەتی بەو ژنە دەکات، کە روویکردووەتە ماڵەکەی بۆ ئەوەی تکا بۆ کوڕە تاقانەکەی بکات "دواتر ئەو خاکەناسی بەردەرگای هەڵگرت و لەمنیدا".

دوای ئەوەی ئەو مامۆستایە لێیدەدات، ئەو ئافرەتە دەچێتە نەخۆشخانەو "لەوێ پشکنینیان بۆمکرد، لەنەخۆشخانە گوتیان برۆ شکات بکە، هەر ئەو شەوە



دایکی ئەحمەد دوای لێدانی فۆتۆ: وارڤین

داوای یاساییم لەسەری تۆمارکرد".

سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین دکتۆر ئەحمەد دزەیی بێئاگایی خۆی لەکێشەیەکی وەها نیشاندەداتو دەڵێ"ئامادەم بەدواداچوون بۆ ئەو کێشەیە بکەم، ئەوەی تاوانبارە حەقی وەرگرێت، تا لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون نەکەم ناتوانم بڕیار بدەم".

بەرپرسی لێژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، دکتۆر عومەر نورەدینی لەوبارەیەوە رایگەیاند"ماوەی دوو رۆژە ئێمە ئەو کێشەیەمان پێگەشتووە، بۆ بەداواداچوونی کێشەکە پەیوەندیمان کرد بەراگرایەتی ئەو کۆلیژە، ئەوان لیژنەیەکیان پێکهێنا بۆ بەدواداچوونی ئەو کێشەیە ئێمە دەمانەوێت ئەنجامی بەدواداچوونەکە روونبێتەوە".

راگری کۆلیژی زمان دکتۆر نەوزاد خۆشناو، دەڵێ"ئەو کێشەیە هی ئێستا نییە، ساڵی پار ئەو کوڕە قسەی بۆ ئەو پرۆفیسۆرە هەڵبەست، دوای ئەوەی ئەو قوتابییە دانی بەهەڵەکەیدا نا درایە دادگا، بەڵام پرۆفیسۆرەکە لەدادگا لەقوتابییەکە خۆشبوو، تەنیا بۆ ماوەی ساڵێک قوتابییەکە لەخوێندن دوورخرایەوە. ئەو کێشەی ئەمساڵ لەدەرەوەی زانکۆ بووە، بەڵام ئێمە لێژنەمان درووستکردووە، بەدوای ئەو کێشەیە دەچین لەئەنجامەکەی ئاگادارتان دەکەین".

پرۆفیسۆر عیزەدین حەمەد ئەمین، مامۆستای بەشی زمانی عەرەبی لەزانکۆی سەلاحەدین، دەڵێ:"ئەو ژنە راست ناکات، ئەو کێشەیەی نێوان من و ئەو قوتابییە کۆنە".

لەبارەی ئەوەی لەو ژنەی دابێت و لەماڵی خۆیدا هێرشی کردبێتە سەری بەتووڕەییەوە گوتی"من هێرشم نەکردووەتەسەر ئەو ژنە، ئەو خۆی ئەو قسەیەی دروستکردووە".

پرۆفیسۆرەکەی زانکۆ گوتیشی"ئەو ژنە بەتەنیا هاتبووە ماڵ، پێمگوت چەند کەسێکت بهێنای پیاو ماقووڵ و ریش سپی، بۆ بەتەنیا هاتووی، رۆشتە دەرەوە، دواتر کوڕەکەی ئەو هێرشیکردە سەر من، پاشان ئەو ژنە رۆیشت سکالای لەدژی من تۆمارکردووە".

**ئاڤان فارس جاف**

www.netewe.com

# پۆلیسێك پاش ئیفلیجكردنی ژنەكەی وازی لێناهێنێت

تایبەت

لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٩ پیاوێک بەهۆی کێشەیەکی کۆمەلایەتی ژنـەکـەی دەداتــەبــەر گوللە و بەخەستی برینداری دەکات. ئەو ژنە بەهۆی کردەی مێردەکەی هەردوو قاچی لەدەستداوەو دوو پەنجەشی لێبووەتەوە. هاوسەری ئەو ژنە ئێستا لەزینداندایەو لێکۆڵینەوە بەردەوامەو ژنەکە ئامادە نییە لەداواکەی پەشیمان بێتەوە. هاوکات سەرچاوەیەکی ئگادار لەدۆسیەکە بـە وارڤینی راگـەیـانـد کـە بـەهـۆی ئاڵۆزی دۆسیەکەوە رێکارە یاساییەکان بۆ کاتێکی نادیار دواخراون.

(ە. ح. ا) ١٦ ساڵەو ژنی ماڵە. ئەو دانیشتووی گەڕەکی مامزاوەیەوماوەی ساڵێکە شوویکردووە، دەڵێ:"رۆژی ٢٨-١٢-٢٠٠٩ لەماڵی خوشکێکم بووم تۆرا بووم، بەیانی خەوتبووم، بانگیان کردم گوتیان هاوسەرەکەت هاتووە، کاتژمێر شەشونیو بوو، هاتەژوورەکەم گوتی دەبێ لەگەڵم بێیتەوە. منیش گوتم نایەمەوە، چۆن بەبێ پرسی ماڵەوە لەگەڵت دێمەوە. هەر دوای ئەو قسانە کلاشینکۆفێکی لەژێر قەمسەڵەکەی دەرهێناو ١٠ گوللەی لێدام، گوللەکان زیاتر بەر قاچم کەوتن، دەستم بەرزکردەوەو هاوارم کرد، تەقەم لێنەکات بەو هۆیەوە دوو پەنجەشم بەر گوللەکەوتن و لێبوونەوە".

بــاوکــی (ە) واتـــــە (ح. ا.ا) ٥٩ ســـاڵ، خانەنشینکراوە، بەخەمبارییەوە لەوبارەیەوە بە وارڤینی گوت:"رۆژی رووداوەکە (ب)ی کچم تەلەفۆنی بۆکردم، گوتی (ە) لەلایەن (م)ی هاوسەریەوە بەگوللە لێیدراوە. (م) چۆتە ماڵی ئەو کچەم هەڕەشەی لە (ە) کـردووە، دواتر بەکلاشینکۆف ١٠ گوللەی لێداوەو ویستوویەتی بیکوژێت".

(پ. خ)، دایـکـی (ە) بـەوشـێـوەیـە باس لەکێشەی کچەکەی دەکات"زیاتر لەساڵێک دەبێ کچەکەم شوویکردووە، بە (م. ج) ئەو مێردەی زۆر لەگەڵی خراپ بووە، چەندینجار لێیداوە، تەنانەت قژی بڕیووە، دواجار ویستی بیکوژێت و لەماڵی کچە گەورەکەم ١٠ گوللەی لێداوە".

(ب) کە خوشکەکەی لەماڵی ئەو دا بریندار کراوە دەڵێ کە (م)ی هاوسەری خوشکەکەی بەیانییەکی زوو هاتووەتە بەردەرگایان و گوتوویەتی"دەمەوێ (ە) ببینم". بەگوێرەی گوتەی ئەو (م) بەجلی سەربازییەوە چووەتە ماڵیان و چەکی پێبووەو چوووەتە ژوورەوە تاقسە لەگەڵ هاوسەرەکەی بکات، ئەمان کاتێکیان زانیوە دەنگی تەقە هاتووە. "(م) دوای ئەوەی ١٠ گوللەی لە (ە) دا، هەڵات بۆ کۆڵان، ئێمەش (ە)مان برد بۆ فریاکەوتن". ئەمە بەیان گوتی.

بەگوێرەی راپۆرتی پزیشکی"ئەو گوللانەی ئاراسـتـەی (ە) کــراوە زیـاتـر بـەر قاچی کەتوون، خوێنێکی زۆریشی لەبەر رۆیشتووە، بەوهۆیەوە هەردوو قاچی شکاوەو دوو پەنجەی لێبوونەتەوە، نەشتەرگەری بۆ کراوە. ئێستا (ە)هەردوو قاچی تووشی ئیفلیجبوون هاتوون، ناتوانێ بەپێ بڕوات".

(م. ج م)، لەدایکبووی هەولێر ٢٣ ساڵ، پۆلیسە لەبەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پاسەوانی هەولێر. ئەو لەدانپێدانانەکەی لەبەردەم ئەفسەری لێکۆڵینەوەدا گوتویەتی"ماوەی ساڵێکە ژنم هێناوە، بەڵام ژنەکەم بەقسەی نەدەکردم، ئەو رۆژەی رووداوەکە لەماڵی خوشکی بوو، رۆیشتم بیهێنمەوە، گوتم وەرە بەیەکەوە بژین بەقسەی نەکردم، منیش گوللەم لێدا".

پاش ئەو رووداوە (م) بەپێی ماددەی ٤٠٥ی یاسای سزادانی عێراقی دەستگیر کراوە، بەڵام لــە٥-٩-٢٠١٠ بەکەفالەت ئـازادکـراوە. دوای ئازادکردنی جارێکی دیکە (م) دەچێتە لای ماڵی (ە)و هەڕەشەیان لێدەکات و نامەیەکی هەڕەشەئامیز فرێدەداتە ماڵەکەیان. بەو هۆیەوە (ە) دووبارە سکاڵا لەدژی هاوسەرەکەی تۆمار دەکاتەوەو رۆژی٢١-٩-٢٠١٠ دووبارە بەبڕیاری دادوەر (م) دەستبەسەر دەکرێـتەوەو ئێستا بەپێی ماددەی بڕگەی ٣١ لەماددەی ٤٠٥ی یاسای سزادانی عێراقی لەبەندیخانەی محەتەی هەولێر بەندکراوە.

بەپێی زانیارییەکانی وارڤین رۆژی ٢٤-١٠-٢٠١٠ لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کراوە، بەڵام بەهۆی ئاڵۆزی کێشەکە دۆسیەکە بۆ کاتی نادیار دواخراوە.

www.netewe.com

## چاوێکی لەدەستداوە، بەڵام تەندروستی جێگیرە

# کوردستان بەبیانووی شەرەف ٣ گوللەی لێدرا

تایبەت

**ژنێک ٣٥ ساڵەی دایکی حەوت منداڵ لەلایەن هاوسەرەکەیەوە تۆمەتی"ناپاکی هاوسەری"دەدرێتە پاڵ و بەو هۆیەوە براکەی بەدەمانچە سێ گوللەی لێدەدات،بەڵام نەخۆشخانەی کۆماری هەولێر رێگەنادات بۆماوەیەکی درێژ بیخەوێنێتو دادگاش لەوکاتەدا بڕیاری پێویست نادات بۆ ئەوەی رەوانەی گرتووخانەی چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر بکرێت، هاوکات تۆمەتباران تائێستا دەستگیرنەکراون.**

کوردستان ناوی ئەوژنە ٣٥ ساڵەیە کە شوویکردووەوە ٧ منداڵی هەیە. لەگەڵ هاوسەرەکەی لەئاکرێ ژیانی بەسەربردووە، بەهۆی ئەوەی هاوسەرەکەی گومانی"ناپاکی هاوسەری" لێکردووە لەمانگی ئابی رابردوودا، بەهۆی کێشەی کۆمەلایەتییەوە چووەتەوە ماڵی باوکی.

هاوسەری کوردستان ناوی (ش.)ـە بەوەشەوە نەوەستاوە لە ١- ١٠- ٢٠١٠ برای کوردستان (ە.)، ئاگادار دەکاتەوە دەڵێ"خوشکەکەت کاری بەدڕەوشتی کردووە، بۆیە دەرمکردووە". پۆلیسی هەولێر دەڵێت"هەریەک لـە (ش.)، هاوسەری کوردستان، (ر.) شووبرای کوردستان، هانی برای کوردستان (ە.)یان داوە، تا لەو کێشەیە بێدەنگ نەبێت. بەگوێرەی زانیاری پۆلیس هاوسەری ئەو ژنە بەبرای خێزانەکەی گوتووە"خوشکەکەت کاری بەدڕەوشتی لەگەڵ پیاوێکی دراوسێی ئەوان کردووە" دوای بیستنی ئەو تۆمەتە (ە.) پیلانی کوشتنی بۆ خوشکەکەی داناوە.

### دەمانچە ئامرازی کرینەوەی شەرەف

بەهۆی بڵاوبوونی چەک و بازرگانی پێوەکردنیەوە لەهەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی نایاسایی(ە.) برای کوردستان کە تەمەنی لەسەرووی بیست ساڵە. ئێوارەی ١ - ١٠ - ٢٠١٠ دەمانچەیەک دەکڕێت و وەک ئامرازی کرینەوەی شەرەف لەدژی کوردستان بەکاریدەهێنێ.

(ە.) کات شەشی ئێوارەی هەمانرۆژ لەماڵەوە پەلاماری خوشکەکەی دەدات و ٣ گوللەی لێدەداتو گوللەی چوارەمیش بەر دیوار دەکەوێت.

لەراپۆرتی پۆلیسدا هاتووە"گوللەیەک بەر چاوی کەوتووە، یەکێک بەر سەری و گوللەی سێهەمیش بەردەستی چەپی کەوتووە".

هاوکات لەگەڵ رووداوەکە، برا گەورەکەی کوردستان بەناوی (م.) هاتووەتە ناوبژیوانیو نەیهێشتووە (ە.) بەتەواوی کوردستان بکوژێت.

دوای گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانەو ئەنجامدانی نەشتەرگەری باری تەندروستی ئەو ژنە جێگیرەو ئێستا گوللەیەک لەسەری کوردستان ماوەتەوە، سەرەڕای نەشتەرگەرییەکان، ناتوانرێت ئەو گوللەیە دەربهێنرێت، چونکە بەقسەی پزیشکان کاریگەری لەسەر مێشکی دەبێت.

(م.)، برای کوردستانە لەگوتەکانی بۆ پۆلیس گوتوویەتی"باوەڕم وابوو خوشکەکەم کاری بەدڕەوشتی کردووە، بەڵام لەگەڵ کوشتنی نەبووم، زۆر پێمناخۆشبوو ئەو رووداوە روویداو ئێستاش ئامادەم کوردستان بهێنمە ماڵی خۆم و خزمەتی بکەم".

دایکی کوردستان (ژ.) دەڵێ"هۆکاری کێشەکە هاوسەری کوردستانە، ئەو لەگەڵ کچەکەم خراپ بووەو بەر لەناردنەوەی بۆ ماڵ، دووجاری دیکە دەریکردووەو لێیداوە".

سەرەڕای ئەو مەینەتییانەی بەهۆی ئەو تۆمەتەوە رووبەڕووی بوونەتەوە کوردستان دەڵێ"هاوسەرەکەم لەگەڵم خراپ بووەو دەریکردم، براکەم بەقسەی ئەوی وایلێکردم". تائێستا هیچ کام لەو تۆمەتبارانە دەستگیرنەکراونو پۆلیس دەڵێت(ش.)، (ە.)، (ر.) شوێنیان نادیارەو چوونەتە دەرەوەی هەرێم.

بەگوێرەی زانیاری پۆلیس (ە) رایکردووە بۆ تورکیا، هەریەک لەهاوسەری کوردستان (ش) و برای هاوسەرەکەی(ر.)، رایانکردووە بۆ بەغدا، بەڵام دادوەر بەپێی بڕگەی٣١ی ماددەی ٤٠٥ لەیاسای سزادانی عێراقی بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ هەرسێکییان دەرکردووە.

### هەڵای دادگاو نەخۆشخانە

لە ٤ -١٠- ٢٠١٠، دادگا بڕیاریداوە ئەوژنە لەنەخۆشخانە بمێنێتەوە تا بەتەواوی چارەسەردەکرێت، هەرچەندە ئەو داوایە بەنووسراوی رەسمی ناگەیەنرێتە نەخۆشخانە، بەڵام بەرێوەبەری نەخۆشخانەکە داوا لەپۆلیس دەکات ئەو ژنە بریندارە بگوازرێتەوە بۆ گرتووخانەی چاکسازی ژنانو منداڵانی هەولێر. چونکە بەگوێرەی زانیاری پزیشکی چارەسەری ئەو نەخۆشە عەلی زوبێری پسپۆڕ لەنەخۆشییەکانی چاو و مێشک"کوردستان چارەسەرەی بۆکراوە، بۆیە پێویست ناکات لەنەخۆشخانە بهێڵدرێتەوە".

### چۆن کوردستان رزگار کرا؟

ئەو کاتەی کوردستان لەنەخۆشخانە خەوێندرابوو پۆلیس سەردانکردنی قەدەغەکردبوو، چاودێری دەکرد"گومان دەکرا کەسووکاری، بیکوژن". سەرچاوەیەکی پۆلیس گوتی.

بەو شێوەیە لە ٤ - ١٠ تا ١٢ - ١٠ بەنهێنی کوردستان لەنەخۆشخانە مایەوە. دواتر دادوەر بڕیاریدا رەوانەی گرتووخانەی چاکسازی ژنانو منداڵانی هەولێر بکرێت، سەرەتا بەڕێوەبەری ئەو گرتووخانەیە ئامادەنەبووە وەریبگرێت، بەپاساوی ئەوەی ئەوان"ناتوانن چارەسەری تەندروستی بۆ بکەن". کوردستان ئێستا تەندروستی جێگیرە، بەڵام چاوێکی لەدەستداوەو شەوانیش ناتوانێت بەروونی دنیا ببینێت.

نەبوونی هەماهەنگی تەواو لەنێوان دامەزراوەکانی حکوومەتی هەرێمدا سەبارەت بەو پرسە، دادوەری گشتی دادگای تاوانی هەولێر پەراوێزکی سەربەخۆی لەدژی پزیشکێکی نەخۆشخانەی کۆماری کردووەتەوە، بەهۆی ئەوەی ئامادەنەبووە ئەو ژنە لەنەخۆشخانە بهێڵێتەوەو گوتویەتی"رەوانەی گرتووخانەی چاکسازی بکرێت". دواتر لە٢١ - ١٠ بەبڕیاری دادوەر ئەو ژنە راگوێزرایەوە بۆ گرتووخانەی چاکسازی هەولێر.

**ئاڤان فارس**

www.netewe.com

# چیرۆکی ئەو کوڕو کچانەی خوێن نەیهێشت بەیەك بگەن

**بۆ ئاراسی ٢٤ ساڵ، سەرەتای پایزی ئەمساڵ ناخۆشترین وەرزی ساڵ بوو، هەرچەندە بڕیاربوو لەپایزدا ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەی لەگەڵ هاوژینی خۆشەویستی ئەنجامبدا، بەڵام لەپڕێکدا هەموو شتێک پێچەوانە بوویەوە.**

سلێمانی

ئاراس و دەستگیرانەکەی، لەدواساتی بەیەکگەشتنیاندا ناچاربوون لێکجیاببنەوە، ئەویش دوای ئەوەی پشکنینی پزیشکی ئاشکرایکرد، ئەو دوو خۆشەویستە بۆ هاوسەرگیری لەگەڵ یەکتر"نەگونجاون" و لەهەرێمی کوردستان بەمەبەستی ڕێگرتن لە لەدایکبوونی منداڵی تووشبوو بەتالاسیما پێویستە پشکنین بۆ خوێنی ئەو کچ و کوڕانە بکرێت کە دەیانەوێت ژیانی هاوسەری پێکبهێنن و هەندێکجار مارەکردن پێش پشکنیین کێشەی کۆمەلایەتی لێدەکەوێتەوە.

ئەو دوو خۆشەویستە لەدوای ساڵێکی دوور و درێژ لەپەیوەندی سۆزداری ناچاربوون، کە بێخواستی خۆیان لێکجیاببنەوە.

ئاراس گوتی"هەرگیز لەوباوەڕەدا نەبووم، ئەمە ڕوویدا". گوتیشی"بەناچاری لەگەڵ هاوژین جیابوومەوە، بەڵام کاریگەری زۆر خراپی لەسەر جێهێشتووم".

لەهەرێمی کوردستان ساڵانە چەندین کەس بەهۆی نەگونجانی خوێنیانەوە، ڕێگەیان پێنادرێت پرۆسەی هاوسەرگیری بکەن.

پزیشکان دەڵێن بۆ ڕێگریکردن لەکەمبوونەوەی نەخۆشی تالاسیما، ڕێگە بەو کوڕو کچانە نادرێت کە هەڵگری نەخۆشییەکەن لەگەڵ یەکتر هاوسەرگیری ئەنجامبدەن، تا چارەسەریان بۆ نەکرێت.

هەرچەندە پزیشکان ڕێگاچارەیەکیان دۆزیوەتەوە بۆ ئەو کەسانە، بەڵام هێشتا نەیانتوانیوە قەناعەت بەو کەسانە بکەن، کە هەڵگری نەخۆشییەکەن.

سەنتەری پشکنینی هاوسەرگیری کە لەشاری سلێمانی بەتاقیگەی مەرکەزی ناسراوە، ماوەی چوار ساڵە بەبەردەوامی پشکنین بۆ ئەو کەسانە دەکات، بەنیازی ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیرین.

ئامارەکانی سەنتەرەکە دەریدەخەن، تائێستا لەڕێگەی پشکنینەکانەوە دەرکەوتووە ٨٤ کوڕو کچ، هەڵگری نەخۆشی تالاسیمان، یان هەوکردنی جگەر بوون، بۆیە نەیانتوانیوە پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجامبدەن.

پزیشکان دەڵێن، ئەو پشکنینانە دەتوانێت ڕۆڵێکی تەواو بگێڕێت لەکەمکردنەوەی نەخۆشی تالاسیما، کە تەنیا لەشاری سلێمانی و دەوروبەریدا ٧٠٠٠ تووشبوو بەنەخۆشی تالاسیما هەیەو مانگانە پێویستیان بەگۆڕینی خوێنە.

پزیشکەکان بۆ ئەم مەبەستە سوودیان لەدادگای سلێمانی بینیوە ئەویش بەئەنجامنەدانی گرێبەستی هاوسەرگیری بۆ ئەو کەسانەی کە پشکنین ئەنجامنادەن، بۆیە هەرگرێبەستێکی نوێ، پێویستی بەپشکنینی پزیشکە.

دکتۆر نەجمەدین، بەرپرسی سەنتەری پشکنینی هاوسەرگیری لەسلێمانی، گوتی کە بەو پشکنینانەی ئەنجامیانداوە توانیوویانە ڕێگری لەزۆربوونی لەدایکبوونی منداڵی توشبوو بەنەخۆشی تالاسیما بگرن. گوتیشی"تاڕادەیەکی زۆر نەمانهێشتووە منداڵی تالاسیما لەدایکبێت".

ئەو هیوای وابوو تاساڵی ٢٠١٨ بتوانن بەتەواوی نەخۆشییەکە بنبڕ بکەن. بەڵام نیگەرانی خۆی پیشاندا لەوەی، هەندێک لەوکەسانەی دەیانەوێت پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجامبدەن هاوکارییان ناکەن، ئەویش بەپێنەدانی زانیاری ڕاست لەکاتی پشکنینەکاندا.

دکتۆر نەجمەدین، ئاشکراشیکرد، ئەو کەسانەی بەگوێرەی پشکنینەکان نەگونجاون بۆ هاوسەرگیری، ڕێگەچارەسەری پزیشکییان بۆ دەکرێت، بەو مەرجەی گوێڕایەڵی ئامۆژگاری پزیشک بن.

هەروەها گوتیشی"لەڕێگەی پشکنینی تایبەتەوەو پێدانی دەرمان، هاوکاری ئەو کەسانە دەکەن، هەڵگری نەخۆشییەکەن، بەڵام سوورن لەسەر پێکهێنانی هاوسەرگیری".

هەرچەندە پزیشکان دەڵێن چارەسەری نەخۆشییەکەی هەیە بۆ ئەو کەسانە، بەڵام زۆربەی هەڵگری نەخۆشەکان جیابوونەوە بەگونجاوتر دەزانن. لەبەشێکی زۆری جیابوونەوەکانیشدا ژنان قوربانی یەکەمن.

www.netewe.com

پەیمان حەسەن، ٢١ ساڵ، هێشتا لەخەیاڵی ڕۆژی ئاهەنگگێڕانی گواستنەوەدا بوو، کاتێک دەستگیرانەکەی بڕیاریدا لێیجیابێتەوە، دوای ئەوەی، دەرکەوت پەیمان هەڵگری نەخۆشی تالاسیمایە.

پەیمان و سەرکەوتی دەستگیرانی، بەڕێکەوت یەکتریانناسیووەو بڕیاری ئەنجامدانی هاوسەرگیرییانداوە، بەڵام بەرلەوەی زەماوەندی گواستنەوە بکەن، هەموو شتێک تێکچوو.

پەیمان و سەرکەوت جیابوونەوە، بەڵام دۆخەکە بۆ پەیمان قورستربوو، ئەویش دوای ئەوەی ماڵی کوڕەکە ڕازینەبوون بەوەرگرتنی چارەسەرو سووربوون لەسەر جیابوونەوەی ئەو دوو گەنجە.

پەیمان گوتی"شتەکان زۆر بەباشی دەڕۆیشتن تائەنجامی پشکنینەکان هاتنەوە، بێهیچ بیرکردنەوەیەک سەرکەوت بڕیاری جیابوونەوەیدا."

گوتیشی"پزیشک دڵنیایکردین کە ڕێگاچارە هەیە، بەڵام ماڵی سەرکەوت بەمە ڕازینەبوون."

کۆمەڵگەی کوردی هێشتا بەچاوێکی جیاواز سەیری ئەو کچانە دەکات، کە بەهەر هۆیەک بێ لەهاوسەرەکانیان جیادەبنەوە.

بەڕێوەبەری پشکنینی هاوسەرگیری سلێمانی گوتی"زۆربەیجار کچەکان دەبنە قوربانی حاڵەتەکە، چونکە پیاوان ئامادەنین قوربانی بدەن، تەنانەت ئەگەر قوربانییەکی بچووکیش بێت."

ڕوونیشیکردەوە"ئێمە لەحاڵەتی نەگونجاندا کوڕەکەو کچەکەش پێکەوەدادەنێن و پێیاندەڵێن کە مەسەلەکە چییە، ئیختیار دەخەینە دەستی خۆیان، پێیاندەڵێن کە ئەگەر بتوانن پابەندی ڕێنماییەکانمان بن ئەوا دەتوانن چارەسەریان بۆ بکەین بێئەوەی جیاببنەوە".

هەروەها گوتی"هەندێک لەکەسەکان ڕازیدەبن و پێکەوە هاوسەرگیری ئەنجامدەدەن، ئێمەش چارەسەریان بۆ دەکەین، بەڵام بەڵێننامەیەک بەهەردوولایان واژۆ دەکەین".

ئەو پزیشکە نیگەرانی خۆی پیشاندا لەوەی، هەندێک کەس لەدەرەوەی دادگاو بەبێ پشکنین پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجامدەدەن، ئەمەش دەبێتە هۆی لەدایکبوونی منداڵی تووشبوو بەنەخۆشی تالاسیما.

دکتۆر نەجمەدین گوتیشی"ئەو منداڵانەی تووشی نەخۆشییەکە دەبن، هەرچییەکیان لەگەڵدا بکرێت بێسوودە، ئەمە جگە لەوەی، مەسرەفێکی زۆر دەخاتەسەر خێزانەکانیان".

شۆخانی ٢١ساڵ یەکێکی دیکەیە لەو کچانەی بۆتە قوربانی نەگونجانی خوێن و پرۆسەی هاوسەرگیرییەکەی هەڵوەشاندووەتەوە.

ئەو گوتی:"من ئەو هەڵەیەم کرد، یەکەمجار بێپشکنین لەلای مەلا مارەکرام".

دەستگیرانەکەی شۆخان سووربووە لەسەر ئەوەی جیانەبنەوە"مانگێک لەگەڵ یەکبووین و دوای پشکنینەکە ماڵی ئێمە گوتیان دەبێ جیاببنەوەو داهاتووی خۆتان ڕەش مەکەن و بەناچاری جیابووینەوە".

ئەو گوتیشی ئێستا زۆر غەمبارەو پەشیمانە لەوەی کە بەپەلە لای مەلا مارەکراوەو گوێی بەپشکنینەکە نەداوە.

**هەژان خالید**



ئەنجامدانی پشکنینی خوێن    فۆتۆ: وارڤین

## کچی بۆکسڤانی کورد بێریڤان بۆ وارڤین:

# کوڕان لێمدەترسن



کچی بۆکسڤانی کورد بێریڤان فۆتۆ: وارڤین

کچە بۆکسڤانی ١٨ ساڵانی کورد بێریڤان کەلە کێبڕکێی بیلگرادی سربستاندا خەڵاتی سێهەمی جیهانی بەدەستهێنا، رایگەیاند کە لە ئامەد کوڕان لێیدەترسن و گوتی:"ترس و خۆفم خستووەتە دڵی کوڕانەوە". کچی ئامەدی بێریڤان کە لەگەڵ هاوڕێکەی واتە شیروان ئالان، لەکێبڕکێ بۆکسێنی جیهانیدا لە سربستان بەشدارییان کردبوو، پلەی سێهەمی بەدەستهێناو بەخەڵاتێکی گرنگەوە گەڕایەوە کوردستان. بێریڤان لەبارەی سەرکەوتن و ئامانج و حەزەکانی لەگەڵ وارڤین هەڤپەیڤینێکی ئەنجام دا.

وارڤین: لە کوێ و چۆن دەستت بە بۆکسێن کرد؟

بێریڤان: لە١٠ ساڵیدا و لەسەر پێشنیاری باوکم دەستم پێکرد. بۆ ئەوەی خۆم بپارێزم، چوومە بۆکسێن. خێزانەکەم پشتگیریان کردم و بەهەموو شێوەیەک رێیان بۆ کردمەوە. لەبەرئەوەی مام و خاڵەکانم دەچوونە تایکواندۆ و کاراتە، منیش بەتایکواندۆ دەستم بە وەرزش کرد. پاشان چوومە بۆکسێن. ماوەی ٣ ساڵە بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ بۆکسێن دەکەم.

پێشتر من لەبەشی منداڵان و ئەستێراندا بۆکسێنم دەکرد. دواتر چوومە بەشی گەنجان.

وارڤین: تائێستا لە تورکیا چەند خەڵاتت وەرگرتووە؟

بێریڤان: ٩ خەڵات. لەشارگەلێکی وەک: ئەلعەزیز، ئیزمیر، ئەنتالیا، نەقشەهر، تۆکات و لەهەندێک شاری دیکە بەشداریم لەپێشبڕکێکاندا کردووەو لەهەموو کێبڕکێکانیشدا لەسەر ئاستی تورکیا بوومەتە یەکەم.

وارڤین: لێرە بەدواوە ئامانجت چییە؟

بێریڤان: ئیتر ئامانجی گەورەم هەیە. من لە بیلگرادی سربستان لەکێبڕکێی جیهانیدا لەئاستی ٦٠ کیلۆ دا بوومە سێهەمی جیهان. ئێستا دەمەوێ ببمە پاڵەوانی جیهان. ئامانجم زۆر بەرزە. دەمەوێ تائاستی ئۆلەمپیک بچم. ئەگەر راهێنەرەکانم یارمەتیم بدەن بێگومان دەگەمە ئامانجەکانم.

وارڤین: دەوروبەرت لەبەر پیشەکەت هیچ کاردانەوەیەک نیشان نادەن؟

بێریڤان: باوکم نەخوێندەوارە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤێکی پێشکەوتوو و مودێرنە. زۆر پشتگیریم لێدەکات. هەمیشە پشتم دەگرێت.

وارڤین: لەناو خێزانەکەتدا زیاتر بەکوردی قسە دەکرێت یان بە تورکی؟

بێریڤان: دایک و باوکم جاربەجار بەکوردی قسە دەکەن، بەڵام زۆربەی کات بە تورکی قسە دەکەن. من دەمەوێ لەوانەوە فێری کوردی بم. بەڵام بەداخەوە لەبەرئەوەی هەمیشە لەماڵی ئێمەدا بەتورکی قسە دەکرێت، کوردییەکەم پێشنەکەوتووە. کوردییەکەم زۆر لاوازە.

وارڤین: کاتێک کە ناتوانیت بەکوردی باس لەکێشەکانت بکەی نارەحەت دەبی؟

بێریڤان: زۆر حەزم لێیە بتوانم بەکوردی قسە بکەم. بەڵام هەندێک زەحمەتە بۆ ئەوەی بەکوردی قسە بکەم. بەڵام بڕیارمداوە کە دەبێ کوردی فێرببم و بە زمانی دایکیم باس لەهەموو دەرد و کوڵ و ئامانجەکانم بکەم. چونکە کوردی زمانی منەو دەبێ فێری ببم و بیزانم. بەهۆی ئەوەی کوردی نازانم جاربەجار و دەتۆرێم و هەندێکجاریش زۆر تووڕە دەبم.

وارڤین: ئەو کوڕانەی کە دەزانن تۆ یاری بۆکسێن دەکەی چۆن لێت نزیک دەبنەوە؟

بێریڤان: زۆرجار کاتێک دەچمە قوتابخانە، گاڵتەم پێدەکەن. لەناو کۆڵاندا بانگم دەکەن و دەڵێن:"کچە جوانەکە وەرە ماچێکمان بدەرێ". منیش نارازیبوونی خۆمیان پیشاندەدەم. جاروبارێش پێدەکەنم و تێدەپەڕم. کوڕ سەیرن، کاتێک دەبینن ژنی بەهێزتر لەخۆیان هەیە، زۆر حەسوودن. ئیرەییم پێدەبەن. بەڵام لەترسان ناوێرن نزیکم ببنەوە. من ترس و خۆفم خستووەتە دڵی کوڕانەوە.

وارڤین: وەرزشی پرۆفیشناڵ کاریگەری لە خوێندنت ناکات؟

بێریڤان: چۆن ناکات؟ زۆر کاریگەرە. ساڵی داهاتوو دەچمە زانکۆ. ئەو کەسانەی کەلە ئاستی جیهاندا پلەیان هەبێت و خەڵات وەربگرن، بەشێوەیەکی راستەوخۆ دەتوانن بچنە زانکۆ و لەبەشی مامۆستایی جەستەییدا بخوێنن. منیش وادەکەم. ساڵی داهاتوو هەم دەخوێنم و هەمیشە کاری بۆکسێنەکەم درێژە پێدەدەم.

وارڤین: لەکێبڕکێکاندا بەرامبەرەکانت کاتێک دەزانن کە ناوت بێریڤانە چۆن لێت نزیک دەبنەوە؟

بێریڤان: لێمدەپرسن"تۆ کوردی؟" منیش دەڵێم بەڵێ کوردم. بەو شێوەیە گوشارێکی سایکۆلۆژیک لەسەر من و هەڤاڵانم هەیە. بەڵام هەرگیز لەکوردبوونی خۆم شەرم ناکەم. لەهەموو شوێنێک و هەموو کێبڕکێکاندا بە بەرامبەرەکانم دەڵێم ئەز کوردم و شانازی بەکوردبوونمەوە دەکەم و خۆشحاڵم. راستە کوردی نازانم، بەڵام کچێکی کوردم و بەناوەکەمدا دیارە من کێم و چیم.

وارڤین: لەسەر کوردبوونت چیدەڵێن؟

بێریڤان: بیرەوەرییەکی خۆمتان بۆ دەگێڕمەوە. جارێک لە ئیزمیر لەکێبڕکێیەکدا بەشداریم کردبوو. لێیانپرسیم خەڵکی کوێم. منیش پێمگوتن خەڵکی ئامەدم. گوتیان خێزانەکەت چۆن رێگەت پێدەدەن بێیتە ئەم شوێنانە؟ ئەوان بڕوا ناکەن کە خێزانێکی کورد بتوانێت رێگە بدات بەکچەکەیان تا ببێتە بۆکسڤانێکی ژیر. یەکێک لەرکابەرەکانم پێیگوتم"تۆ تیرۆریستی" و قسەی ناشیرینی بەناسنامەم و کوردبوون گوت. منیش زۆر نارەحەت بووم. بەڵام رێکەوتێکی سەیر روویدا لەکێبڕکێکەدا ئەو کچە بووە رکابەرم. منیش لە رینگدا بەتووڕەییەکی زۆرەوە بۆی چووم و بەخێرایی خستم. ئەو دۆڕا و منیش سەرکەوتم و بوومە یەکەم.

www.netewe.com

### سالٌ لەدوای ساڵ کەمتر رووی تێدەکەن

# کچان یەک لەچواری خوێندکارانی پەیمانگەی وەرزشی سلێمانی پێکدەهێنن



پەیمانگەی وەرزشی سلێمانی یەکێکە لەو ناوەندە ئەکادیمیانەی بواری وەرزشی ماوەی ٤ ساڵە لەسلێمانی ئەو خوێندکارە کوڕو کچانە وەردەگرێت کە خولیای خوێندنی وەرزشی دەکەن و دەیانەوێت لەدوای دەرچوون لەقۆناغی نۆهەم و پاش ئەنجامدانی تاقیکردنەوەیەکی جەستەیی، ببنە خوێندکاری پەیمانگاکە.

سلێمانی

نەوزاد حمە غەریب، یاریدەدەری بەڕێوەبەر بۆ کاروباری کارگێڕی لەپەیمانگای وەرزشی سلێمانی بۆ وارڤین گوتی:"ئەم پەیمانگایە لەڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەو بەڕێوبەرایەتی گشتی پەیمانگاکان و مەشقکردن لەساڵی٢٠٠٦ دامەزراوەو کۆی ژمارەی قوتابی تێیدا ٥٩١ خوێندکارە کە ٤٢٤ کورن و ١٢٧ کچن".

لەپەیمانگای وەرزشی سلێمانی جیاوازییەکی زۆر هەیە لەژمارەی کچان و کوران و٤٢٤ خوێندکاریان کورن و ١٢٧یان کچن، مامۆستا نەوزاد، لەبارەی ئەو جیاوازییەوە گوتی"وەک یەکێک لەوڵاتە رۆژهەڵاتییەکان رێژەی کوڕ زیاترە لەپەیمانگا وەرزشیەکان و کوران زیاتر حەزیان لەوەیە بێنە بواری وەرزشەوەو ئەمەش وایکردووە رێژەیان زیاتربێت لەکچان".

ساڵ بەساڵ رێژەی وەرگرتنی خوێندکاران لەم پەیمانگایە کەمدەبێتەوەو ئەم مامۆستایە هۆکارەکەی گەڕاندەوە بۆ بێتوانایی و گوتی"بەهۆی نەبوونی بینای تایبەت بەپەیمانگە، نەبوونی یاریگە، نەبوونی هۆڵی داخراو و گشت پێداویستییە تایبەتەکان ناچارین رێژەی وەرگرتنی خوێندکاران ساڵ بە ساڵ کەمبکەینەوە".

ئەو رەخنەشی لەنەگونجاوی و بچووکی شوێنی پەیمانگاکە گرت"ئێمە تەنیا ٢٤ پۆلمان هەیەو ئەم رێژەیەش بەشی ژمارەیەکی زۆر لەخوێندکاران ناکات".

بەشێک لەخوێندکارانی ئەم پەیمانگەیە لەدەرەوەی شارەوە هاتوون بۆ خوێندن ژمارەیان ٨٥ خوێندکارە. زانا سدیق ٢١ ساڵ خەڵکی هەڵەبجەیەو خوێندکاری قۆناغی چوارەمە، ئەو گوتی"خۆم حەزم لە وەرزش بوو، رۆحێکی وەرزشکارانەم هەیە، بۆیە هاتوومەتە ئەم پەیمانگەیەو ئەمە ناوەندێکە بۆ فێربوونی وەرزشی بەرێگای ئەکادیمی".

ئەو گوتیشی"زۆربەی وەرزشەکان گرنگیان پێدەدرێتو گەشتی وەرزشیمان بۆ دەکرێت و لەقۆناغی سێهەم خێوەتگەمان بۆ دەکرێتەوە".

زانا، باسی لەکەموکورتییەکانی پەیمانگە کرد کە چوار ساڵە هەیانەو تائێستا چارەسەر نەکراوەو لەوبارەیەوە گوتی"گۆڕەپانمان کەمەو بڕیاریشدرا هیدیمان بۆ دروستبکرێت، بەڵام تائێستا بەس قسە بووە".

رێناس محەممەد تەمەن (١٩) ساڵیش لەبەرئەوەی کە خۆی وەرزشکارەو بۆ تەواوکردنی خوێندن پەیمانگەی وەرزشی هەڵبژاردووەو ئێستا لەقۆناغی سێهەم دەخوێنێتو لەبارەی بەشەکەیانەوە دەڵێت"کێشەی ساحەمان هەیەو لە زستاندا هۆڵی داخراومان نییە بۆ راهێنان و وانەی مەلەکردنمان هەیە، بەڵام مەلەوانگەمان نییە". هەروەها گوتی"گەشتی زانستیمان بۆ دەکرێت، بەڵام لەبەر هۆکاری کۆمەڵایەتی ناچم و حەزم لێنییە بەشداری بکەم".

سەربەست محەممەد (١٩ ساڵ) وەک هەموو هاوڕێکانی دیکەی یەکەم قسەی ئەوەبوو، کە گۆڕەپانیان نییە، ئەو گوتی"بەشێکی زۆری وانەکان پێویستیان بەوە هەیە بەعەمەلی بخوێنرێن کەچی ساحەمان نییەو جاری وا هەیە سێ پۆل لە یەک ساحە راهێنان دەکەن".

ئەو گوتیشی"هەر لەمنداڵییەوە حەزم لەوەرزش بووەو پێشتر لەیانەکان یاریم کردووەو ئێرە باشترین شوێنە بۆ سەرکەوتنم لەو بوارەدا".

بێ هۆڵی و بێ مەلەوانگەیی ماوەی چوار ساڵە بۆتە کێشەو جێگەی باسی مامۆستایان و خوێندکارانی پەیمانگای وەرزشی سلێمانی و هەوڵەکانیش بۆ چارەسەرکردنی دیارنین، ئێستا خوێندکارانی ئەو پەیمانگایە لەچاوەڕوانی ئەوەدان بۆ ئەمساڵی خوێندن رۆژێک بێکێشە وانەکانیان لەگۆڕەپان و هۆڵی فراواندا بخوێنن.

**هۆزان جەبار**

www.mewe.com

# کچان حەزبە ێخورینی پایسکیل دەکەن



پرۆژەی لێخوڕینی پایسکیل دوای تێپەڕینی دووساڵ بەسەر جێبەجێکردنیاندا لەئێستادا هیچ شوێنەوارێکی نەماوەو بەرپرسێکیش لەسەرۆکایەتی زانکۆی سەڵاحەدین لەوبڕوایەدایە بەهۆی بەشدارنەبوونی ئەوان پرۆژەکە شکستی هێناوەو کچانیش هۆکاری شکستهێنانی بۆ رەوشی کەلتووری کۆمەڵگا دەگەڕێننەوە.

هەولێر دووساڵ لەمەوبەر پرۆژەیەک لەلایەن مامۆستا عەلی محەممەد مستەفا پێشکەش بەوەزارەتی خوێندنی باڵا کرا، دواتر لەئەنجومەنی وەزیران پەسندکرا، ئەویش پرۆژەی لێخوڕینی پایسکیل بوو لەلایەن کچانەوە، بەڵام ئەو پرۆژەیە شکستی هێنا.

خەتاب عەزیز، توێژەری کۆمەڵایەتی و مامۆستا لەکۆلێژی ئاداب بەشی کۆمەڵناسی دەڵێ"سەرەتا پرۆژەکە پێشکەش بە وەزارەتی خوێندنی باڵا کرا، یەکەم پرۆژە بوو لەو چەشنە بدرێتە وەزارەت، لەبەرئەوەی لەتوانای بودجەی وەزارەتدا نەبوو، پرۆژەکە گەیەندرایە ئەنجومەنی وەزیران و لەوێ رەزامەندی لەسەر درا".

ئەو لەبارەی هۆکاری سەرنەکەوتنی پرۆژەکەوە گوتی"یەکەم هۆکار نەبوونی رێگای تایبەت بوو بەپایسکیلسواری، دوو نەبوونی پارک و شوێنی تایبەت بوو بۆ راگرتنی پایسکیلەکان، رەنگە هۆکاری دیکەش هەبووبێت لەوانە کەمتەرخەمی قوتابیان و بەگوێرەی پێویست ئاگادار نەبوون یان شوێنی تایبەت بەو پایسکیلانە وەک پێویست نەبوو، بۆیە دەدزران و هەروەها لەلایەن کچانەوە خۆیان لەبەر سروشتی کۆمەڵگا نەیاندەتوانی پایسکیل لێخوڕن".

ئەو باسیشی لەوەکرد، سەرەتا کچانی رۆژهەڵات زیاتر پایسکیلیان بەکار دەهێنا، بەڵام تائێستا مامۆستایەک یان قوتابیەک نابینییەوە کە بەپایسکیل هاتووچۆ بکات.

لەبارەی دروستکردنی رێگەی تایبەت بەپایسکیلسواریی، گوتی"پێویستە رێگای تایبەت بەپایسکیل هەبێت، چونکە ئەو رێگایە متمانەو ئەمنیەت دەداتێ، بەڵام لەپلانی ستراتیژی شار شتێک نییە بەناوی شەقامی پایسکیل کەواتە حکوومەت نەیتوانیوە رێگەی تایبەت تەرخانبکات و مەودای بۆنەهێشتۆتەوە، ناشکرێت پایسکیل بەسەر رێگای پیادەدا بڕوا".

کچان حەز بەلێخوڕینی پایسکیل دەکەن، بەڵام لەبەر"عەیبە"و"شەرمە" یان توانج و قسەی ناشیرین ناتوانن ئەو حەزەیان بەدیبهێنن.

سازگار فاخیر، ٢٢ساڵ، یەکێک بوو لەو کچانەی بەشداری ئەو پرۆژەیەی کردبوو سەبارەت بەشکستهێنانی پرۆژەکە دەڵێ"زیاتر کچان هەر لەناوەوەی بەشە ناوخۆییەکان پایسکیلیان بەکاردەهێنا نەیاندەتوانی بیهێنە دەرەوە لەبەر بوونی عەیبە لەکۆمەڵگای ئێمەو سەیرکردنیان بەچاوێکی ناشیرین".

"سەرنەکەوتنی ئەو پرۆژەیە کەمی پایسکیل بوو، چونکە زۆربەی کچەکان حەزیان دەکرد پایسکیل لێبخوڕن، ناچار پایسکیلی یەکتریان بەکاردەهێنا، ئەمە بووە هۆی ئەوەی زۆربەی پایسکیلەکان بشکێن و زۆربەیان ون بوون یان لەبەر ئەوەی ئەو کچانە زۆر لەلایەن خەڵکەوە لەسەر شەقامەکان توشی توانج و قسەی ناشیرین دەبوونەوە" ئەمە گوتەی خوێندکاری زانکۆ سازگار کەمال ٢١ ساڵ بوو.

ئەو ماڵەوەی بەیەکێکی دیکە لەرێگرەکان داناو گوتی"رەنگە من حەزم لێبێت بە پایسکیل بێم بۆ کۆلێژ، بەڵام ماڵەوە رێم پێنەدەن، چونکە هێشتا کۆمەڵگای ئێمە ماویەتی بگات بەو ئاستەو بڕوا بەلێخوڕینی پایسکیل بێنن لەلایەن کچانەوە".

پەری فەتاح،٢٢ ساڵ، گوتی"لەبەر دابونەریت و قسەو قسەڵۆکی کۆمەڵگا نەمانتوانی بەردەوام بین، هەرچەندە لەبەشی ناوخۆیی ئەو حەزەی خۆمان بەدیدەهێنا".

بەڕێوەبەری بەشەناوخۆیی ١٨شوباتی کچان جوانە مەهدی، هیوای خواست ئیش لەسەر ئەو پرۆژەیە بکرێت و دووبارە کار بکرێت بۆ بەگەڕخستنەوە و گوتی"ئێمە پێمانخۆشە ئەو پرۆژەیە نوێ ببێتەوە، چونکە سوودێکی زۆری هەیە بۆ کچەکان".

ئیدریس هەرکی لەسەرۆکایەتی زانکۆی سەڵاحەدین گوتی"کاتێک ئەو پرۆژەیە پێشکەش بەوەزیرو پارێزگاری هەولێر کرا ئەوان قبووڵیان کرد، بەڵام ئێمە پایسکیلەکانمان وەرنەدەگرت، چونکە بەنووسراوی فەرمی نەهاتبوو"هۆکاری شکستهێنانی پرۆژەکەشی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی ئەو پرۆژەیە بێئاگاداری سەرۆکایەتی زانکۆی سەڵاحەدین بوو، هەرچەندە پێویست بوو سەرۆکایەتی زانکۆ لایەنێکی گرنگی پرۆژەکە بوایە".

رای بەڕێوەبەرێکی هاتووچۆ وەربگیرێت

www.netewe.com

# ئەتەکێتی نامەناردن لە کاردا



کنێر عەبدوڵڵا

وانەکانی ئەتەکێت کۆتایی نایەت، چونکە هەڵسووکەوتەکانمان لەژیاندا دەبێ بەگوێرەی یاساو رێسای پێویست و تایبەت بێت. ئەوەش بەئاشکرا لەرێساکانی بواری کارکردندا خۆی دەبینێتەوەو ناوی لێدەنرێ (ئەتەکێتی کارکردن).

کارکردن فرەبوار و هەمەلایەنە، دروستترین رێگا بۆ ئەنجامدانی هەڵسووکەوتی گونجاو لەکاتی کارکردندا، جێبەجێکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوەیە:

بوارەکان:

–ئەنجامدانی وتووێژی تەلەفۆنی.

–بەکارهێنانی فاکس.

–پەشیمانبوونەوە لەکۆبوونەوەکاندا.

–هەستان و دانیشتن لەکاتی پێشکەشکردنی کەسێکی دیکەدا، تەنانەت لەکاتی هاوکارینەکردندا.

ئەتەکێتی نامەناردن لەکاتی کاردا:

نامەی سوپاس – خوازراوە، تەنانەت ئەگەر بەدەستنووسیش بێت. مەرج نییە نووسینەکەی لەسەر ئامێری چاپ یان کۆمپیوتەردا بنووسرێت. پێویستە درێژدادڕی لەنووسینی ئەو نامانەدا نەکرێت. هەروەها زیادەڕۆیی بەوشەی سوپاسەوە مەکە لەکاتی گوزارشتکردندا. گرنگ ئەوەیە کورت بێت و دووروودرێژی لەخۆنەگرێت بەشێوەیەک ئامانجی خوازراو بهێنێتە دی.

وتاربێژی کارکردن:

لەنووسیندا وردی و کارامەیی دەخوازێ، جگە لەئاشکراکردنی مەبەست لەناردنی، بەبێ هیچ پێچ و پەنایەک، چونکە وتاربێژەکان کارکردنی وەک وتوێژکردنی تەلەفۆنی کە کات بەفیڕۆدەدات، بۆ ئەو کەسەی دەیخوێنێتەوەو پێشکەشکردنی سڵاوێکی زیادەڕۆیی تێیدا، یان گێڕانەوەی رووداوەکانی پێشترە، بەڵام لەهەمانکاتدا پێویستە هێما بۆ ئەو شتە بکرێت کە ئەو کەسە پێشتر باسی لێوە کردووە، یان بەکورتەیەک کردوویەتی .

ئەو دەستەواژانەی ئاماژە بەگەمارۆدان (تەنگپێهەڵچنین) دەکەن:

ئەوانەیە کە لەکۆتایی وتاربێژییەکاندا دەنووسرێت بۆ زانینی وردەکاری زیاتر کە تاک پێویستی پێی دەبێت.

– شێوازی گەمارۆدان: ئەگەر هاتوو هەر بەگیرهێنانێکی هەبوو، بەیارمەتی بۆ پەیوەندیکردن پێمانەوە هەست بە تەنگاوکردن مەکە، ئەوەش دەبێتە مایەی دڵخۆشبوونمان بەو وەڵامدانەوەیە.

– دەستەواژەی داواکاری ئاسان: بەیارمەتی پەیوەندیمان پێوە بکە، ئەگەر هاتوو هەر بەگیرهێنانێک هەبوو یان لەکاتی پێویستیدا، بۆ هەر زانیارییەکی زیادە.

بەکارهێنانی نامەکان لەسەرەتای نامەناردن و واژۆکردنەکاندا.

– ئایا نووسینی ناوی یەکەمی ئەو کەسەی قسەکەت ئاراستەی دەکەیت و ئایا سەبارەت بەواژۆکردنی ناوەکەت بەتەواوی چی دەڵێی، یان بەناولێهێنانی تەنیا ناوی یەکەمی بەسە؟

– لەمبارەیەوە رێسایەک هەیە پەیرەو دەکرێت، ئەگەرهاتوو ناوی یەکەمی ئەو کەسەت بەکارهێنا کە وتاربێژییەکەی ئاراستە دەکەیت، تەنیا واژۆکردن بەناوی یەکەم بەسە، بەڵام ئەگەر دووچاری دڵەڕاوکێ بوویتەوە بەوەی پێت ئاشنا دەبێ یان لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی پێویست سنووردار نەبوویت لەنامەکەتدا، بۆ ناساندنی ناسنامەکەت یان بەهۆی نەناسینی ئەو کەسە بۆت بەشێوەیەکی باش، باشتر وایە واژۆ بکەیت پاش نووسینی ناوی سیانیت بەتەواوەتی.

– لاپەڕەی فەرمی تایبەت بەکۆمپانیاکەت تەنیا بەمەبەستی کارکردن بەکاردێت، نەک بۆ کاری تایبەتی خۆت، چونکە دەشێت ئەو کەسە دووچاری لێپرسینەوەی یاسایی ببێتەوە.

KNER_ABDULLAH@YAHOO.COM

# پزیشکی وارڤین

پ: من ڕەنا جەمال، دەمەوێ بزانم ئایا نەخۆشی شەکرە دەبێتە هۆی لەبارچوونی منداڵ؟

و: پسپۆڕی نەخۆشی لەبواری ئافرەتان (د. شەهلا مەحمود عەلاف):
شەکرە دەبێتە هۆی لەبارچوونی چەندجارە، مردنی کۆرپلە لەناو منداڵداندا، زیادبوونی ئاوی سکپڕی. وێلاشی پێشەکی، هەروەها زیادبوونی گوشاری خوێن و مردنی کۆرپەلە لەپاش لەدایکبوون. پێویستە بەرلە دوومانگ ئافرەتەکە سەردانی پزیشکی پسپۆڕ بکات بۆ پشکنینی شەکرەکەی بۆ ئەوەی بتوانی کۆنترۆڵی بکات و خواردنی ڕێکبخات. هەروەها پێویستە بەوەرزشکردن و ڕێکخستنی خۆراکی تەندروست و بەکارهێنانی حەبی ئەنسۆلین لەکاتی لەدایکبوون پارێزگاری لەڕێژەی شەکرە بکات و بەردەوام لەژێر چاودێری پزیشکدا بێت بۆ ئەوەی بتوانرێ شەکرەکەی کۆنترۆڵ بکرێت و منداڵەکەی بەسروشتی ببێت.

پ: من (ڤیان شەریف) قوتابی کۆلیژی پەروەردە تەمەن (٢٤) ساڵ، ئەگەر دایک نەخۆشبێت ئایا لەکاتی شیرپێدانی بۆ کۆرپلەکەی نەخۆشییەکەی لەڕێگای شیرەکەوە بۆ منداڵەکە دەگوازرێتەوە؟

و: د.درەخت ئەرشەد عبدول وەهاب حەویزی پسپۆر لە نەخۆشییەکانی ژنان:
بەگشتی هیچ نەخۆشییەک نابێتە هۆی پیسبوونی شیری دایک و تووشبوونی منداڵ بەنەخۆشی، تەنیا نەخۆشی ئایدز نەبێت ئەویش لەسکی دایکدا کۆرپەکە بەهۆی خوێنەوە لەکاتی خولقان تووشی دەبێت. هەموو دایکێک دەتوانێ شیری خۆی بەمنداڵەکەی بدات هەتا لەکاتی قلیشانی گۆی مەمکیشی دەتوانێت بەشیری خۆی چەوری بکات و بەو شێوەیە زۆر بەئاسانی چاکدەبێتەوە.

پ: من (شەهێن) تەمەنم ٣٣ساڵە، دەمەوێت بزانم ئایا پیتاندنی منداڵ مەترسی سەرنەکەوتنی هەیە؟

و: دکتۆر سامیە عەبدولکەریم پسپۆڕی بواری نەخۆشییەکانی ژنان:
زۆربەی کات زۆرباشە جا ڕێژەی سەرکەوتنەکەی دەگەڕێتەوە سەر تەمەنی ژنەکە هەرچەندە تەمەنی گەورەتر بێت ئەگەری سەرکەوتنەکەی کەمترە. واتە لەتەمەنی٣٥ بۆ ٣٦ساڵی بەسەرەوە ئەگەری سەرکەوتنی کەمتر دەبێت.

خوێنەری بەڕێز، بۆ وەڵامدانەوەی هەرپرسیارێکی تەندروستی لەسەرجەم بوارەکاندا، دەتوانیت پرسیاری تایبەت بۆ فایلی تەندروستی بنێریت.

لەلایەن کۆمەڵێک پزیشکی پسپۆڕەوە وەڵامی شیاوت دەست دەکەوێت.

خوێنەرانی بەڕێز بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن پەیوەندی بەم ناونیشانەی خوارەوە بکەن:

تەلەفۆن:0662647813 ناونیشانی گۆڤار: هەولێر– شاری خەونەکان



# نەخۆشی شیزۆفرینیا به جنۆکەی ناو لەش لەقەڵەم دەدرێت؟!

**د. توانا عەبدولڕەحمان**

وشەی (سکیزۆفرینا)، یاخود (شیزۆفرینیا) بۆیەکەمجار لەلایەن پزیشکێکی دەروونی سویسری بەناوی"بوگن بلولیر"لەسەدەی ١٩ دا بەکارهێنرا کە خودی ئەو پزیشکەش بەدەست ئەم نەخۆشییە درێژخایەنە دەیناڵاند.

وشەی سکیزۆفرینیا پێکهاتووە لەدووبەش:"سکیز" کە مانای جیابوونەوە دەداو"فرینیا"مانای مێشک. لەزمانی لاتینی کۆندا واتە وشەی سکیزۆفرینیا بەگشتی مانای (جیابوونەوەی مێشک) دەگەیەنێت.

"بلولیر"، کە ئەم ناوەی بەکارهێنا (سکیزۆفرینیا) بەمانای (جیابوونەوەی مێشک) مەبەستی ئەوە نەبوو کە مێشک جیادەبێتەوە لەناو خۆیدا. یاخود کە چۆن باوە لەناو خەڵکیدا کە گوایە کەسایەتی ئەو نەخۆشە جودا دەبێتەوە لەیەک. بگرە زۆرجار دەبینین لێماندەپرسن (دکتۆر نەخۆشی شیزۆفرینیا زیاتر لە کەسایەتییەکی هەیە؟!)

وەڵامی ئەم پرسیارەش بەدڵنیاییەوە نەخێرە. وشەی شیزۆفرینیا بەهیچ شێوەیەک پەیوەندی بەمانای (کەسایەتی)یەوە نییە لەڕووی زمانەوە.

بەڵام بلولیر، مەبەستی لە وشەی شیزۆفرینیا ئەوە بوو کە کارە جیاوازییەکانی مێشک جیادەبنەوە لەیەک. چونکە وەک لای پسپۆڕانی ئەو بوارە ئاشکرایە بگرە لەلای زۆربەی خەڵکی روونە، مێشکی ئادەمیزاد بەرپرسە لەسەدەها کاری (کۆمپلیکسی) وەک (بیرکردنەوە، لێکدانەوەی هەستەکان، سۆز،.. هتد). لەهەمانکاتدا بەشێوەیەکی (تەواوکاری). ئەوەی لە (شیزۆفرینیا)دا روودەدات لەروانگەی بلولیرەوە ئەوەیە کە بەشێکی مێشک یان هەمووی بەشێوەیەکی (جیاکاری) کاردەکەن و گرنگترین فاکتەرەکانی کە فاکتەری (تەواو کار)یە لەدەستدەدات.

کە واتە بەکورتی دەتوانین پێناسەی شیزۆفرینیا بەوە بکەین، بریتیەلە: نەخۆشییەکی دەروونی درێژخایەن کە تێیدا بیرکردنەوەی ئەو تاکە دەشڵەژێت و دەبێتە دیلی چەند وەهمێک، یان چەند بیروباوەڕێکی چەوت. بۆ نموونە لەوانەیە نەخۆش واهەستبکات کە دەوروپشتی کەسانی نزیکی وەک دایک، باوک، خوشک وبرا... هتد، بوون بەدوژمنی و دەیانەوێ ئەو ئازاربدەن یا خود وابڕوابکات کە چەند کەسانێک هەن سیخوڕی دەکەن بەسەرییەوە یان خەڵک باسی دەکەن و تەڵەی بۆ دادەنێن. لەهەمانکاتدا لێکدانەوەی هەستەکان لەلایەن مێشکەوە سەقامگیر نابێت و زۆرجار مێشک هەستەکان دروستدەکات کە پێیدەگوترێت (وڕێنە).

بۆ نموونە هەندێکجار کەسی تووشبوو واهەستدەکات کە گوێی لەدەنگێک دەبێت کە گوایە قسەی لەگەڵ دەکات، یاخود شتی سەیر دەچێتە پێشچاوی کەلە واقیعدا روووینەداوە، بەڵام ئەو هەستیپێدەکات زۆرجار نەخۆش بۆ دەورو پشتەکەشی چەند هەڵسووکەوتێکی نالەبارو سەرسووڕهێنەر ئەنجامدەدا.

دەشێت جێی سەرسوڕمان بێت گەر خوێنەر بزانێت ڕێژەی بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییە لەناو هەموو کومەڵگایەکدا لە (١٪) واتا لەسەد تاکدا، تاکێک دەبێت ئەم نەخۆشییەی هەبێت.

شیزۆفرینیا، بەیەکسانی بڵاو دەبێتەوە لەناو نێر ومێدا. ساڵانە ١٥تاک بۆ هەر١٠٠٠٠٠تاک تووشی ئەم نەخۆشییە دەبن و لەسەرانسەری جیهاندا،ساڵانە (٢)ملیۆن حاڵەتی نوێ پەیدادەبێت.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی جێی داخە، لەکۆمەڵگای کوردستاندا، تائێستا ڕێژەیەکی زۆرکەم ئەم نەخۆشانە دێنە بەرچاوی پزیشکی دەروونی، تەنانەت لەوانەیە لەنێوان کەسووکارەکانیان بەوشەی (شێت)، یاخود (دێوانە) عەیبداریان بکەن و بگرە لەوانەیە سەردانی شیخ و مەلایان پێبکرێت بۆ ئەوەی



www.netewe.com

(جنۆکە) بهێندرێتە دەرەوە لەجەستەیاندا، کە لەراستیدا ئەم باوەڕە زۆر دوورە لە بنەما زانستی و پزیشکییەکانەوە.

**هۆکاری دروستبوونی شیزۆفرینیا چییە؟**

تا ئەم سەردەمەی ئەمڕۆ زانست نەیتوانیوە هۆکارێکی سەرەکی بدۆزێتەوە بۆ نەخۆشی شیزۆفرینیا، بەڵام چەندین هۆکار هەن کە لەوانە هیچکام لەو هۆکارانە بەتەنیا توانای ئەوەیان نەبێت نەخۆشییەکە دروستبکەن، بەڵام پێکەوەبوونیان لەو تاکەدا دەبێتە هۆکار بۆ سەرهەڵدانی نەخۆشییەکە. هۆکارەکانیش ئەمانەن:

١.هۆکاری بایۆلۆژی: وەک هۆکاری بۆماوەیی، لێکدانەوە زانستییەکان پیشانیانداوە رێژەی ئەو نەخۆشییە زۆر زیاد دەکات، ئەگەر تاکێک یان زیاتر لەخێزانێک هەمان نەخۆشی هەبێت.

٢.هۆکاری سایکۆلۆژی: توێژینەوە زانستییەکان ئاشکرایانکردووە، نەخۆشی شیزۆفرینیا لەناو ئەو تاکانەی کە پێش تووشبوونیان بەنەخۆشییەکە بڵاوە کە کەسایەتییان شەرمنە، یاخود خۆیان دوورەپەرێز دەگرن لە کۆمەڵگاو زۆر تێکەڵ بەکۆمەڵگە نابن، یاخود ئەوکەسانەی کە وەکو فاکتەرێکی (فکری) زیاتر تاموچێژ لەبواری نادیاری رۆشنبیری و زانست دەبینن، وەک بواری فەلسەفە، سایکۆلۆژیا، پاراسایکۆلۆژی، یاخود بواری رۆمانسی و ئایین.

٣.هۆکاری کۆمەلایەتی: نەخۆشی شیزۆفرینیا بەشێوەیەکی گشتی لەناو شارە گەورەو قەرەباڵغەکاندا بڵاوترە وەک لەدەرەوەی شارو گوندەکان، ئەمەش دەشێت بگەڕێتەوە بۆ هۆکاری ئەوەی کەتاک لە گوندەکاندا بەتەنیا نییەو هەمیشە کۆمەڵگا زاڵە بەسەر ویستی تاکەکاندا، بەڵام تاک لەناو شاری گەورەدا، دووچاری زۆر کێشە دەبێتەوە، وەک قورسی ژیان و بێکاری و کەمدەرامەتی و بارگرانی پارە پەیداکردن، وێرای ئەوەی کە کێشەی کۆمەلایەتی بەشێوەیەکی گشتی لەناو شاری گەورەدا بڵاوترە وەک لەدەرەوەی شار.

هەروەها ئەو نەخۆشییە زیاتر بڵاوە لەناو ئەو تاکانەی کە بەتەنیا دەژین و بوونی ژیانێکی کۆمەلایەتی و خێزانی دەوڵەمەند فاکتەرێکی گرنگە لەرێگرتن لەو نەخۆشییە.

**چارەسەر چییە؟**

دەشێت لەم بوارە کەمەدا گونجاو نەبێت کەیەکە یەکە باسی دەرمانەکان یاخود رێگای چارەسەری پزیشکی بۆ ئەو نەخۆشییە بخرێتەڕوو. بەڵام بەخوینەری بەڕێز رادەگەیەنم کە ئەگەر هەستتانکرد کە تاکێکی نزیک لێتانەوە نیشانەکانی ئەو نەخۆشییەی تێدابێت، ئەوا رێنماییتان دەکەم بەهیچ شێوەیەک گاڵتەی پێنەکرێت و عەیبدار نەکرێت، هەروەها پێوست ناکات سەردانی شێخ و مەلا بکات، چونکە ئەو حاڵەتە نەخۆشییە وەک هەر نەخۆشیەکی دیکە باشتر وایە بەزووترین کات راوێژ لەگەڵ پزیشکێکی دەروونی بکەن بۆ چارەسەرکردنی بەپەلەی، چونکە چەند زووتر ئەو نەخۆشە چارەسەر وەربگرێت ئەگەری پێشبینییەکان بۆ چارەسەرکردن باشتر دەبن، هەروەها ئەو نەخۆشانە هەرچۆنێک بن پێویستە دەرمانی تایبەت وەربگرن بۆ چارەسەرکردنیان، هیچ جۆرە چارەسەرکردنێک نییە بۆ ئەم حاڵەتە بەبێ دەرمان.







www.netewe.com

# دووانەکان چۆن دروست دەبن؟

کاتێک دایک سکی بەدووانە پڕدەبێت هەستدەکات کە قەبارەی سکەکەی لەگەڵ ماوەکەی ناگونجێت. لەچوارمانگیدا وەک ئەوە وایە سکەکەی شەش مانگ بێ و ئەوە مایەی گومانەو پێویستی بەپشکنین دەبێ، جا لەرێگەی سۆنارکردنەوە بەدیاردەکەوێت کە دایکەکە دووانەی لەسکدایە یان نا؟

تایبەت

### دووانە چۆن دروست دەبێت؟

لەناوەڕاستی سووڕی مانگانەدا واتە پاش دە ڕۆژ لەکۆتایی سووڕەکە، هێلکەدان هێلکەیەک دەردەدات ئـەویش لەڕێی ڕێڕەوەی تایبەت بەخۆیەوە بەرەومنداڵدان دەچێت، ئەگەر لەرێدا سپێرمێکی بینی ئەوە لەگەڵیدا یەکدەگرێت و دەبێتە کۆرپەلە. ئەوکات کۆرپەلەکەش دەچێ بۆ منداڵدان و بەدیوارەکەیەوە بەنددەبێت و لەڕێگای ناوکە پەتکەوە خۆراکی پێویستی خۆی لەمنداڵدان وەردەگرێت تاگەشە بکات، ئەمە لەهەموو حاڵەتێکی ئاسایی باودا ڕوودەدات. بەڵام لەدرووستبوونی حاڵەتی دووانە یەکێک لەم دوو حاڵەتە ڕوودەدات:

یەکەم، هێلکەدان دوو هێلکە یان زیاتر دەردەدات، بەمەش هەر هێلکەیەک لەگەڵ سپێرمێک لەناو سـەدان ملیۆن سپێرمدا جووتدەبێت، کە لەکاتی پرۆسەی سێکسدا دەچێتە ڕەحـمـەوە، ئەنجامی ئەمەش دووکۆرپەلە یان زیاتری لێپێکدێت.

دووهەم: هێلکەدان هێلکەیەک دەردەدات، بەڵام ئەم هێلکەیە دوای ئەوەی کە پیتێنراو و گەیشتە ڕێـڕەوەی مـنـداڵـدان دەبێتە دووکەرت و گەشە دەکات بۆ دووبەشی تەواو لەیەکجوو، پاشان بەرەو منداڵدان دەڕۆن تا لەوێدا لەرێگای درکە پەتکەوە یەکدەگرن. منداڵی دووانە، لە حاڵەتی دووهەمدا- بەهۆی درووستبوونیان لەیەک هێلکەوە- لەپێکهاتەی بۆماوەیی لەیەک دەچـن، هـەروەک چۆن لـەڕووی ڕەگـەزیـشـەوە لەیەکدەچن یان هـەردووکـیـان کـوڕن یـان کچن هـەروەهـا لەجۆری خوێن و شتی دیکەشدا چونکە ئەوان هەڵگری یەکجۆر کرۆمۆسۆمن. بەجۆرێک کە جیاکردنەوەیان لەیەک گران دەبێت، تەنانەت لەلایان نزیکترین کەسیش لێیانەوە. لەکاتێکدا منداڵانی دووانە لەحاڵەتی یەکەم بەهۆی درووستبوونی دووهێلکەی جیاوازەوە جـیـاواز دەبـن لەپێکهاتەی بۆماوەیی و جۆری خوێن و ڕوخسار لەوانەشە لەڕووی ڕەگەزیشەوە لەیەکجودا بن لەخەسڵەتە گەشتییەکاندا هـەر هێندەی دووبـرا یان دوو خوشکی ئاسایی لێکدەچن، هەروەها ئەگەر ئافرەتەکە خۆی ویستی دووانـەی ببێت کلۆمیتی (CLOMIT) پێدەدرێت و لەنیوەی مانگ ١٣ ڕۆژ دوای بێنوێژی سۆنەر دەکات. ئەگەر بینیمان دووهێلکە هەبوو، ئەوکات دەرزی (BLASTOSTT) لێدەدرێت ودوای ٣٦ کاتژمێر هێلکەدان چالاکدەبێت دەتوانێ جـووت بێت، بەڵام ئێمە دایکان ئامۆژگاری دەکەین هەرگیز پەنا نەبەنەبەر ئەم حاڵەتە.

### بۆچی هەندێ ئافرەت بەدووانە سکپڕن؟

هۆکاری بۆ ماوەیی کاریگەری گەورەی هەیە لەپاڵ بوونی تەمەنیشدا، هەتا ئافرەت تەمەنی زیاتر بێت ئەگەری بوونی دووانەی زیاتر دەبێت، بەتایبەت ئەگەر منداڵبوون تا سی ساڵ دواکـەوت، ئەم حاڵەتەش لەشێوەی ژیانی تـازە، بوونی زیاترە. ئەویش بەهۆی نەهێشتنی منداڵبوون و دواکەوتنی پرۆسەی هاوسەرگیری و سکپڕییەوە. زۆرینەی ئەو ئافرەتانەی کە چارەسـەری نەزۆکی دەکـەن دووانە یان زیاتریان دەبێت، بەهۆی بەکارهێنانی مادەی بەهێزکردنی هێلکەدان کە وادەکات



www.netewe.com



هێلکەدان زیاتر لەهێلکەیەک لەیەک سووڕی مانگانەدا دەربدات، یان بەهۆی پیتاندنی زیاتر لەهێلکەیەک لەمندالآنی ناو شوشەدا.

## لایەنە خراپەکانی چین؟

هەندێک کێشەو نارەحەتی لەکاتی سکپڕیدا روودەدەن، ئەگەرچی هیچ زیانێکی لاوەکییان نەبێت، دایک لەکاتی سکپڕیدا رێژەیەکی زۆر ئاسن لەدەستدەدات لەپێناو بەخشینی ئاسنی پێویست بەکۆرپەلەکە بۆ پێکهێنانی خوێن و ماسوولکەو زۆرێک لەرژێنەکان. بۆیە هەندێکجار دایک تووشی کەمخوێنی دەبێت هەروەک چۆنیش برێکی زۆریش لە کلس لەدەستدەدات کە لەدروستبوونی ئێسکی کۆرپەلەکەو دیواری خانەکان سەرفی دەکات، بەهۆی ئەمەوە دایک ئێسکەکانی تووشی لاوازی دەبن.

هەروەها لەگەڵ پرۆتینەکان و باقی ماددە پێویستییەکانی دیکە کە بۆ گەشەکردنی کۆرپەلە لەخواردنەکانی دایکەوە خۆراکی دەستنەکەوت، ئەوا لەخوێن، ئێسقان و ماسولکەکانییەوە وەریدەگرێت.

لەسکپڕبوون بەدوانە بەکاربردنی ئەو ماددانە زیاد دەکات و پێویستیش بەوزەی گەرمی زیاد دەکات، ئەگەر لەڕێی خۆراکەوە ئەوە دەستەبەر نەبوو، ئەوا پێوستە دایک، رۆژانە پشووی زیاتر وەربگرێت تا خۆی وزە زۆر سەرف نەکات.

لەحاڵەتی ئاساییدا دوانە قەبارەیان بچووکەو کێشیشیان کەمە، هەر کاتێکیش ژمارەی دووانەکان زیاتر بوو، واتە بوو بەسیانەو چوارە، ئەوا کێشی هەریەکەیان کەمتر دەبێ و کەمتر لەدووکیلۆ دەبێت، گومانیشی تێدا نییە کە بچووکی منداڵی تازە لەدایکبوو کێشەی هەناسەدان و گەشەکردن و بەدخۆراکی لێدەکەوێتە.

## لایەنە باشەکانی چین؟

ئەو دووانەی کە تەواو هاوشێوەن (لەیەک هێلکەوە دروستبوون) لەبواری پزیشکی کۆمەڵێک سوودو قازانجی باشیان هەیە لەوانە:

ئەگەر یەکێکیان تووشی سووتانێکی قوڵبوو پێستەکەی تووشی رزین هات پێویستی بەنەشتەرگەری بوو ئەوە لێکچووەکەی دەتوانی بەشێک لەپێستەکەی خۆی پێببەخشێت تا لەنەشتەرگەری جوانی بەشێک شوێنی پێستەکەی بۆ پڕبکاتەوە.

ئەگەر یەکێکیان تووشی شێرپەنجەی خوێن بوو ئەوا دەتوانی بەلەناوبردنی سەرجەم خانەکانی مۆخی ئێسک و گۆڕینیان بەهاوشێوەکانیان لەئێسکی براکەی چارەسەربکرێت.

ئەگەر ئەو دووانەیە کچ بوون یەکیان تووشی نەزۆکی هات ئەوەی دیکە لەکاتی پێویست دەتوانێت هێلکەدان یان رەحمی خۆی پێبەبەخشێت.

ئەگەر یەکێکیان تووشی کارەساتێک بوو یان پێویستی بەنەشتەرگەری خوێن بوو، ئەوە براکەی دەتوانی خوێنی بداتی بەبێئەوەی پشکنین بۆ جۆری خوێنەکەی بکات، چونکە جۆری خوێنی هەردووکیان هەمانجۆرە.



# کچێک چارەسەری زۆربەی نەخۆشییەکانی پێستی کردووە

میلاف تاجەددین ٢٠ ساڵ، کچێکی رەنگ کاڵ، قژ رەشی چاو قاوەییە، بالایەکی مامناوەندی و روخسارێکی ناسکی هەیە. زۆربەی کات زەردەخەنەیەک لەسەر لێویەتی. میلاف، هەر بەو زەردەخەنەیەوە دەڵێ هەر لەتەمەنی ٤ ساڵیدا لەگەڵ باوکی بووە، کاتێک دەرمانی گیایی دروستکردووە، لەماڵەوە فێر بووەو لە١٠ ساڵییەوە دەستی بەدروستکردنی کردووە،"هەر لەمنداڵییەوە لەگەڵ باوکم بووم کە دەرمانی گیایی دروستدەکرد، بەڵام سەرەتا برێکی کەمی دەرمانەکانم دروستدەکرد، دواتر نیوە بەنیوە لەگەڵی دروستم دەکرد".

هەولێر

باوکی میلاف، ئەندازیاری کشتووکاڵی بووە، ماوەیەک لە سۆڤیەتی پێشوو بووە. چۆنیەتی دروستکردنی دەرمانی گیایی لەوێ فێربووە، بەڵام کە گەڕاوەتەوە هەرێمی کوردستان لەترسی رژێمی بەعس نەیتوانیوە باسی ئەوە بکات کە ئەو توانای دروستکردنی دەرمانی گیایی هەیە بۆ زۆر لەنەخۆشییەکانی پێست و سووتان. ئەو تەنیا خێزانەکەی و میلاف و کوڕێکی فێری دروستکردنی دەرمانەکان کردووە. میلاف، باسی لەوە دەکرد، ئەو زیاتر حەزی لەدروستکردنی دەرمانە هەرچەندە کاتێکی زۆری لێدەبات، جارجار دایک و براکەشی هاوکاریدەکەن"زۆربەیجار خۆم دەرمانەکە دروستدەکەم، بەرێژەیەک کە بەشی ماوەیەکی زۆر بکات، بەڵام هەندێکجار بەهۆی ئەرکی قوتابخانەم یارمەتی لەدایک و براکەم وەردەگرم".

بەگوتەی ئەو، زۆربەیجار پزیشکەکان ناردوویانەتە شوێن باوکی، چونکە زانیویانە خەڵک متمانەیەکی زۆریان پێهەبووە، گوتی"منیش توانیومە ئەو متمانەیە بەدەستبهێنم، چونکە ئەو کەسانەی دەهاتنە لای باوکم، ئەگەر کێشەیەکی پێستیان هەبێت، ئێستا دێن بۆ لای منیش". لێرەدا بزەیەک خۆی خزاندە سەر لێوانی میلاف کە دیار بوو بزەی سەرکەوتن و شانازی بەخۆکردن بوو.

میلاف، باسی لەچۆنیەتی دروستکردنی دەرمانە گیاییەکان نەکرد، بەڵام دەیگوت گژوگیاکان چاکدەکرێن و دواتر ئەو گیراوانەیان لێدروستدەکەن کە بۆ زۆربەی نەخۆشییەکانی پێست بەکاردەهێنرێن. وەک سووتان، هەستیاری پێست، زیپکەو لەکەی دەموچاو لەگەڵ ئەوەش وەسفێکی دەرمانەکانی کرد، رەنگیان قاوەییەکی کاڵ و کەمێک توند و چەورە وەک کرێمە، هەندێک دەرمانیشیان هەیە شلە، جگە لەوە لەباخچەکەیان جۆرێک گیایان هەیە بۆ نەخۆشی بەکاردێت و بەخۆڕایی بەخەڵکی دەدەن.

مێژووی بەکارهێنانی گژوگیا وەک دەرمان بۆ سەرەتای درووستبوونی مرۆڤ دەگەڕێتەوە، لەرێگەی بەکارهێنانی گژوگیا بۆیاندەرکەوتووە، هەندێکیان تاموچێژی خۆشیان هەیە هەندێکی دیکەیان ژەهرن و هەندێکی دیکە گۆڕانکاری لەجەستەیان دەکات بەکارهێنانی گژوگیا وەک دەرمان لەناو چینییەکان و شارستانیەتی میزۆپۆتامیای کۆن بووە، مێژووەکەی بۆ ٢٨٠٠ ساڵ پێش زایینی دەگەڕیتەوە. چینییەکان زۆر گرنگیان بەچارەسەرکردنی نەخۆشی لەرێگەی گژوگیا داوە، دوای ئەوان گریگەکان و رۆمانییەکانیش زۆر گرنگیان بەگژوگیا داوە، بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی بەتێکەڵبوونی شارستانیەتی گریکەکان بەشارستانیەتی میزۆپۆتامیاو میسر بەکارهێنانی دەرمانی گیایی بۆ نێو ئەوانیش گواستراوەتەوە.

بەهۆی ئەوەی هەرێمی کوردستانیش ناوچەیەکی شاخاوییەو جۆرەها گژوگیایی تێدایە خەڵکی لەکۆن و ئێستاش کەڵکی زۆریان لەو گژوگیایانە وەرگرتووە، دەرمانی گیاییان لێدروستکردووە و پێدەڵێن"دەرمانی کوردەواری"، لەکۆندا ئەو کەسانەی دەرمانی گژوگیاییان دروستکردووە زاناو پزیشک بوونە، لەناو خەڵکی پێگەو



www.netewe.com

متمانەی زۆریان هەبووە زۆرجار ئەوانییان بە"حەکیم" واتە دانا ناویردووە.

سەرکەوت محەممەد خاوەنی دەرمانخانەی گژوگیایە لەهەولێر، ٢ساڵە دەرمانخانەی گیایی هەیە، باسی لەوەکرد دەرمانەکان لە هەرێمی کوردستان دروستدەکرێن، بەشێکیشی لەوڵاتانی دەرەوە دەهێنن وەک تورکیا، کەنەدا، سوریا، لوبنان و چین. گوتی"دەرمانەکانمان تەنیا لەگیای سروشتی دروستدەکەین".

لەبارەی چۆنیەتی هاتنی نەخۆش بۆ لایان گوتی"رۆژانە ژمارەیەکی زۆر خەڵک لەهەموو تەمەنێک بەتایبەت لەنێوان ٢٠ تا ٦٠ ساڵی دێن و سەردانمان دەکەن".

گوتیشی"دەرمانی گیاییمان بۆ زۆر نەخۆشی هەیە، بەڵام زیاتر بۆ چارەسەرکردنی پەڵەی پێست سەردانمان دەکەن لەگەڵ هەندێ نەخۆشی درێژخایەن".

دەرمانخانە گیاییەکان لە هەرێمی کوردستان بەمۆڵەت دەکرێنەوە. لەوبارەیەوە ئەو دەرمانفرۆشە گوتی"لەبەڕێوبەرایەتی رووەکناسان مۆڵەتمان وەرگرتووە".

لەبارەی چۆنیەتی فێربوونی درووستکردنی دەرمانی گیایی گوتی"بەشداری چەند خولێکم کردووە".

ئەو کەسانەی دەچنە لای مێلاف، زۆر متمانەیان بەدەرمانە گیاییەکانی ئەو هەیەو لەکاتی توشبوونیان بەنەخۆشی پێست سەردانی دەکەن بۆ وەرگرتنی چارەسەر. یەکێک لەو کەسانە، سالاری ٤٥ ساڵە. ئەو بۆ چارەسەرکردنی پێستی چۆتە ماڵی مێلاف کە بەهۆی کارەباگرتن دەموچاوی و دەستەکانی تەواو سووتابوو، لەوکاتەی باوکی مێلاف، لەژیان مابوو دوای وەرگرتنی یەکێک لەو دەرمانە گیاییانەی پێست کە باوکی مێلاف دروستیکردبوو تەواو پێستی چاکبووتەوەو گوتی"تەواوی دەموچاوم سووتابوو، بەڵام چەند گیراوەیەکی دەرمانی گیاییم بەکارهێنا بەماوەی ٢مانگ دەبوو، جێگەکەشی دیار نەماوە".

ئەو گوتیشی"ئێستاش ئەگەر کێشەیەکی پێستم هەبێت دەچمە لایان بۆ وەرگرتنی چارەسەر".

ژیان، تەمەنی ٤٢ ساڵە ئەویش تووشی نەخۆشییەکی پێست بوو، سەردانی چەند پزیشکێکی کردووە، بەڵام لای هیچیان چاکنەبووتەوە تا رۆژێک لەرێگەی هاورێیەکانی ماڵی مێلافی پێنیشاندەدرێت، ئەو باسی لەوەکرد کە تەواو بێتاقەت بوو بڕوای بەوە لەدەستدابوو کە نەخۆشییەکەی چارەسەری هەبێت گوتی"کە چووم بۆ لای ئەو کچە هیوام بەچاکبوونەوە نەبوو، بەڵام دوای وەرگرتنی دەرمانەکە بەماوەیەکی کەم پێستم وەک خۆی لێهاتەوە".

زۆرن ئەو ژنانەی هەر لەکۆنەوە لەناو کۆمەڵگای کوردستاندا بەشارەزایی و تواناو سەلیقەی خۆیان لەبواری حوکمڕانی تا دەگاتە سەر کارو پیشە دەستییەکان جێگەدەستیان دیار بووەو شانبەشانی پیاوان بەشدارییان لەپێشخستنی رەوڕەوەی ژیاندا کردووە. مێلاف هەرچەندە بیست بەهار تەمەنیەتی، بەڵام لەبواری بەکارهێنانی دروستی گیادەرمانییەکاندا وێنەی لەناو رەگەزی بەرامبەریشیدا کەمە.

مێلاف لەکۆتاییدا باسی لەوەکرد کە سەرەتا زۆری پێخۆشبووە بچێتە کولێژی پزیشکی، بەڵام ئێستا ئەو ئارەزووەی نەماوە، چونکە دەبێ نمرەیەکی زۆر بهێنێت، هەروەها باسی لەوەش کرد کە هەستێکی خۆشی لادروست دەبێ کاتێک نەخۆشێک چارەسەر دەکات.



ئەو دەرمانانەی کە چارەسەری نەخۆشی پێستی پێ دەکرێت

فۆتۆ: وارڤین

www.metewe.com



**ساڵی رابردوو نزیکەی دوو هەزار حاڵەت تۆمارکراون**

# شێرپەنجەی مەمک:

# ئەو ئافاتەی بەرۆکی ژنانی گرتووە

مانگی ئۆکتۆبەری هەموو ساڵێک لەسەر ئاستی جیهان بەمانگی بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشی شێرپەنجەی مەمک ناسراوە، لەهەرێمی کوردستان وێرای ئەوەی تەنیا لەماوەی یەکساڵدا نزیکەی ٢٠٠٠ حاڵەت تۆمار کراون، بەڵام تائێستا نەخۆشخانەیەکی تایبەت بەو نەخۆشییە دانەمەزراوە، بەرپرسی راگەیاندنی وەزارەتی تەندروستیش دەڵێت یەکێک لەمەرجەکانی کردنەوەی نەخۆشخانە هەبوونی ژمارەی حاڵەتی پێویستە.

سوعاد نەوزاد، کچێکی تەمەن (٥٤) ساڵە لەتەمەنی (٣٧)ساڵییەوە تووشی نەخۆشی شێرپەنجەی مەمک بووە."تائێستا دووجار نەشتەرگەری شێرپەنجەم بۆ کراوە، جارێک گرێیەکەیان بۆ دەرهێناوم و جارێکیش مەمکم براوەتەوە، ئێستاش مانگانە دەرزییەکی کیمیاوی بەکاردەهێنم بەهۆی ئەم نەخۆشییەمەوە شوومەنکردووەو دایکیشم هەر بەم نەخۆشییە گیانی لەدەستداوە".

سروە عەلی، ئافرەتێکی تەمەن (٤٢ساڵە) خاوەن چوار منداڵە گوتی"ماوەی دوو هەفتەبوو مەمکی چەپم ئازاری هەبوو، تاوایلێهات خوێنی لێدەهات، دوای پشکنین بۆم دەرکەوت من تووشی ئەم نەخۆشییە بووم، بۆ چارەسەرکردن چەندجارێک سەردانی دەرەوەم کردووە، دواجار مەمکم براوەتەوەو چارەسەری و دەرزی کیمیاوی بەکاردەهێنم".

## نەخۆشی شێرپەنجەی مەمک

نەخۆشی شێرپەنجەی مەمک دەکرێتە دووبەش benign tumour و ئەم نەخۆشییە باشترە لەجۆری دووهەم malignant tumour کە جۆری ترسناکەکانە دەبێتە هۆی گیانی لەدەستدانی نەخۆشەکە. بەگشتی شێرپەنجەی مەمک ئەو گۆڕانکارییانەیە کە بەسەر شانەکانی ئەندامێکی لەشدا دێت و دەبێتە هۆی نەمانی خوێنبەرو خوێنهێنەر لەو ناوچەیەدا. هەر چەندە تائێستا ئامارێکی دروست بۆ نەخۆشی شێرپەنجەی مەمک نەکراوە، بەڵام لەهەر دە ئافرەت ئەگەری تووشبوونی ئافرەتێک لەئارادایە.

## پێویستە میدیا خەڵک هۆشیار بکاتەوە

بەمەبەستی پاراستنی سەلامەتی و رێگەگرتن لەتەنینەوەی هەرجۆرە نەخۆشییەک لەوڵاتانی دەرەوە هەمووکەسێک شەش مانگ جارێک پشکنینی گشتی ئەنجامدەدات. د.بۆتان عەبدولقادر عەلی پسپۆڕی نەشتەرگەری گشتی دەڵێ"لەوڵاتانی دیکە، ساڵانە ئافرەتان، خولی پشکنینیان بۆ دەکرێت، بەڵام بەداخەوە ئەوە لەهەرێمی کوردستان نییەو بەکەرتی تایبەتیش ناکرێت، پێویستە حکوومەت ئەمکارە جێبەجێبکات. ئەگەرچی لەهەولێر رۆژانە لەنەخۆشخانەی ئافرەتان و لەدایکبوون، بۆ زانین و دەستنیشانکردنی ئەم نەخۆشییە پشکنین بۆ ئافرەتان دەکرێت". ئەو لەوبڕوایەدایە کە"هەر ئەوەندە بەس نییە، پێویستە بەگشتی هەوڵبدرێت کاری زیاتر لەو پێناوەدا بکرێت، بۆیە دەبێ خەڵک هۆشیار بکرێتەوەو میدیا رۆڵی لەئاگادارکردنەوەی مەترسییەکانی ئەم نەخۆشیی هەبێت".

## هۆکارەکانی تووشبوون

دکتۆر بۆتان گوتیشی"هەرچەندە تائێستا هۆکاری سەرەکی نەخۆشی شێرپەنجەی مەمک دیار نییە، بەڵام چەندین هۆکار هەیە بۆ زیادبوونی ئەم نەخۆشیە وەک رێژەی دانیشتوان، بۆماوەیی کە بەهۆکاری سەرەکی ئەم نەخۆشییە دادەنرێت، هەروەها خواردنەوەی مادە کحولییەکان و خواردنی چەوریش فاکتەرێکی لاوەکییە، هەروەها ئەو ئافرەتانەی قەڵەون ئەگەری توشبوونیان بەشێرپەنجە زیاترە". سەبارەت بەچارەسەریش گوتی"وەرزش بەشێوەیەکی گشتی زۆر رێگا چارەیەکی باشە بۆ خۆپاراستن لەم نەخۆشیەو کەمکردنەوەی رێژەی تووشبوون".

## چۆن هەست بەو نەخۆشییە دەکرێت؟

لەکاتی دەستلێدان یان خۆشووشتن ئافرەتەکە هەست بەگرێ دەکات، بۆیە زۆر گرنگە ژنان خۆیان لەماڵەوە بپشکنن ئەم گرێیانە ژانی لەگەڵدا نییەو دیوارەکانی گرێیەکە روون نییە هەندێکجار دەردراوێکی خوێناوی لێدێت و قەبارەی مەمک گۆڕانی بەسەردێت بەهۆی گرێیەکەوە گەورەدەبێت و رەنگی دەگۆڕێت و پەڵەی لەسەر دەردەکەوێت و هەندێکجار گۆی مەمک دەخورێت.

## ئامۆژگاری پزیشک

کەمکردنەوەی چەوری، کێش دابەزاندن و وەرزشی بەردەوام، بەجۆرێک رۆژانە کاتژمێرێک تا دوو کاتژمێر وەرزش بکرێت، زیاتر خواردنی سەوزەو میوەو پشکنین و سەردانیکردنی پزیشک لەگەڵ یەکەم هەستپێکردن سەردانی پزیشکی تایبەت بکات باشترین ئەو ئامۆژگارییانەن کە پزیشک ئاراستەی هاووڵاتیانیان دەکات.

## بەرنامەی پێنج ساڵەمان هەیە

بەگوێرەی ئامارێکی وەزارەتی تەندروستی لەساڵی ٢٠٠٩ لەهەرێمی کوردستان یەک هەزار و ٧٠٨ تووشبوو بەنەخۆشی شێرپەنجەی مەمک هەبووە، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی د.خالس قادر دەربارەی چۆنیەتی خۆئامادەکردن بۆ بەرەنگاربوونەوەی شێرپەنجەی مەمک گوتی"ئێمە کارێکی زۆرمان کردووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو نەخۆشییە لەگەڵ سندوقی نەتەوەیەگرتووەکان بۆ کاروباری دانیشتووان (unspa) خەریکی ئامادەکردنی بەرنامەیەکی پێنج ساڵین. کۆمەڵێک چالاکیمان هەیە بۆ هۆشیارکردنەوەو ئاگادارکردنەوەی خەڵک و خولی تایبەت دەکرێتەوە بۆ کارمەندانی نەخۆشخانەکان". سەبارەت بەنەبوونی سەنتەرێکی تەندروستی تایبەت بەوجۆرە نەخۆشییە گوتی"هەبوونی ئەم جۆرە بنکەیە یاخود سەنتەرێک پێویستی بەکۆمەڵێک کادیرو کارمەندی بەتواناو ئامێری تایبەت هەیە، هەروەها رێژەیەکی پێویست لەهەبوونی حاڵەتەکانی ئەو نەخۆشییە".

گوتیشی"بۆ کردنەوەی ئەمجۆرە بنکەو سەنتەرانە پێویستمان بەکات و پلانە، ناکرێ سەربەخۆ قسەی لەسەربکەم، بەڵام ئێمە ئێستا زیاتر خەریکی پەرەپێدانی کردنەوەی ئەو سەنتەرانەین کە بەشێوەیەکی گشتی پێشوازی لەهەموو جۆرەکانی نەخۆشی شێرپەنجە دەکەن".



سانە سلێمان

www.netewe.com

# ئەستێرەکان




٢١/٣-٢٠/٤

گرنگییەکی زۆر بەکارەکەت بدە تا ئەوەی دەیخوازی بەدەستی بهێنی، هەوڵ بۆ شاردنەوەی هەستەکانت بەرامبەر بەخۆشەویستەکەت مەدە چونکە ئەو هەست بەخۆشەویستی تۆ دەکات.




٢١/٤-٢٠/٥

چاوەڕێی کاتێکی گونجاو بکە بۆ دەربڕینی بیرو بۆچوونەکانت، هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانت بدە لەگەڵ خۆشەویستەکەت بەشێوەیەکی هێمن و لەسەرخۆ.




٢١/٥-٢١/٦

بەشێوەیەکی باشتر کارەکانت بەڕێوەبەرەو بەرژەوەندی خۆشت لەبەر چاو بگرە، زیاتر گرنگی بەژیانی تایبەتیت بدە.




٢٢/٦-٢٢/٧

بەهۆی گۆڕانکارییەکانەوە هەست بەدڵەراوکێیەکی زۆر دەکەی، پێویستت بەهەوڵێکی زیاترە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییە خۆشەویستییەکەت.




٢٣/٧-٢٢/٨

لەداهاتوویەکی نزیکدا ژمارەیەکی زۆر گرێبەستی بەسوود واژۆ دەکەی، دڵت بۆ خۆشەویستەکەت بکەرەوەو ئەوەی پێ بڵێ کە لێی دوودڵی.




٢٣/٨-٢٢/٩

گرنگییەکی زیاتر بەشتە بچووکەکان بدە کە پەیوەستن بە پرۆژەکەتەوە، ئەوەندە هەڵسوکەوتی خۆپەرستانە بەرامبەر خۆشەویستەکەت ئەنجاممەدە.




٢٣/٩-٢٣/١٠

گوێ بەو پروپاگەندانە مەدە کە بۆت دەکرێت، کەسایەتییەکی سەرنجڕاکێشت هەیە، بۆیە خۆشەویستەکەت ناتوانێت لێت توورە بێت.




٢٣/١٠-٢١/١١

ئەو کێشانە چارەسەردەکەی کە بوونەتە هۆی پەکخستنی کارەکەت، زیاتر گرنگی بەهەستی خۆشەویستەکەت بدە.




٢٢/١١-٢١/١٢

ناتوانیت لەماوەیەکی کورتدا تەواوی ئامانجەکانت بەدیبێنی، بۆیە پێویستت بەئارامگرتنێکی زیاترە، لەنێوان تۆ و خۆشەویستەکەتدا لێکگەیشتنێکی باش هەیە.




٢٢/١٢-١٩/١

پێویستە زیاتر چاونەترس بیت بۆ ئەنجامدانی کاری نوێ و خۆشت مرۆڤێکی سەرکێشی، لەهەموو ڕەفتارەکانی خۆشەویستەکەت توورە مەبە، پێویستە زیاتر دیپلۆماسی بی.




٢٠/١-١٨/٢

سەرکەوتوو دەبی لە یەکێک لەو پرۆژانەدا کە ئاواتت بۆ دەخواست. تائێستا نەتتوانیوە متمانەی خۆشەویستەکەت بەدەستبهێنی، ئەمەش گرفتت بۆ پێشدێنێ.




نەهەنگ ١٩/٢-٢٠/٣

لەیەکەم شکستدا خۆت مەدە بەدەستەوە، بەردەوامبە تا ئەوکاتەی بەئامانج دەگەی. خۆشەویستەکەت داواتلێدەکات گرنگی زیاتری پێبدەی چونکە هەستدەکات پشتگوێتخستووە.

www.netewe.com

# هەوڵی پلاتفۆرمی ژنان بۆ قەدەغەکردنی خەتەنە سەردەگرێت

تایبەت

وەک یەکەمین دەستکەوتی پلاتفۆرمی ژنان، وەزیری تەندروستی حکوومەتی هەرێم بڕیاریدا لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لەزیانەکانی خەتەنەکردنی مێیینە پێکبهێنێت و لیژنەی فەتوای یەکێتی زانایانیش رایگەیاند، ئەگەر راپۆرتی پزیشکی زیانەکانی بسەلمێنێت ئـەوا ئـەوان فەتوای حەرامکردنی خەتەنە دەردەکەن.

نوێنەری کۆمەڵێک رێکخراوی ژنان و رێکخراوی مـەدەنـی و کەسایەتی چـالاک و پەرلەمانتار پلاتفۆرمێکیان رۆژی ١٤- ١٠- ٢٠١٠ پێکهێناو لەژێر دروشمی"نـا بۆشێواندنی کۆئەندامی زاوزێی مێینە" کەمپینێکیان راگەیاندو لەپەیامێکدا دژی دیـاردەی خەتەنەکردنی مێیینە لەهەرێمی کوردستان وەستانەوەو داوای بەیاسا قەدەغەکردنی ئەو دیاردەیەیان کرد.

پرسی بەیاسا قەدەغەکردنی خەتەنەکردنی مێیینە لـە٢٠٠٧دا لەلایەن لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی ئافرەتان لەپەرلەمان وەک پڕۆژە پێشکەشکرا، بەڵام لەبەرئەوەی زۆرێک لەئەندامانی ئەو خولەی پەرلەمان پێیان"عەیب" بـوو گفتوگۆ لەسەر خەتەنە بکەن، پڕۆژەیاساکە خوێندنەوەی بۆنەکرا. دواتـر بڕیاردرا بکرێتە خاڵێک لەپڕۆژەیاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی کە تائێستا ئەویش لەم خولەدا خوێندنەوەی بۆنەکراوە.

خەتەنەکردنی مێیینە لەهەرێمی کوردستان لـەلایـەن ئـەو پـلاتـفـۆرمـەوە بـەزەقـتـریـن ئەو پێشێلکاریانە دادەنـرێـت کـە هـەر لـەدوای لەدایکبوونەوە بەرامبەر بەرەگەزی مێ دەکرێت. لەسەرەتای ئەمساڵدا رێکخراوی وادی ئەڵمانی لەتوێژینەوەیەکدا ئاشکرایکرد ٧٢،٩٪ی ئافرەتانی هەرێم خەتەنەکراون.

ئـەو پرسە لـەلایـەن لیژنەی فـەتـوای یەکێتی زانایانەوە وەک شتێکی ئاسایی سەیرکراو لیژنەکە ئامادەنەبوو لەڕووی شەرعەوە بە"حەرام"بیناسێت، بەو پێیەی زۆرینەی خەڵکی هەرێمەکە موسڵمانن. هەرلەوبارەیەوە سەرۆکی لیژنەی فەتوا، مەلا عەبدوڵڵا سەعید وەیسی، لەلێدوانێکدا بۆ وارڤین رەخنەی لەوەزارەتی تەندروستی و رێکخراوەکانی ئافرەتان گرت کە تائێستا لەراپۆرتێکدا زیانەکانی خەتەنەکردنیان لەسەر دەروون و جەستەی ئـافـرەت، روونـنـەکـردووەتـەوە،"بـۆیـە ئێمەش قەناعەتمان وابووە کە خەتەنەکردن، نەریتێکی ئیسلام نییەو واجب نییە". ئەو گوتیشی"لە بەر ئەوەی نازانین زیانەکانی لەڕووی تەندروستییەوە چین، نەمانتوانیوە بەتەواوی قەدەغەی بکەین، بۆیە ناچاربووین بڕیارەکە بدەینە دەست دایک و باوک و موباحی بکەین".

لەوبارەیەوە شارەزا لەسیاسەتی تەندرووستی، د.گۆران عەبدوڵڵا زەنگەنە، رەخنەکانی لیژنەی فەتوا گرنگو بەجێ وەسفدەکات و دەڵێ"دەبوایە وەزارەتـــی تەندروستی پێش رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کاریان لەسەر ئەوە بکردایەو داتای پێویستیان کۆکردبایەوە، لەسەر ئەو بنەمایە پلانێکی ستراتیژی بۆ کەمکردنەوەی خەتەنە، هەبوایە". گوتیشی:"پێویستە بابەتەکە بەجیدی وەربگرێت و پلانی بۆ یارمەتیدانی قوربانیان هەبێت، هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە دەستپێبکات".

سەبارەت بەو پزیشکانەی دەڵێن"خەتەنەکردن زیانی نییە". گوتی "پێویستە لەڕووی زانستییەوە خۆیان پێشخەن".

لەهەرێمی کوردستان بەگوێرەی سروشتو خەسڵەتی کۆمەلایەتی ناوچەکان دیـاردەی خەتەنەکردن هەیە، "خەتەنەکردن وەک دیاردەیەک لەدهۆکدا بوونی نییە. لەهەولێر بەرەو کەمبوونەوە چووە، تەنیا لەگەرمیانو سلێمانیدا بوونی هەیە"ئەمە گوتەی سەرۆکی رێکخراوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، د.ڤیان سلێمان بوو.

لەسەر داوای پلاتفۆرمی ژنان وەزیری تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان د.تاهیر عەبدوڵڵا، بڕیاری پێکهێنانی لیژنەیەکی پزیشکی تایبەتمەند بە نەخۆشییەکانی ژنانی دا. بڕیارە ئەو لیژنەیە راپۆرت لەبارەی زیانەکانی خەتەنەکردنی مێیینە بخەنەڕوو.

وەزیری تەندروستی بەوارڤینی راگەیاند"ئەگەر لیژنەی فەتوا لەسەر ئەم راپۆرتەی ئێمە وەستاوە ئەوا ئێمە ئامادەین دەیان راپۆرتی لەم شێوەیە ئامادەبکەین و بڵاوی بکەینەوە". هەروەها ئاماژەی بەوەکرد کە ئەوان وەک وەزارەتی تەندروستی، خەریکی ئەنجامدانی راپرسییەکن لەسەر خەتەنەو بۆبنبڕکردنی ئەو دیـاردەیـە چەندین پـڕۆژەی دیکەیان بەدەستەوەیەوە.

www.netewe.com

# هێشتا مەستی یەکەمین دیدارم

کات: ٦ی مانگی ٥ی ساڵی یەکەمی ترپەی دڵم
شوێن: دیسانەوە ژوورە تەنیاکەم
لە(نیشە)ەوە بۆ (ئەسمەرەکەی چاوی من)

سڵاو ئەسمەرەکەم... لەپاش ساڵێ بەسەر یەکەمین دیداردا هێشتا تامەزرۆی ئەو کاتەم کە عیشق ڕۆحمی پڕ کرد لەئاسوودەیی. ئێستا بەیادی ئەو کاتەوە گوێ لە کیژانی برایم خەیات دەگرم، بەڵام ئەم جارەیان تەنیا بۆ یادهاتنەوەی یەکەمین دیدارو یەکترناسین. ئێستا ڕێک ئەو کاتەیە کە بەهاوڕێیەکی لەمێژینەم گوت یەکەمین دیدارم هەژێنەر بوو.. پێدەچێت من ئێتر لەئێستا بەدواوە عاشق بم! ئەمەوێ هەندێ نهێنی بدرکێنم کە تازە بووە بەیادگاری و پێویستە لەهەگبەی ئەم ئەوینە پیرۆزەدا بپارێزرێت. ئێستاش کە بیر لەو شەوە دەکەمەوە کە چەند بەریئانە هاتی و منیش چەند شێتانە عاشقت بووم. میوانێکی عەجوول بووم، زۆر بەخێرایی خۆم خزاندە نێو کەلاوەی دڵتەوە تا بۆ ئەبەد ئاوەدانی بکەمەوە. تۆ چەند بەحورمەتەوە بەخێرهاتنت کردم و من چەند بەشەرمنی هاتمە گۆ. تۆ چەند بێئاگایانە هەڵوژەت تام دەکردو منیش چەند عەیارانە دزەنیگام ئەکرد. تۆ چەند شێتانە خۆت تووڕە کردبوو لەدو□ڕاندنی ڕیاڵ مەدریدو منیش چەند دێوانە دڵم دائەخورپاو کەلە دیوەکەیتر گوێم لەدەنگی تووڕەبوونت دەبوو. ئەزیزی من، کە هاتم عیشقم هێناو کە ڕۆیشتم بیرەوەرییەکی زێرینم بەجێهێشت تا بۆ هەتاهەتایە چاوەڕێی سەردانێکی دیکەم بکەیت. میوانێکی ئێسکسووک بووم پێتخۆشنەبوو بگەڕێمەوە. وانییە..؟؟ دڵنیام وەڵامەکەی بەڵێیە..!!! من واهەستەکەم ئەمڕۆ جەژنی لەدایکبوونمە. چوون من ئەوەندە ئارامنەگرتووە لەهەموو ماوەی تەمەنما وەک ئەوە ساڵێکە لەدڵی تۆدا ئارام.. ئارام ئەژیم... قوربانی دڵت بم... چ سوپرایزێکی بێوێنەیە لەژیانی هەردوکمانا... ئەم نامەیە دەنووسم بۆ ئەوەی لەدڵی لاپەڕەیەکدا بمێنێتەوە بۆ نەوەکانی دوای خۆمان تا بزانن عیشق چەند شێتانە دێتە بوون و چەند بەگەورەییش ئەژێت..

ئەسمەرەکەی خۆم... لەبیرتە لەدڵی هاندەکەما بەو ناوە سەیڤم کردی...؟؟ ئەزانم کاتێ کەزانیت زۆر شادومان بوویت... بۆیە لەمەسیجێکا بۆت نووسیبووم:

هەرکات هاتی بێدەنگ وەرە
هەر ئەسمەرەکەی جارانم
هەر کورە سەرشێتەکەی چاوی خۆت و ژێر بارانم...!!!

ئەزانی چەندجار ئەو مەسیجەم خوێندەوە...؟؟؟ هەتا ئێستاش لەنێو دڵی هاندەکەما پاراستوومە... تۆ دیوانی(گوڵا و کەوان)ی ئاری عبدولەتیفت لەخۆشی ئەو دێرەدا لەبەر کرد... منیش لەخۆشی تۆدا لەوەرزێکی باراندا لە باوەشما ئەمخەواند... یادگارییەکان زۆرن... با لەوە زیاتر نەتگەڕێنمەوە بۆ چرکەساتی یەکەمین دیدار و پرت نەکەم لە خەیاڵ...

تا نامەیەکیتر بەیادگارییە سوورەکانت ئەسپێرم
ڕووحت پڕ بێت لە میهری خواهانە



نیشتمان بێنەوا - کەری

# نەسرین شێروان؛ ئەو هونەرمەندەی کە تەنیا بوخچەیەکی پاش خۆی بەجێهێشت

**(١٩٢٨- شێرناخ – ١٠ ئۆکتۆبەر - ١٩٩٠ - بەغداد)**



**کاکشار ئۆرەمار**

لەسەدەی بیستەمداو بەرلەوەش ژنی کورد زۆر هەوڵیانداوە کە شانبەشانی پیاوان لەهەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و هونەریدا توانای خۆیان تاقیبکەنەوە. ژنی کورد لەگۆڕەپانی هونەری جیهاندا خاوەن شوێنێکی بەرزن و لەکوردستاندا قەدری ژنی کورد باشتر بەهونەرەکەیانەوە دەناسرێتەوە.

بەهونەرە رەنگینەکەیان ژیانی گەلی کورد شیرینتر و رەنگینتر دەکەن. لەکۆمەڵگای کوردستاندا بەبەراوورد لەگەڵ ژنانی دراوسێ، عەرەب، تورک، ئازەری و فارس ژنی کورد تاڕادەیەک زیاتر لەکاروباری سیاسی و کۆمەلایەتیدا ئازادترن.

لەبواری هونەریداو بەتایبەتیش لەگۆڕەپانی گۆرانیگوتندا چەند ژنی کورد هەن کە لەبەر موزیک و گۆرانی کوردی چاوی خۆیان لەئاست هەموو خۆشییەکانی ژیانی تاکەکەسیدا پۆشیوە، بەڵام تادوارۆژیش هونەرمەندییان کردووەتە پیشەو بوونەتە رێبەر و پێشەنگێک بۆ نەوەی نوێ. مریەمخان، ئەڵماسخان، نەسرین شێروان، فەوزیە محەمەد، گوڵیزار، گوڵبەهار، جەمیلا جەلیل، لەیلا بەدرخان، سوسیکا سەمۆ، بەلگا قادر، دایکی جەمال، ئەسمەر، نازدار فەرهاد، ئایشێ شان و گەلێک کەسی دیکەش لەگەڵ ئەوان بوونە کە لەسەردەمانێکدا دەستیان بەگۆرانیگوتن کردووە، کە ژنی کورد لەهەموو بوارە کۆمەلایەتییەکاندا بەسەختی سەرکوت دەکرا.

یەکێک لەو ژنانەی کەلە ریزی یەکەمدا لەبەرامبەر چەوتییەکانی کۆمەڵگای فیۆدالیزم راوەستاو بەرخۆدانی کرد، نەسرین شێروان بوو. ناوی راستەقینەی"خۆخێ عومەر عوسمان محەمەدە". نەسرین، لەساڵی ١٩٢٨دا لەشێرناخ لەدایکبووە. ئەو لەبنەماڵەیەکە کە رەوشی ئابووری ژیانیان پێشتر زۆر باش بوو، بەڵام پاش دەستپێکردنی سەرهەڵدانەکان لەباکووری کوردستان و گۆڕانکارییە کۆمەلایەتی و سیاسییەکان ژیانیان تێکچوو.

نەسرین، لەهەڤپەیڤینێکدا لەبارەی ژیانی خۆیەوە دەڵێ:"دەستپێکی گۆرانیم بۆ ئەوکاتە دەگەڕێتەوە کە ١٣ساڵان بووم، ئەوکات شوان بووم. ئەوکات شوانیم دەکرد بۆ خێزانەکەم و مەڕوماڵاتی گوندییانم دەبردە دەرەوە. گوێم لەدەنگی ئەو شوانانە دەگرت کە گۆرانی و لاوکیان دەگوت. حەزم لەو گۆرانی و لاوکانە دەکرد. دەمگوتنەوەو فێردەبووم. ئینجا لەماڵی خزم و کەسووکار و دراوسێکانیش ئەو لاوک و بەستانەم دەگوتەوەو ئەوانیش پێیانخۆش بوو و هەستی خۆیان بۆ من دەردەبڕی. لەوە بەدواوە ئیتر ئەوان منیان بۆ شایی و داوەتەکانیان بانگ دەکردە ماڵەکانیان، یان هەر بۆنەیەکی دیکە بوایە منیش دەچوومە ناویان".

دیسان نەسرین، لەهەڤپەیڤینێکی دیکەدا لەگەڵ فاروق ئامێدی، دەڵێ:"ئەز خەڵکی گوندی شێرناخ لە کوردستانی تورکیام و من شوانیم کردووە، لەبەر پەزان بوومە. کۆچەر بووم. بەڵام من کاتی منداڵیم هیچ گۆرانییەکم نەدەزانی... کارم گەڕان بوو: جوولەمێرگ، هەرەکولی میران، چیای جودی، بەحرا وانێ، جزیرەی بۆتان، شاخێ، هەولێر، بێستین، سێرت، ئامەد... هەموو ئەو شوێنانەم بینیوەو گەڕاوم و کۆچەریم کردووە. تەواوی منداڵی خۆمم لەو شوێنانەدا تێپەڕاندووە بەهەژاری و ناخۆشی".



**نەسرین شێروان**

لەو ساڵانەدا هەژاری وەک هەورێکی رەش هەموو شوێنێکی باکووری کوردستانی داپۆشیبوو. راپەڕین و بەرخۆدانی کورد لەدژی رژێمی تورکیا ببوونە هۆی ئەوەی کە ئابووری کوردستانیش رۆژبەرۆژ خراپتر ببێت. لەبەرئەوەش باوکی نەسرین، نەمر(عومەر عوسمان)یش ناچار بوو وەک هەزاران بنەماڵەی دیکە روولە باشووری کوردستان بکات. ماوەیەک

www.nerlewe.com

له گوندەکانی دارەوزان و قادیا نیشتەجێبوون، بەڵام لەبەر خراپی رەوشی ئابووریيان نەیاندەتوانی بژێوی ژیانیان دابینبکەن. پاشان باوکی نەسرین، بۆ ئـەوەی سکی منداڵەکانی تێربکات، هەموو منداڵەکانی ناردە زاخۆ. نەسرین و براکانی لەوێ لە ماڵی دەوڵەمەنداندا کاریان دەکرد. کارکردن بۆ منداڵی ٩-١٠ ساڵان لەناو ماڵی دەوڵەمەنداندا زۆر زەحمەتە، بەڵام نەسرین، بەگیان و دڵ کاری دەکرد و جارجاریش بەدەم کارکردنەوە گۆرانی دەگوت. لەساڵانی ١٩٣٠ بەملاوە ئەو کەسانەی کە لەناو ماڵاندا کاریان دەکرد و بۆ ئاغاو بەگەکان کاریان دەکرد، هەموو رەنجەکانیان تەنیا نانی رۆژ بوو کە پێیاندەگوت"کاری بە نانەسکی". واتە هەموو کارێکیان بەمرۆڤ دەکرد، بەڵام تەنیا نانیان پێدەداو هەندێکجاریش نانەکەیان لێدەبڕی. پاش چەند ساڵ ژیانی سەخت لە زاخۆ، باوکی نەسرین، لەوەگەیشت کە نابنە خاوەنی هیچ شتێک، بۆیە بەناچاری زاخۆیان بەرەو بەغدا بەجێهێشت. وەک نەمر موکەرەم رەشید تاڵەبانی دەڵێ نەسرین، خۆی گەیاندە ماڵی جەمال بابان کە لەسەردەمی مەلیک فەیسەڵ دا وەزیر بوو. دوو ساڵ لەوێ کاری کرد و کاتە بەتاڵەکانی لەناو شایی و ئاهەنگگەلێک کە هونەرمەندانی وەک عەلی مەردان، سەید ئاغای جزیری و حەسەن جزیریش تێیدا بەشدار بوون، بەسەر دەبرد. نەسرین لەهەموو شوێنێک بـەدوای فێربوونی گۆرانی کوردییەوە بوو و جارجاریش بەگۆرانی سەرنجی بەشدارانی بەلای دەنگەخۆشەکەیدا رادەکێشا. ئەوەش بووە هۆی ئـەوەی کە رۆژێک مامۆستا عەلی مـەردان، لەگەڵ خۆیدا بیباتە رادیۆی بەغداو بەنەمر کامیل کاکەمینی بناسێنێت کە ئەوکات بەرپرسی رادیۆ بوو. نەسرین، لەلای ئەو دەستی بەگوتنی چەند گۆرانی کـوردی کـرد و پاشان وەک گۆرانیبێژ وەرگیرا. دواتر بەرنامەیەکی هەفتانەی بۆ دیاریکرا کە ئەوکات بەشێوەیەکی راستەوخۆ پێشکەش دەکرا. وەک خۆی گوتوویەتی، لە٢٥ ئاداری ساڵی ١٩٤٤دا بەهاوکاری مامۆستا عەلی مەردان چووەتە رادیۆی کوردی بەغداو ئەو گۆرانییانەشی کە لەوێدا گوتووە بریتین لە مەقامی:"دە لێ لێ مامەدۆ" کە بە بەستەی"جزیرێ و جزیرێ...جزێرێ د کورێ دا...

پـاش ساڵی ١٩٤٣ لە بەغدا نەسرینی گەنج و تازەپێگەیشتو هەموو رۆژێک گوێیدەدایە رادیۆی کوردی و بەبیستنی دەنگی گۆرانیبێژانی کوردی وەک سەعید ئاغای جزیری و عەلی مـەردان زۆر خۆشحاڵ دەبــوو. ئــەو کچێکی نـەخـوێـنـدەوار بـوو، بۆیە پێویستبوو کەلە دەمـی ئـاوازدانـەری گۆرانییەکانی یانیش لـەزاری ئـاوازدانـەرەکـان چەندینجار هەڵبەستەکان ببیستێت و راهێنانیان لەسەر بکات و دووبارەیان بکاتەوە. سەیری دەم و لێویانی دەکرد و فێری گۆرانییەکان دەبوو. پاش چەندینجار پرۆڤە لەبەری دەکردن و بەشێوەیەکی رێکوپێک لەستۆدیۆ تۆماری دەکرد. نەسرین، هەموو گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی باکووری کوردستانی دەزانی. بەتایبەتی بەستەو لاوکی هەرێمی بۆتان و ئامەدی لەمنداڵییەوە دەزانی. ئەو وەک باڵیۆزێک بوو کە فولکلۆری باکووری کوردستانی لەپارچەکانی دیکەی کوردستان بڵاودەکردەوە. لەسەر چۆنیەتی دەستپێکردنی نەسرین بەگۆرانی قسەیەکی دیکەش هەیە: ژیانی کورد هەمیشە بەشادی و خۆشییەو لەو نێوانەشدا نەسرینیش لەشایی و داوەتەکانی کوردی بەغداد دا بەشدار دەبوو. بەتایبەتی لەناو کۆمەڵەی دەستەخوشک و ژنانی کورد دا ناوێکی ناسراو بوو. رۆژێک لەداوەتێکدا بەدەنگی بەرز و خۆشی خۆی سەرچۆپی گرتبوو و گۆرانی دەگوت. مامۆستا عەلی مەردان کە ئەوکات لەرادیۆی بەغداد کاری دەکرد و یەکێک لەبەرپرسانی رادیۆکە بوو، بەبیستنی دەنگی زۆر سەرسام بوو و داوای لێکرد کە بچێتە رادیۆ و گرووپێکی موزیک دامەزرێنێت. عەلی مەردان خۆی مامۆستای مەقامی کوردی بوو و گەلەک لەسەر بوونی نەسرین، بەهونەرمەند پێیدادەگرت تا بەباشی بەدوای رێگەی خۆیدا بچێت و لەگۆرەپانی هونەردا سەربکەوێت. لەدەستپێکدا نەسرین لەبەشی کوردی رادیۆی بەغداد لە کۆراڵدا کاری هونەری دەکرد. لەکۆراڵێکدا کەلە هونەرمەندی کورد و عەرەبی وەک یوسف زیرور، حوسێن عەبدوڵڵا و داود ئەلقووەتی پێکدەهات کاری دەکرد. نەسرین، لەساڵی ١٩٤٦دا بەفەرمی بووە کارمەندی رادیۆ بەغداو تاکۆتایی ژیانی وەک کچی رادیۆ خۆی لەو دەزگا کوردییەوە دوورنەخستەوە. لەوێ لەسەر پێشنیاری هەندێک لەهەڤاڵانی نازناوی هونەری"نەسرین شێروان"ی بۆ خۆی هەڵبژارد. نەمر کامیل کاکەمین بەرپرسی رادیۆ ئەو نازناوەی بۆ هەڵبژارد. دواتر ئەو هونەرمەندی هونەرویست و مرۆڤدۆست ئەلماسخانی ناسی. لەماڵی ئەڵماسخاندا دەرگایەکی نوێی هونەری بۆ نەسرین کرایەوە. لەوێ گەلەک هونەرمەندی وەک سەعیدئاغای جزیری، حەسەن جزیری، خەلیل








نەسرین شێروان و ئادگارەکانی

www.netewe.com

ئاكرەیی، مریەمخان، فەوزیە محەمەد، ڕەمەزان جزیری و ڕەسوڵ گەردیشی ناسی. لەگەڵ گەلەک لەو هونەرمەندانەدا ئاهەنگ و کاسێتی تۆمار کرد و لەماوەیەکی کورتدا دەنگی لەهەموو شوێنێک بڵاوبووەوە.

## ناوەڕۆکی گۆرانییەکانی:

هەموو گۆرانییەکانی نەسرین، ئەو بەستەو مەقامانەن کە لەسەر ڕێچکەی"بەیات حوسێینی" گوتوویەتی. بەپێی قسەی مامۆستایان شارەزا لەهونەری کوردیدا ئەو دەزگایەی مۆزیکی کوردی لەگەڵ زۆرێک لەگۆرانی، حەیران و لاوکی فۆلکلۆری کوردیدا دەگونجێ یان یەکدەگرنەوە. دەنگی نەسرین، سوپرانۆیەکی بەچێژ، ناسک و لێوانلێ و لەسۆزی کوردییە. خاوەن دەنگێکی زوڵاڵ، بەهێز، ڕەسەن (ئوتانیک)، چیاییەو بۆنی دەشت و کوێستانەکانی کوردستانی لێدێت. ئەو لە گوتنی مەقام، لاوک، پایزۆک و بەستەدا وەستایەکی باشەو زۆر بەئارامی و شارەزایی توانای گەرووی بەکاردێنێت. هەرچەندە نەخوێندەوارە، بەڵام گۆرانی کوردی وەک میراتێکی بێکۆتایی لەخوێنی ئەودا جێیگرتووەو شارەزای کاری خۆیەتی. دەزانێ چۆن کۆڕی مۆزیک بەدوا خۆیدا بکێشێت و کۆنترۆڵی زۆر بەهێزە. ئەو نوێنەری فۆلکلۆری شێرناخی جزیرەیە. زمانی وشەکانی کراوە ڕەوانە. ناوەڕۆکی گۆرانییەکانی نەسرین شێروان بەتەواوەتی وەسفیین و بەتایبەت سادەیی چیا، کوێستان، گوند و سروشتی کوردستان بە زمانێکی خۆش دەردەبڕێت. گۆرانی وەک:"وەرە نارین، هەی لۆ میرۆ، هەی نێرگز-نێرگز، کۆچەرێ، نادیرە کەکە جەمیلە خانمە، گەورە، شێخێ دینێ، چیایە مە بلندن، های بەردە بەردە، حەسەنیکۆ، هەی جان، نێری، ئەز نایەم، دەردێ دڵان، حەسەن حەسەنە لۆ لاوۆ، نارێ، گولشەنی و بەسەدان گۆرانی دیکەی لەناو گەلدا بڵاوبووەتەوەو بەدەنگی ئەو پارێزراون.





یەکەمین ژنی کوردە کە زیاتر لەهەموو ژنانی گۆرانیبێژ واتە زیاتر لە ٥٠٠ گۆرانی لەڕادیۆی کوردی تۆمار کردووەو گەلەک لەو گۆرانییانەشی لەناو داوەت و شاییدا پێشکەشی گەل کردووە. ئەو شاعیرانەی کە شیعرەکانیانی بەکارهێناوە ئەمانەن: مامۆستا جگەرخوێن، حافیز مایی، شێخ سەلام و هەندێک کەسی دیکە. لەمێژووی هونەری کوردیدا نەسرین، لەو کەسانەیە کە تووشی گەلەک ناخۆشی و ناڕەحەتی هاتووەو بەتایبەت لەساڵانی کۆتایی تەمەنیدا لەبەر هەژاری زۆر سەختی بینی و مافیشی لەخزمەتی هونەری کوردیدا خورا، بەڵام دەنگی بەرز و خۆشی تائەمەڕۆش لەگوێدا دەزرنگێتەوە.

وەک دەگوترێت نەسرین، لە١٩٥٠ بەدواوە گەلەک دەوڵەمەندبووەو زۆریش هاریکاری ئەو خوێندکارە کوردانەی کردووە کەلە بەغدا خوێندوویانە. ئەو لەساڵی ١٩٧٣دا خانەنشین کراوە، بەڵام تامردن لەڕادیۆکە دوورنەکەوتەوە.

هەرچەندە هەموو تەمەنی لەڕێی هونەر و مۆزیکی کوردیدا بەسەربرد، بەڵام دڵی لەو کەسانەی کە بەچاوێکی کەم و سووک لەهونەری ژنی کورد دەڕوانن زۆر ئێشا بوو. بۆ دوایینجار لەساڵی ١٩٨٩ بەشداری بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی کەرکوک بوو و گوتی:"مخابن کورد قەدری هونەرمەندانی خۆیان نازانن و من زۆر گلەیی و گازندەم لە کورد هەیە...".

نەسرین، لەساڵی ١٩٤٦ تا ١٩٧٣ بەشێوەیەکی فەرمی لەڕادیۆی کوردی بەغدا کاری کرد. لەساڵی ١٩٧٣دا خانەنشین بوو، بەڵام بەداخەوە وەک خۆی دەڵێت تا ساڵی ١٩٧٤ مووچەی خانەنشینییان پێنەداوە.

لەساڵی ١٩٧٤ لەڕۆژنامەی (ڕۆشنبیری نوێ) لە٢١-٧-١٩٧٤ بەپێنووسی ڕۆژنامەوانێک لەسەر ژیانی نەسرین، وەها نووسراوە:"چاوپێکەوتنەکەم لەگەڵ هونەرمەندی کورد نەسرین شێروان، لە ژوورێکی ماڵەکەی لەگەڕەکی ئەلبەتاوین پێکهات. ڕەنگە ئێوە پێتان سەیربێت کە نەسرین شێروان، لەگەڵ دایک وباوکی پیری پاش ئەو تەمەنە درێژە شوێنێکی نەبوو کە تێیدا بحەوێتەوە. ئەوان هیچ داهات یان سەرچاوەیەکی داهاتیان نییە تا بژێوی خۆیانی پێ دابین بکەن". دەگوترێت کە نەسرین، لەڕۆژانی کۆتایی تەمەنیدا ئەوەندە هەژار بووە کە پارەی کڕینی دەرمانی نەبووەو ڕەچەتەکە لەدەستیدا ماوەتەوە. پاش ٥٠ ساڵ خزمەتی هونەری کوردی هەموو ماڵی نەسرین، تەنیا بوخچەیەک بوو. بوخچەکەش چەند دەستەجلی کەتان و ڕەچەتە دەرمانەکانی تێدابوو. مەخابن ئەویش وەک گەلەک هونەرمەندی دیکەی وەک حەسەن جزیری، بێخاوەن و بێکەس لە غەریبیدا مرد.

نەسرین، لەگەڵ تەحسین تەها، مامۆستا باکووری و ڕەسوڵ گەردیدا گەلەک گۆرانی تۆمار کردووەو لەساڵانی کۆتایی تەمەنیشیدا کاسێتێکی لەگەڵ محەمەد عارف جزیری تۆمار کردووە. تەرمی نەسرین، لە١٠ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩٠ لەشاری بەغدا بەبەشداری گەلەک هونەرمەندی کورد و کارمەندانی ڕادیۆی کوردی بەغدا لە گۆڕستانی شێخ مەعروف بەخاک سپێردرا.

## نموونەیەک لە گۆرانییەکانی:

گولێ هەی نار
گولێ هەی نار، هەی نار، هەی نارێ
کەوێ هەی نار، هەی نار، هەی نارێ
گولێ تە تێک سێنیا سەڤارێ
کەوێ من چاڤێ بەلەک خیوارێ

www.netewe.com



# سینەماکارانیش بۆ کێشە

لەم دیدارە تایبەتەی وارڤیندا هونەرمەند ناسر حەسەن، وەک بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەما باس لەکار و چالاکییەکانیان و بەتایبەتیش فێستیڤاڵی کورتەفیلمی توندوتیژی دژی ژنان دەکات. ئەو هەروەها کێشەو گرفتەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکە ئاشکرا دەکات.

تایبەت

وارڤـیـن: وەک بیستوومانە ئەمساڵ بەنیازی فێستیڤاڵێکن دژی توندوتیژی ژنان، ئەمکارە چۆن و لەسەر چ بنەمایەک سازدەکرێ؟

ناسر حەسەن: ئەو فێستیڤاڵە شتێکی ساڵانە نییە کە خۆمانی بۆ ئامادە بکەین، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی لەزۆربەی وەزارەتەکان لە ٢٥-١١ی هەر ساڵێک دەستدەکەن بەهەڵمەتێک لـەدژی توندوتیژی دژی ئافرەت، وەزارەتـی رۆشنبیریش وەک دەزگاکانی دیکە بەشداری لەو هەڵمەتەدا دەکات. تەنیا ئەمساڵەو مەرج نییە ساڵی داهاتوو فێستیڤاڵی لەوجۆرە بکرێ و رەنگە بشکرێ، سوودی ئەو فێستیڤاڵەش زۆرە. هونەرمەندانی ئێمە هەموویان رادەسپێردرێن کە بۆ ئەو کێشەیە کار بکەن، چونکە جیهانی ئافرەت جیهانێکی زۆر گەورەیە، ئافرەت پێویستی بەپشتگیرییەو پێویستە گشتمان پێکەوە هەوڵبدەین ئەو توندوتیژییە کەم بکەینەوە. ئێمەش لەرێگەی سینەماوە. لەسینەمادا چیرۆک و وانەیەکە، هەر دەرهێنەرەو لەروانگەیەکەوە بابەتەکە دادەهێنێت و لەچاوی خۆیەوە سەیری دەکات. من دژی ئەوەم بڵێین دەبێ لەو فێستڤاڵەدا هەموو دەرهێنەرەکان بەیەک هێڵدا برۆن، نابێ ئێمە ئازادی هونەرمەند و نووسینی سیناریۆ بەرتەسک بکەینەوە. ئێمە پشتگیری ئافرەت دەکەین، ئێمە ئیهانەی ناکەین و دژیشی ناوەستینەوە.

وارڤین: کات و ساتی بەڕێوەچوونەکەی کەی دەبێ؟

ناسر حەسەن: ئێستا بۆ هەر ١٠ فیلم سیناریۆ هەڵبژێردراوە، ئێستا ناتوانین کاتەکەی دیاری بکەین، لەبەرئەوەی ماوەیەکی زۆر کەم ماوە، رەنگە لەسەرەتای مانگی دوانزە سازبکرێ.

وارڤـیـن: وەک ناسر حەسەن چۆن دەڕوانیتە کێشەکانی ژن؟

ناسر حەسەن: ئێمە وەک هونەرمەند و رۆشنبیر ناتوانین بیر لەهەر پـرۆژەو کارێک بکەینەوە بەبێبوونی ئافرەت. چونکە ئافرەت بوونی هەیە



www.netewe.com



ناسر حەسەن









# ی ژن دەنگهەڵدەبڕن

لەژیان و بەشێکی زۆر گەورەی ژیانە، نەک نیوەی کۆمەڵگایە، بەڵکو لەنیوەی کۆمەڵگاش زیاترە. دەبێ هەوڵبدەین کە پشتگیری ئافرەت بکەین، بەو شێوەیەی کە پیاو لەوە تێبگات کە بەڕاستی ئافرەت ئەو ڕۆڵە گەورەیەی هەیە، ڕاستە خەڵکێک هەیە ئەوە دەزانێ، بەڵام ڕەنگە لەڕێگای فیلمێکەوە کاریگەرییەکەی زیاتربێ.

وارڤین: بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەما بە چ ئامانجێک دامەزرا؟

ناسر حەسەن: لەساڵی "٢٠٠٧" وە بڕیاری دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەما دەرچووبوو، تا لەمانگی ٨ ی"٢٠٠٩" ئەو بڕیارە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری جێبەجێکرا. وەک دیار و ئاشکرایە هەر بەڕێوەبەرایەتییەک دەبێ سەر بەبەڕێوەبەرایەتی گشتی بێ، بەڵام لەساڵی ٢٠٠٠ بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر دامەزراوەو دوای ئەوە سلێمانی و ئینجا دهۆک دامـەزرا. ئەو ٣ بەڕێوەبەرایەتی سینەمایە لەشارەکان هەریەکەو بەتەنیا لەگەڵ وەزارەت کـاری دەکـرد، یـان لـەگـەڵ دیوانی وەزارەت، بەڕاستی ئەوانە کۆنترۆڵ نەدەکران، یانی یەکێک لەو هۆیانە کە چەندین فیلم دواکەوت و کێشەی زۆری تێدابوو لـەوەوە سەرچاوەی گرت کە دەزگایەکی گشتی نەبوو کۆنترۆڵی بکات. کەواتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەما زۆر گرنگە، لەلایەنی کارگێڕی و کەلتووری و شارستانیش، عێراق لەچلەکانەوە سینەمای هەیە، بەڵام تائێستا دەزگایەکی سینەمایی نییە، دەزگایەکی هەیە بەناوی سینەماو شانۆ، کەواتە دەسەڵاتی کەمترەو کارەکانیشی کەمترە. ئەوە دەستکەوتێکی زۆر گەورەیە کە لەهەرێمی کوردستان دەزگایەکی تایبەت بەسینەما هەبێ، هیوادارم بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی تایبەت بەشانۆش هەبێ، تابتوانێ زیاتر کاربکرێ. ڕەنگە لەلایەنی ئیداری بگوترێ ئەوە زیادبوونی فەرمانگەکانە، بـەڵام ئـەوە هونەرو ڕۆشنبیرییەو پێویستە پشتگیری بکرێ تابگەیەتە ئەنجام. دروستکردنی فیلم یا کاری هونەری وەک

www.netewe.com

دروستکردنی باڵەخانەیەک نییە، ئێستا ئەگەر بمانەوێ باڵەخانەیەک بکەین و رایبگەیەنین هەزار بەڵێندەر و کرێکار و کۆمپانیا دێن کارەکە دەکەن، بەڵام کە دەتەوێ فیلمێک بکەی ناتوانی ١٠ وێنەگر بدۆزیتەوە، یان ١٠ دەرهێنەر، دروستکردنی هونەر و بلاوکردنەوەی رۆشنبیری و بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری خەڵک بەرۆژێک و دوو رۆژ ناکرێ، ئەوە کاتێکی زۆری دەوێ، بەلانیکەم ١٠ ساڵێکی دەوێ.



وارڤین: چەندە هەوڵتانداوە کادیری کورد دروستبکەن و کێشەی ئەو فیلمانە چارەسەر بکەن کە راگیراون؟

ناسر حەسەن: لەو کارانەی کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەما کردی نزیکەی ١٠ پرۆژە وەستابوو، توانیمان کێشەی ٨ پرۆژە چارەسەربکەین، بەداخەوە زۆر باسی گەندەڵی و دزینی پارە دەکرێ، ئەو کارانە کێشەی پارەنەبوو کە وەستابوون، بەڵکو کێشەی سیستەمە ئیداری و هونەرییەکەیەو لەئەنجامی نەزانینی چەند کادیرێکدا دروستببوون. لە١٠ پرۆژەکە ٨مان چارەسەر کردووە بەبێئەوەی داوای پارە لەوەزارەت بکەین، ئێستا ئەوەی ماوەتەوە کێشەی ٢ فیلمە، ئەوەش دەتوانرێ زۆر بەئاسانی چارەسەری کێشەکانی بکرێ. مەعقول نییە وەزارەت ٦٠٠ ملیۆن دینار لە فیلمێک سەرف بکات، ئێستا لەسەر ٥ ملیۆن رایوەستێنێ، هۆکارەکەی هەرچییەک بێ، دەبێ فیلمەکە بکرێ و نمایش بکرێ و ببێتە مادەیەک و دابنرێ و لەشارەکان و لەفێستیڤاڵەکان نمایش بکرێ. ئەگەر ئەو ٥ ملیۆنە وەزارەت بیدات یان ئێمە بۆی دابینبکەین و فیلمەکە تەواوبێ، ئینجا دوایی با لێکۆڵینەوە بکرێ لەگەڵ ئەو کەسەی هۆکاری دواکەوتنی فیلمەکەیە. بەڵام فیلمەکە موڵکی دەوڵەت و میللەت و ئەو وەزارەتەیە، دەبێ ببینرێ.

وارڤین: قسەیەک هەیە کە دەگوترێ بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەما دادەخرێ. ئەوە تا چ رادەیەک راستە؟

ناسر حەسەن: بەداخەوە لەکابینەی نوێدا کە بەڕێز کاوە مەحمود وەزیرە لەم کابینەیەدا بەرنامەیەک هەیە کە فەرمانگەکان کەم بکرێنەوە، بەڵام ئایا هونەر و رۆشنبیری بەر لەهەموو وەزارەتەکان ئەوە جێبەجێدەکات، یا ئەو بەرنامەیە شمولی هونەر و رۆشنبیری دەکات؟ بەڕای من هەرچەند کار بکرێت بۆ هونەر و رۆشنبیری هێشتا کەمە. بابەتی رۆشنبیری و هونەر بابەتێک نییە بتوانی بەئاسانی سیستەمی بۆ دابنێی و خەڵکەکە بگەیەنیتە ئاستێکی هونەری. داخستنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەما بچووککردنەوەی سینەمایە، چونکە ناکرێ بەچاوی کشتوکاڵ و کارەباو شارەوانی سەیری سینەما بکەی. سینەما هونەر و رۆشنبیرییە، دروستکردنی فیلم بەو ئاسانیە نییە دوو کەس بێن بەشەورۆژێک فیلم یا زنجیرەدرامایەک بکەن. کاتی دەوێ، فراوانکردنی کارەکانی ئەو فەرمانگە هونەرییانە لەخزمەتی کارەکەیە تا بەجوانترین کوالێتی شتەکان ببینین، جا بچووککردنەوەی سینەما لەفەرمانگەیەکی وەک بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر کە هەموو هونەرەکان لەخۆدەگرێ گونجاو نییەو ئەرکێکی زیاتر دەبێ لەسەر شانی ئەو دەزگایانە. بەداخەوە لەهەرێمی کوردستان مانگی جارێک شانۆگەرییەک نابینین. ٢-٣ مانگ جارێک نمایشێکی شانۆیی هەیە، ئەگەریش بکرێ کەس نایبینێ، چونکە کەس نازانێ شانۆگەری هەیە، لەبەرئەوەی هیچ بایەخنەدراوە بەلایەنی راگەیاندنی. هەر کارێکی هونەریش ئەگەر راگەیاندن و تەلەفزیۆنەکان ئاگادارینەبن و لێی نزیکنەبن، خەڵک پێی نازانێت. من دەڵێم ئەوە ئەرکێکی زیاتر دەبێ لەسەر دەزگاکان کە زۆر گرنگە شانۆ، شێوەکاری، هونەری مندالان، مۆسیقا، فۆلکلۆر و هونەری میللی چالاکی بەردەوامیان هەبێ. بەبروای من بەئەنجامدانی ئەو کارە سینەما ون دەبێ، جگە لەوەش لایەنی پسپۆڕی گرنگە، ئێستا خۆشبەختانە لەبەڕێوەبەرایەتییەکەی خۆمان ٤ کادیری ئەکادیمیمان هەیە کە بڕوانامەی ماجستێر و بەکالۆریۆسیان لە سینەمادا هەیە. هیوادارم بەو بیرۆکەیەدا بچنەوەو گفتوگۆیەکی زۆر زانستیانەی لەسەر بکرێ.

وارڤین: لەبڕیاری داخستنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەما هیچ پرسێک بە ئێوە کراوە؟

ناسر حەسەن: کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزارەت کرا بەزۆرینەی دەنگ ئەو بڕیارە درا، چونکە جەنابی وەزیر زۆربەی کارەکان بەدەنگدان دەکات. ئەوە دیاردەیەکی جوانە، بەڵام بۆ هەندێ شت باش نییە. ئێستاش هیچ نەبووە دەکرێ بەو بیرۆکەیەدا بچنەوەو بەشێوەیەکی زۆر زانستی کاری لەسەر بکرێ، راستە پێشتر کێشە هەبووە، بەڵام زۆربەمان چارەسەر کردووەو دەبێ بۆ داهاتوو سوود لەهەڵەکان وەربگرین.

وارڤین: رێنمایی و فەرمانە نوێیەکانی وەزارەت باس لە فێستیڤاڵێکی سەرتاسەری کورتەفیلم لەکوردستان دەکەن، ئێوە چ بەرنامەیەکتان هەیە؟

ناسر حەسەن: دەبێ لە شارەکان فێستیڤاڵ بکرێ، بۆ نموونە ساڵی داهاتوو شارەکان فێستیڤاڵی خۆیان بکەن و لەژێر رێنماییەکانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی گشتی و وەزارەت کە داوای کوالێتی بەرز دەکەین، مەرجێکیان بۆ دابنێین کە دەبێ ئەوانەی فیلم دەکەن ئەزموونێکی باشیان هەبێ و روانینی جوانیان هەبێ، دەبێ ئەنجامەکەشی ٨٠٪ کەمتر نەبێ، ساڵی دوای ئەوە ئێمە فێستیڤاڵێکی سەرتاسەری کوردستان دەکەین و فیلمی نوێ بەرهەمناهێنین، دەچین فیلمە باشەکانی شارەکانی ساڵی رابردوو کە نمایشکراوەو ئاستی باش بووە دەێنین و لەو فێستیڤاڵە گشتییەکەدا نمایشی دەکەین. لیژنەیەکی بۆ پێکدێت و لەدەرەوەی وەزارەت فیلم هەیە بەرهەمدێ دەبێ بەشداری بکات، لەدەرەوەی هەرێمیش کەسی غەیرە کورد هەیە فیلمی لەسەر کێشەکانی کورد کردووە با ئەو فیلمانەش ببینین و بزانین ئەوان چۆن کار لەسەر کێشەکانی ئێمە دەکەن، بەرنامەمان ئەوەیە کە شارەکان دوو ساڵ جارێک فێستیڤاڵ بکەن و ئێمەش بەهەمانشێوە دوو ساڵ جارێک فێستیڤاڵێکی سەرتاسەری بکەین.

www.netewe.com

# دایک لە خاک و نیشتمان گەورەترە



وارڤین- تایبەت: غازی غەفوور وەک هونەرمەندێکی خاوەن ئەزموونی بواری شانۆ و درامای کوردی لەبەسەرکردنەوەیەکی کورتی وارڤیندا باس لەگەورەیی دایک و ژن و دواکاری هونەری خۆی دەکات. هەروەک باس لە بەشدارینەکردنی لە زۆر کاری هونەریدا دەکات.

لەدەستپێکدا غازی غەفوور، باسی لەبەشداریکردنی لەزنجیرە درامای بێسەرپەرشتاندا کرد"کە سیناریۆکەم خوێندەوە زۆر بەدڵم بوو، دراماکەش یەک لەو کارانە بوو کە پەخشکرا سەدایەکی زۆری هەبوو، چونکە من کە کار دەکەم پڕ بەقەناعەتەوە رۆڵەکەی خۆم دەگێڕم، بگرە لە جلوبەرگ و ئێکسسوار و تاوتوێکردنی کەسایەتییەکە، من ئەو کەسایەتییەم وا دیراسە کردبوو بۆیە کارێکی زۆر باش و جەماوەری دەرچوو".

## غازی غەفور گلەیی لە حکوومەت دەکات:

# بەعسییەکان پلەیان لە ئێمە باڵاترە

غازی غەفوور، وەک هونەرمەندێک جیا لەزۆربەی هونەرمەندانی دیکە لەهەموو کارێک بەشداری ناکات"بۆ زۆر کار تەکلیفیان لێکردووم، بەڵام نەمکردووە، عادەتەن سیناریۆ و دەقەکان دەخوێنمەوە ئەگەر رام لەسەری نەبێ مومکین نییە بەشداری بکەم، ئەگەر هەولێریشم لەسەر تاپۆ بکەن نایکەم، چونکە رابردووی هونەری خۆم نافرۆشم". بەشێک لە هونەرمەندانیش پێیانوایە باری تەندروستی رێگرە لەوەی غازی غەفوور، لە کاری هونەریدا بەشداربێ، بەڵام غازی، رەتیدەکاتەوە"گرنگ نییە باری تەندروستیم باش بێ یان نا، دەتوانم کار بکەم، چونکە پرسی تەندروستی کاریگەری لەمن و هونەرەکەم ناکات".

گومان لەوەدا نییە دوای نمایشکردنی هەر کارێکی هونەری رەنگدانەوەی دەبێ، غازی غەفوور، بۆ ئەوە یادەوەری خۆی هەیە"لەدوای دراماکە هەندێک کێشەم تووش بوو، رۆژێک لەگەڵ خێزانەکەم لە نەخۆشخانە دەرۆیشتم پیاوێک یەخەی گرتم و گوتی مامۆستا دەبێ گەردنی دایکم ئازا بکەی زۆر جنێوی پێداوی، چونکە زۆر رقی لێت دەبووەوە، گوتم گەردنی خۆش و ئازابێ، ئەوە نواندنەو کاری ئێمە ئاوایە دەبێ هەموو رۆڵێک ببینین".



غازی غەفور و سوهام حەسەن لە کارێکی هونەریدا

غازی غەفوور، بەرلە راپەرین وەک پێشمە ر گە یە کیش لەشاخ بووە، ئەو گلەیی لەحکوومەت هەیە"ئەوەی دڵتەنگم دەکات حکوومەتەکەیە، ئێمە ئاواتەخوازبووین ئەو هەموو تەمەنەی خۆمان لەسەر پێشمەرگایەتی و ململانێکردنی بەعس دانا، کەچی ئێستا بەعسییەکان زۆر زۆر لەئێمە لەپێشترن و پلەی باڵاتریشیان هەیە".

ئەو هونەرمەندە کە ئێستا مووە سپییەکانی ریشی ئەزموونی کارە هونەرییەکانیمان بۆ دەردەخەن بەوە دڵخۆش دەبێ حکوومەت بەخۆیدا بچێتەوە"ئەو دوو حزبە کە حکوومەتیان پێکهێناوە، هیوادارم حکوومەت سەربەخۆ بێ و ئەو حزبانەش لێگەڕێن کاری خۆی بکات".

ئەگەرچی غازی غەفوور، لەدرامای بێسەرپەرشتان کەلە دەرهێنانی ئەمیر تەهاو ئامادەکردنی ئازاد حەمە بوو رۆڵی پیاوێکی دەبینی هەموو شتێکی کردە قوربانی ژنەکەی و هەوەسی خۆی، وەلێ ئەو ئامۆژگاری بۆ خەڵک هەیە"ئێمە تەمسیلی ئەو کەسانە دەکەین تا خۆیان چاک بکەنەوە، ئەو باوکە، کوڕە بەستەزمانەکەی خۆی کردە قوربانی ژنەکەی و خۆشییەکانی، من کە دەقەکەم دەخوێندەوە گریانم دەهات، کە دواجار کوڕەکە باوکەکەی هەڵدەگرێتەوەو هەر کوڕەکەش بەکەڵکی دێت".

لەکۆتایی دیدارەکەدا غازی غەفوور، رای خۆی لەسەر ژن دەردەبڕێ و لەروانگەی خۆیەوە سەیری ئافرەت دەکات"ژن تەواوکاری پیاوە، ئەگەر ژن نەبێ ژیانیش نابێ، دایک چەند گەورەیە، مەکسیم گۆرگی لە رۆمانەکەی"دایک" چەند جوان وەسفی دایک دەکات، لای من دایک لەهەموو شتێک قودسیەتی زیاترە، دایک هەموو شتێکە، دایک لەخاک و نیشتمانیش گەورەترە، من خۆم لێرە رۆیشتووم خاک و نیشتمانم جێهێشتووەو مافی پەنابەریشم وەرگرتووە، بەڵام بەبێ دایکم نەمتوانیوە هەڵبکەم. دایک پیرۆزترین شتی ژیانە".

# لەبەر توانج و قسەوقسەلۆك

ڕێزان عومەر ڕەزا، کە نازناوی"ڕازاو"ی وەک ناوی هونەری خۆی هەڵگرتووە، دەرچووی بەشی شێوەکاری پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانییەو جیا لەکاری شێوەکاری وەک هونەرمەندێکی گۆرانیبێژ کاری کردووە، لەم سەردانەی ئەمجارەیدا بۆ هەرێمی کوردستان وێڕای کردنەوەی ٢ پێشانگا، گۆرانییەکیشی کلیپ کردووە.



### لە بنەماڵەیەکی هونەرییە

ڕازاو کاتێک باس لەهاتنەناو دنیای هونەری خۆی دەکات، بنەماڵەکەی دەکاتە هەوێن. چونکە ٣ برای میوزیکژەن بوونە، بەڵام بۆ کاری گوتنی گۆرانی هاوسەرەکەی بەپاڵپشت دادەنێ"وەک خێزانێکی هونەری دوو برام ژەنیاری کەمانن، برایەکی دیکەشم ژەنیاری ئۆرکۆدیۆن بووە، بەڵام بۆ دەرکەوتنم وەک گۆرانیبێژ دەگەڕێتەوە بۆ هاوسەرگیریم لەگەڵ ئاکۆ عەزیز کەریمدا، ئەو زیاتر هانیدام ببمە گۆرانیبێژ و وەک گۆرانیبێژ دەرکەوم".

### دایکی لێی زویر بووە

وەک نەریتێکی نـاو کۆمەڵگا زۆربـەی هـونـەرمـەنـدان لەدەستپێکی کـارکـردن تووشی کێشە دەبنەوە، ڕازاویـش تووشی هەمان بەزم بووە"ڕێگرم زۆر هەبووە، وەک چواردەور، ئەو چواردەورە کاردەکاتە سەر خێزانەکەت، یەکێک لەوانە دایکم بوو، کە تەلەفۆنی بۆ دەکرا بەهەزار شێوە توانجیان دەهاویشت. ئەویش نەیدەهێشت گۆرانی بڵێم، تا وایلێهات ٢-٣ مانگ قسەی لەگەڵ نەکردم، بەڵام خۆشبەختانە هەر بەرگریم کردو هەنگاوەکانم گەورەتر کرد بۆ ئەوەی لە کارەکەمدا سەرکەوتوو بم و بەردەوام بم لەگۆرانیگوتن، چونکە لە هەرێمی کوردستان بەگشتی ئافرەتی گۆرانیبێژ کەمە. ئێستا خۆشبەختانە زۆرە، بەڵام ئەوکاتەی من هاتمە ناوەندی گۆرانییەوە ئافرەت زۆر کەم بوو، بۆیە حەزمکرد بمێنمەوە تەحەدای هەموو بەربەستەکان بکەم.

### تێکستی ژنانی هەڵنەبژاردووە

ڕازاو، وەک هونەرمەندێکی ئـافـرەت، لە یەکەم بەرهەمدا هەوڵیداوە وەک دەنگی ئافرەتێک گۆرانی بڵێ و لەسەریشی بەردەوام بێ"خۆشبەختانە لە یەکەم گۆرانییەوە کە ئـاوازەکـەی هی عەدنان کەریم و شیعری نەجم هۆگر بـووە، شیعرەکە بـۆ هـەردوو ڕەگەز دەگونجا، لەبەرئەوە زۆر سەرکەوتنی بەدەستهێنا، دوابـەدوای ئەوە توانیومە ئەو شیعرانە هەڵبژێرم کە بۆم دادەنێن و زیاتر ئافرەتانەن". ڕازاو ناشیشارێتەوە کە تائێستا نەیتوانیوە کار لەسەر تێکستی ژنە شاعیرێک بکات"تائێستا هیچ تێکستێکی وا باشم نەکەوتۆتە بەردەست کە ئەو هێزەی تێدا بێ بیکەمە گۆرانی".

### چوونە هەندەران وەستاندوویەتی

ڕازاو کە ئەلبوومێکی ٨ تراکی لەساڵی ٢٠٠٣ بەرهەمهێناوە، بـەڵام ئـەوە مـاوەی ٧ ساڵە بەرهەمی نییە. وەک خۆی دەڵێ لەو ماوەیەدا لە جەماوەر دابڕاوە"چوونە دەرەوەم بۆ هەندەران زۆری وەستاندم، لەبەرئەوەی کاری هونەری پارەی پێویستە، نەمتوانی ئەو ئاواتەی خۆم بێنمەدی و بەردەوام بم، بەڵام توانیم دوای ئەوە وردەوردە خۆم هەڵسێنمەوەو لەسەر ئەرکی خۆم١-٢ گۆرانی دیکە تۆمار بکەمەوە".

### نامەوێ شیعرم بۆ هەڵبژێرن و ئاوازم بۆ دابنێن

کاتێک لەبارەی هاوکاریکردنی ڕازاو لەلایەن حکوومەتەوە لێیدەپرسی، ئەو هاوکاریکردنی پێخۆشە، بەڵام مەرجی هەیەو دەشڵێ تائێستا هانای بۆ هیچ لایەنێک نەبردووە"تائێستا هانام بۆ هیچ دەزگایەک نەبردووە، لەبەرئەوەی حەزدەکەم خۆم کاری خۆم بکەم، قەینا ئەوان پارە سەرف بکەن ئاساییە، بەڵام ئەوان کارم بۆ بکەن و من بچم کارەکەی ئەوان دووبارە بکەمەوە کە بەدڵم

www.netewe.com

# ٣ مانگ دایکی لێی زویر بوو



ریژان عومەر (رازاو)

نەبێ، ئـەوە قەت لەگەڵیدا نیم، بـەڵام ئەگەر شوێنێک بڵێ ئەوە پارە سیدی بەرهەم بێنە، خۆم ئاواز کۆدەکەمەوەو کێم بەدڵ بێ لەگەڵیدا کار بکەم ئەوەم پێ باشترە.

## هەموو کەس ئازادە گۆرانی بڵێ

بەقسەی رازاو، ئەو وەک گۆرانیبێژ هەوڵیداوە کار لەبەرهەمە فۆلکلۆرییەکاندا بکات. رازاو، کارەکانی"محەمەدی ماملێ و حەسەن زیرەک" بەنموونە دەهێنێتەوەو دەشڵێ کە گۆرانی"ئەزیزم بەیانی" محەمەدی ماملێی بلاوکردۆتەوە. ئەو هونەرمەندە رای جیـاوازی هەیە لەسەر ئەو لێشاوەی لەناو گۆرانی کوردیدا هەیەو دەڵێ هەموو کەس ئازادە لەگۆرانیگوتن، بەڵام تەلەفزیۆنەکان نابێ ئازاد بن"هەموو کەسێک ئازادە گۆرانی بڵێ و کلیپ بکات، بەڵام کەناڵەکان ئازادنین لەوەی هەموو شتێک بڵاوبکەنەوە، من لەگەڵ ئەوەنیم سانسۆرێک هەبێ، بەڵام دەبێ بزانن چ دەنگێک بڵاودەکەنەوە، تۆ سەیردەکەی ئێستا دەنگ و ئاوازی عەرەبی زۆر بڵاوبۆتەوە، ئاوازی تورکی تەنیا شیعری کوردی کراوە بەبەرا زۆر بڵاوبۆتەوە، ئەمانە زۆر کاریگەری دەکەنە سەر گوێگر، بۆیە دەڵێم خەڵک بەرپرس نییە، بەڵکو کەناڵەکان بەرپرسن".

## پەیکەرتاشی بە کاری خۆی دەزانێ

رازاو، دەرچووی بەشی پەیکەرتاشییە، بۆیە ئەوە بەکاری سەرەکی خـۆی دەزانــێ و لەگەڕانەوەی ئەمجارەشی بۆ هەرێمی کوردستان دوو پێشانگای تایبەتی لە سلێمانی و دهۆک کـردەوە، کە لەپاڵ پێشانگاکە گۆرانی فۆلکلۆریشی دەچڕی"خۆم دەرچووی بەشی پەیکەرتاشی پەیمانگای هونەرەجوانەکانم، بۆیە کاری من زیاتر پەیکەرسازییە، بەڵام ئارەزووی گۆرانیگوتن لە ناخمدا دروستکراو خۆشم هەوڵی بۆ دەدەم، لە گەڕانەوەی ئەمجارەشما بەهاوبەشی لەگەڵ هونەرمەندێکی دیکە دوو پێشانگام کردەوە".

**فۆتۆکان: هێمن جەمیل**

www.netewe.com

# ئاوڕێک لە مێژووی موزیک






## فرانس لیزت
## باوکی پیانۆ
**١٨١١ - تا ١٨٠٦**

سامان عەلی سابونچی

وەک زۆربەی داهێنەرو موزیکدانەرە بەناوبانگە کلاسیکەکان، لیزتیش دەرفەتی خوێندنی کۆنسۆرڤەتۆریۆی بۆ نارەخسێت، یان باشتر وەرناگیرێت و پاشان بەهەوڵ و لێهاتوویی خۆی و حەزی زۆری بۆ موزیک، دەبێتە یەکێک لەباشترین داهێنەرو پیانۆ ژەنی مێژووی ئەم هونەرە.

لیزت، لەتەمەنی شەش ساڵییەوە بەگرنگییەکی زۆرەوە گوێبیستی باوکی دەبێت کاتێک پیانۆ لێدەدات، دواتر کاتێک باوکی هەستدەکات کە کورەکەی، گرنگیدەدات بەگوێگرتن لەپیانۆ لەتەمەنی حەوت ساڵییەوە دەستدەکات بەوانە گوتنەوە پێی و دەستبەلێدانی ئامێری پیانۆ دەکات. ئەمەش ئاماژەیەکە دەبێ بۆ دەوروبەرەکەی کە وەک زۆربەی موزیکژەنە ناودارەکان کە لەتەمەنی منداڵیانەوە دەبنە موزیسیان، بتوانێت ناوبانگ پەیدا بکات و بەلێهاتوویی خۆیەوە بەجیهانی بێت.

لە هەشت ساڵییەوە لەکۆنسێرتی بچووکدا بەشداریدەکات. ئەوەی جێی سەرنجی موزیکزانەکانی ئەوکاتەوهەمووان بووە، گەورەیی دەست و درێژی پەنجەکانی بووە لەچاو مرۆڤی ئاساییدا. دواتر ئەو دەبێتە دانەرێکی باشی موزیک و پیانۆژەنێکی بەناوبانگی سەردەمی خۆی و بەڕێوەبەری ئۆرکێستڕای هەنگاری و زۆربەی وڵاتەکانی ئەورووپا دەگەڕێت و نمایشی سەرنجراکێش پێشکەشدەکات، بەیەکێک لەو هونەرمەندانە هەژماردەکرێت کە ڕۆڵی هەبووە لەپێشخستنی تەکنیک و شێوازی لێدانی پیانۆ دا. دەیتوانی ئامێرەکانی ڤیۆلین، ڤیۆلا، گیتارو ئۆرگیش بەباشی لێبدات. نزیکترین هاوڕێی شۆپێن(Fryderyk Chopin پۆلۆنی " ١٨١٠ — ١٨٤٩" بەناوبانگترین نووسەری موزیک و بەیەکەمین پیانۆ ژەنی مێژوو دەژمێردرێت) بـووە، وەک هـاوڕێ و کەسایەتییەکیش بەکارەکانی سەرسامبووە.

فـرانس لـیزت، لـەشـاری رایدینگی وڵاتـی هەنگاریا لـە٢٢ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨١١ هاتۆتە دونیاوە (رایدینگ لە ساڵی ١٤٢٥ دا بەناوی"دۆبۆرنیا" بانگدەکرێت و لەساڵی ١٩٢٠ لەدوای شەڕی جیهانی، خۆرئاوای هەنگاریا دەخرێتە سەر وڵاتی ئاوستریا"نەمسا"و ئەو شارە ئێستا بەشارێکی وڵاتی نەمسا هەژمار دەکرێت).

فێربوونی پیانۆ، یەکەم وانەکانی فێربوون لەباوکییەوە"ئادامۆ" وەردەگرێت، کە فەرمانبەر بـووە لای میر ئێستەرهازی. لەتەمەنی یازدەساڵیدا خێزانەکەیان دەگوێزنەوە بۆ ڤییەنای پایتەختی نەمساو لـەوێ وانـەی نووسین و دانـانی مـوزیـک لای مامۆستا ساڵـیـێـری(Antonio Salieri ئیتالی "١٧٥٠ — ١٨٢٥ "موزیکدانەری بەناوبانگ و بەڕێوەبەری ئۆرکێسترا) و وانەی فێربوونی پیانۆش لای کارل سزێرنی(Carl Czerny نەمساوی"١٧٩١ — ١٨٥٧" پیانۆژەن و دانەری موزیک و قوتابی خۆشەویستی بتهۆڤن) وەردەگرێت و هەژدە مانگ دەخوێنێت.

لەساڵی ١٨٢٣ دا، ئادامۆی باوکی دەیباتە پاریس وانـەی تیۆریدانانی مـوزیـک، لای پـایـر(Ferdinando Paer ئیتالی "١٧٧١ — ١٨٣٩" نـووسـەری مـوزیـک و بەڕێوەبەری ئۆرکێسترا) دەخوێنێت، بەڵام لە کۆنسەرڤەتۆریۆ لەلایەن"لویجی چێروبینی" وەرناگیرێت، بەهۆکاری ئـەوەی بیانییە، بەمەرجێک ناوبراو بۆخۆشی ئیتالی بووە نەک فەرەنسی، بەڵام ئەو بڕیارە کاریگەری نەرێنی لەسەر ئارەزووی خۆپەروەردەکردنی لیزت نابێ و بەردەوامدەبێت لەخوێندن لای مامۆستاکانی و ئەوەش دەبێتە پاڵنەرێک کە لەساڵی ١٨٢٤ دا ئۆپێرای"دۆن سانش"دەنووسێت و ساڵی ١٨٢٥ نمایشدەکرێت.

ساڵی ١٨٢٦ فرانس لیزت، لەتەمەنی پازدە ساڵیدا دەبێ کە ئادامۆی باوکی دەمرێت و بەرپرسیارێتی ئاگاداربوون و بەخێوکردنی دایکیشی دەکەوێتە ئەستۆ. مردنی باوکی ترس و دوودڵـی ئـەوەی لادروستدەکات کە ئەو بەرپرسیارێتیە، نەیگەیەنێتە ئامانجەکانی و گرانی ژیان دووری بخاتەوە لەئاواتەکانی،

www.netewe.com

بۆیە بۆ دابینکردنی ژیانیان دەستیکرد بە گوتنەوەی وانەی پیانۆ بەقوتابیان و زۆری کارکردنی لە بەیانیەوە تا شەو و ماندووبوون و بەهۆی دووری قوتابیەکانی لەیەکتر لەشاری پاریس، دووری خستەوە لەگەڕان و خۆی دایە جگەرەکێشان و خواردنەوەیەکی زۆرو تا کۆتایی تەمەنی بەردەوامبوو.

لەو ساڵانەی تەمەنیدا هەموو کاتەکانی تەرخاندەکات، بۆ دۆزینەوەی شێوازێک بۆ پێشخستنی تەکنیکی لێدانی پیانۆو ئەنجامێکی باشی دەبێتو ناوبانگ پەیدا دەکات. لەساڵی ١٨٣٠ دا، هەر لەپاریس چەندین پیانیست دەناسێت و بەو تەکنیکە ئاشنایان دەکات.

لەساڵی ١٨٣٣دا سەمفۆنی فەنتاستیک، دەنووسێت کە دەبێتە جێی سەرنجی هەمووان و تەکنیکێکی نوێی لێدانی پیانۆی تێدا بەرجەستە دەکات. هەر لەهەمانساڵدا مارییادێ ئاگولت (١٨٠٥ – ١٨٧٦) دەناسێت و پەیوەندییەکی سـۆزداری دەسـتـپـێـدەکـەن، مارییا نووسەرێکی ناسراوی فەرەنسی بووەو چەندین پەرتووکی نوسیووە، ئەوکاتە هـاوسـەری ئەمیر چارلس لـۆیس دێ ئاگولت دەبێت و خاوەنی دوو منداڵ دەبێت. لەساڵی ١٨٣٥ دا، مارییا مێردو هەردوو منداڵەکەی جێدەهێڵێت و لەگەڵ فرانس لیزت دەڕۆن و پاریس جێدەهێڵن و دەچنە ژنێڤ لەسویسرا نیشتەجێدەبن و کورێکیان دەبێت.

لیزت، دەبێتە مامۆستا لەکۆنسەرڤەتۆریۆی ژنێڤ کە تـازە دامـەزراوەو دەسـت بە نووسینی پەرتوکێک دەکـات لەبارەی تەکنیکی لێدانی پیانۆ. لەگەڵ مارییاو دانیێلی کوڕیان بەیەکەوە دەژین و بەردەوام لەسەفەرکردندا دەبن لەنێوان سویسراو ئیتالیادا، لەساڵی ١٨٣٩ لەگەڵ مارییا جودا دەبنەوەو مارییا لەگەڵ کوڕەکەی لیسزت جێدەهێڵن و دەگەڕێنەوە پاریس.

فرانس لیزت، دەستدەکاتەوە بە گەڕان و کۆنسێرتکردن و بەردەوام لەگەڕاندا دەبێت و هەزارەها کیلۆمەتر لەساڵێکدا بەهەموو ئەورووپادا دەکات، لەساڵی ١٨٤٧ دا، دوای دوو کۆنسێرت لەتورکیاو روسیا دەچێتە







کییێڤ، بۆ نمایشکردنی کۆنسێرتێک، لەوێ کارۆلینە ڤینگێنستەین (هـاوسـەری ژەنەراڵێکی روسـی) دەناسێت و پەیوەندی سـۆزداری دەستپێدەکەن و لەساڵی ١٨٤٨ دا بڕیاری پێکەوەژیان دەدەن لەڤیمار، بەهۆکاری ئـەوەی لەمێردی یەکەمی بەفەرمی جیانەبۆتەوە

(تەڵاقنەدرابوو) ناتوانن ژیانی هاوسەرگیری پێکبهێنن بەفەرمی. لەئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٦١دا بڕیاردەدەن بچنە ڕۆماو لەوێ لەکڵێسە مەراسیمی هاوسەرگیری پێکبهێنن، ئەم پلانەشیان سەرناگرێت، بەهۆکاری ئـەوەی مێردی یەکەمی کە ژەنەراڵێکی ئارتەشی روس بووە، بەمکارە دەزانێت و قەیسەری رووسیا ئاگاداردەکاتەوە بۆ قسەتێداکردن لەگەڵ ڤاتیکان، ئەویش داوا لەڤاتیکان دەکات ئەو هاوسەرگیرییە ئەنجامنەدەن و بەو شێوەیە دەمێننەوە.

بەدرێژایی تەمەنی، زۆربەی دەستکەوت و داهاتەکانی لەکاری خێرخوازیدا بەکارهێناوەو بەردەوام هاریکاری هەژاران بووەو خەریکی دامەزراوەی موزیکی بووە.

بەیەکێک لەباوکانی پیانۆلێدەری مێژووی موزیک هەژمارکراوە.

فرانس لیزت، دەچێتە ئەلمانیا، بۆ بەشداری کردن لەفێستیڤاڵی بایریوت کە لەلایەن ڤاگنەرەوە (Richard Wagner ئەڵمانی "١٨١٣ – ١٨٨٣"مۆزیکنووس و بەڕێوەبەری ئۆرکێسترا) ڕێکدەخرێت، لـەوێ تووشی نەخۆشی هەوکردنی سـیـیـەکـان دەبـێـت و تـوانـای بـەرگـریـکـردنـی لەنەخۆشییەکەی نامێنێ و لەکاتژمێر ١١:٣٠ی ڕۆژی٣١ی تەموزی ١٨٨٦دا، دڵی لەلێدان دەکەوێت و ماڵئاوایی لەقوتابیان و دونیای موزیک دەکات.

دوای مردنی چەندین کاری موزیکی جێهێشت، کە تائێستاش لەجیهاندا نمایشدەکرێنەوەو چەندین لێکۆڵینەوە لەسەر کارو نووسینەکانی کراون و لەدوای خۆی ١٣ سەمفۆنی، ٩ ئۆپێرای سەمفۆنی و ٢٤ پارچە موزیکی بەناوبانگی بۆ پیانۆ جێهێشتووە.





# مليۆنێری








گۆرانی دڵکێشی هەژاران و قاڵبوون
لەفێرگەی ئەزموونلا
سیروان رەحیم

ناوی فیلم: ملیۆنێری لانەواز
ناوی ئۆرژینال:
Slumdog Milioner
سیناریۆ: سیمۆن بێئاوفۆی
دەرهێنان: دانی بۆیڵ
وڵاتی بەرهەمهێنەر: بریتانیا
بەرهەمهێنەر: کریستیان کۆلسۆن
شوێنی وێنەگرتن: هیندستان
ساڵی پێشاندان: ٢٠٠٨
کامێرا: ئانتۆنی دۆد مانتڵ
موزیک: ئا. ر. رەحمان
مۆنتاژ: کریس دیکەنز
١٢٠خولەک، ٣٥ ملیم، رەنگاورەنگ
زمان: ئیگلیزی، هیندی
هەڵگری هەشت خەڵاتی ئۆسکار، لەکۆی دە خەڵات، ساڵی ٢٠٠٩.

# لانەواز



**سەرەتا:**

سیناریستی بریتانی سیمۆن بێئاوفۆی"١٩٦٦"و دەرهێنەری بریتانی دانی بۆیڵ"١٩٥٦"دەستیان بۆ بابەتێک بردووە، چێژبەخش و سەرنجبەر، بەڵام هاوکات بابەتێک باس لەگرنگی هەل و چارەنووس دەکات کە چ رۆلێک لەژیان و لەبەختەوەری مرۆڤدا دەبینن، هەل و بەخت لەشوێنێک، لەسەرزەمینێک کە سیستەمی بەڕێوەبردنی لێنەبێت و دادپەروەری لەئاستی نەبووندا بێت.

سیمۆن بێئاوفۆی، سیناریست رۆمانی نووسەری هندستانی ڤیکاس سواراپ"١٩٦٣" بەناوی "روپیەکان.. روپیەکان"ی کردووە بەبنگەهی کارەکەی.

ملیۆنێری لانەواز، فیلمێکە ئەوە بەروونی پێشاندەدات ژیان لەهیندستان و وڵاتانی لەو چەشنە چ واتەیەکی هەس. واتەیەک ئاشکرا پێماندەڵێت: ژیانێک چەند دوور لەدڵنیایی، ژیانێک بەردەوام بەلێوارەکانی مەرگدا مرۆڤ بەکێش دەکات. لەو چیرۆکەدا دڵڕەقی دەبنین لەئاستی هەرەترسناکیدا، بەڵام بەرانبەر بەو دڵڕەقییە ترسناکە، دنیای پڕ لەئاهی سروەئاسای مندالان و ویستەناسک و حەزە رەنگینەکانی نەوجەوانان دەبینین کاتێک دەیانەوێت بژین و چێژ لەژیان ببینن.

ملیۆنێری لانەواز، فیلمێکە لەهەناوەوە دەست بۆ روح و دەست بۆ خانە قووڵەکانی هەستدەبات و دەیانکات بەهاوڕێ و هاوگەشتی جەمال مەلیک و هاوڕێکانی، جەمال مەلیک و ئەڤینەکەی، ئەو کوڕەو چارەنووسی هەموو مرۆڤەکانی ئەو هەرێمە.

**ناوەڕۆک**

جەمالی چایچی، لانەواز و بێکەس، تەنیابالٚ توانیویەتی خۆی بگەیەنێت بەبەرنامەی تەلەفزیۆنی"کێ دەبێت بە ملیۆنێر"، تەنیا یەک وەڵامی راستی پێویستە بۆ ئەوەی خەڵاتی یەکەم کە نرخەکەی بیست ملیۆن روپێی هندییە بباتەوە. ئایا جەمالی چایچی چۆن گەیشت بەوە، بە:

ئا. فێڵ

ب. بەخت

س. بلیمەتی

د. چارەنووس

ئەمە سەرەتایەکە بۆ چوونەناو بابەتەکەوە. سەرەتایەکی شیاو بۆ فیلمەکەو بۆ بەرنامەی"کێ دەبێت بە ملیۆنێر".

فیلمەکە بەدیمەنێکی غەمگین دەستپێدەکات، جەمالی چایچی لەپۆلیسخانە ئەشکەنجە دەدرێت و سووکایەتی پێدەکرێت. جەمال، تەنیا دواخولی بەرنامەکەی ماوە بۆ ئەوەی ببێت بەملیۆنێر، بەڵام ئەو لەو سۆنگەیەدا کە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی زانیوە گومانی ئەوەی لێدەکرێت فێڵی کردبێت و بە فێڵ بەو ئاستە گەیشتبێت. نەک هەر ئەفسەری پۆلیس، بەڵکو بەرنامەوانەکەو کەسانێکی زۆری تریش، ناتوانن باوەڕبکەن جەمالێکی بێکەسی، لانەوازی چایچی، کوڕی شەقام و کۆڵانەکانی مۆمبای چۆن وەڵامی ئەو پرسیارانە دەزانێت. بەڵام شتێک کە ئەوان نایزانن ئەوەیە:

ئەزموونی ژیان جەمالی فێرکردووە. هەر یەکێک لەو پرسیارانە جەمال بەجۆرێک دەهەژێنن و دەیگەڕێننەوە وێستگەیەکی گرنگی مندالی. هاوکات پرسیارەکان هەژێنەری بیرەوەرین بۆ ئەو لاوە پڕخەون و تژە لەئەڤینە. ئاخر بۆ بەرنامەوان و بۆ ئەفسەری پۆلیس ئەستەمە باوەڕ بکەن جەمال چۆن ئەستێرەی سینەمای وەڵاتەکەی دەناسێت، چۆن دەزانێ لەسەر کاغەزی دۆلار وێنەی چ سەرکردەیەکی ئەمەریکی هەیەو چلۆن لەبەردەم مزگەوتی"تاج مەحەل"بووە بەچاوساغی گەشتیاران. ئەم چایچییە چۆن دەشێ ئەو هەموو پرسیارە وەڵامبداتەوە. بۆ ئەوان باوەڕکردن سەختە، چونکە ئەوان نازانن ئەو کوڕە لەوێستگەکانی لانەوازیدا، لەهەورازەکانی دەربەدەری ژیاندا بەو شتگەلە ئاشنا بووە، ئاشنایەتییەک بێبەرنامە، بەتەنیا ژیان و برسێتی و بێماڵی جەمالی بەو شتانە ئاشنا کردووە.



www.netewe.com

ئەوان مافی خۆیانە باوەڕنەکەن جەمالی چایچی چۆن ئەو وەڵامە دەزانێت، بەڵام ئەوەی ئەوان لێی بێئاگان ژیانێکە سەخت و پڕ لەکوێرەوەری، هاوکاتیش ژیانێک جەمالی کردووە بەمرۆڤێکی بەئەزموون و بەئاگا. جەمال، فێڵباز و ساختەکار نییە. ئەو کوڕە بەراستی وەڵامەکان دەزانێت و ئەو شتانەی هەموو لەفێرگەی ئەزموون و لەفێرگەی ژیانەوە بەدەستخستووە. لێرەوەیە کە دراماتورگی یان چنینی فیلمەکە لەئاستێکی بڵندی چێژبەخشین و جوانیدا بەرجەستە کراوە، کاتێک لەگەڵ هەموو پرسیارێکدا جەمال دەگەڕێتەوە ویستگەیەکی تایبەت لەژیانی خۆی و سەلیمی برای و پێکەوەن لەگەڵ منداڵانی هاوڕێیدا، چ دیمەنگەلی نایاب سازکراون.

خۆ هەر لەسەرەتاوە پێشکەشکاری بەرنامەکە گومانی لە جەمال هەیە کە بتوانێ وەڵامی پرسیارەکانی بداتەوە. بەڵام ئەو جەمال ناناسێت. بۆیە گاڵتە بەو لانەوازە چایچییە دەکات. لەبەردەوامی بەرنامەکەدا ئیتر گومانێک بۆ ئەو بەرنامەوانە نامێنێتەوە کە فێڵێک لەژێر سەری جەمال دایە. تا ئەو ئاستەی کاتێک لەپشووی بەرنامەدا پێکەوە دەچنە ئاودەست، بەرنامەوانەکە وەڵامی هەڵە بۆ جەمال دەنووسێت، بەڵام چونکە جەمال وەڵامە راستەکە دەزانێت، هیچ پێویستی بەو وەڵامە نییەو ئەوەی خۆی دەڵێت. ئیتر ئەو بەرنامەوانە بەجارێک کەللەیی دەبێت و هەر ئەویشە زمانی لێدەدات و پۆلیس دەهێنێتە سەری. بەڵام تاکە شتێک کە ئەو بەرنامەوانە لێی بێئاگایە ئەوەیە:

جەمال، نەهاتووە بۆ ئەوەی ببێت بە ملیۆنێر، بەڵکو بۆ ئەوە هاتووە "لاتیکا"ی دڵخوازی بیبینێت و یەکتر بدۆزنەوە. ئەو کچەی پێکەوە هەتیو کەوتن، پێکەوە کران بەسواڵکەر، و عاشقی یەکتربوون، چەندجارێک یەکیانگرتەوەو دووبارە لێکدابڕانەوە. جەمال، بۆ ئەوە لێرەیە تا ئەو ئەڤینە بدۆزێتەوە نەک بۆ پارە. جەمال کە لەسەلیمی برای دابڕاوە، هەمیشە دووربووە لەجیهانبینی سەلیم و هەڵسووکەوتی وی پێپەسەند نەبووە. ئێستا سەلیم، چەقۆکێشی سەرۆک مافیایەکە کە "لاتیکا"ی گەورە ئەڤینی جەمالی زەوتکردووە. بەردەوام ئەو دوو برایە ناکۆک و ناتەبا بوون، بێگومان سەرکێشی سەلیم و هێمنی جەمال دوو جەمسەری هاودژ بوون و هەرگیز کۆنەدەبوونەوە. سەلیم مافیایە، هەرچەندە مافیابوونی سەلیم زۆرجار جەمالی لەمەرگ رزگارکردووە، بەڵام ئەمجارە چی لێدەکەوێتەوە، لەدرێژەی فیلم یان وەڵامەکاندا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت.

جەمال، بەپاکیزەیی خۆی دەتوانێ ئەفسەری پۆلیس قایل بکات کە ئەو پرسیارەکان دەزانێ و هیچ فێڵێک لەو مژارەکەدا نییە. ئەفسەرەکە لەکاتی خۆیدا دەستبەرداری دەبێت و دەیگەڕێننەوە ستودیۆ. سەلیمی برای لەو دەمەدا پەشیمانی هەناوی دەخوات کە براکەی لەو بەرنامەیەدا بەسەرکەوتوویی دەبینێت. ئەو دەبێ بە ملیۆنێر و ئەمیش بوو بەداردەستێکی مافیایەکی بکوژ و دزێو. مافیایەک لاتیکای داگیر کردووەو کردوویە بەمەعشوقەی خۆی. بەڵام کۆمەکی "لاتیکا"یە بۆ رزگاربوون، دوا شتە سەلیم بۆ جەمالی بکات. دیارە دەزانێ دەبێت بە روح باجی رزگاربوونی ئەو کچە بدات، بەڵام سەلیم، ئەوە دەکات. تەلەفۆنەکەی خۆی و ماشینەکەی خۆی دەداتێ و دەڵێ: برۆ و هەڵێ. بێگومان لاتیکا بەرەو ستودیۆ ماشین دەئاژوێت. جەنجاڵی شاری مۆمبای ئاستەنگە لەبەردەم گەیشتنی لاتیکا بەستودیۆ.

جەمال کە دوا خولی بەرنامە لەچاوەڕوانی وی دایە، لەشەوێکدا بووە بەئەستێرەی سەر شاشە. خەڵکێکی زۆر وەک لەچاوەڕوانی تیپی تۆپێندا بن، چاوەڕوانی جەمالن و هاندەری ئەو کوڕەن. ئەو خەڵکە دڵیان لەلای پارەکەیە، بەڵام ئەو خۆی دڵی لەلای خۆشەویستەکەیەتی.

جەمال، وەڵامی دواپرس نازانێت. دەیەوێت دوا بوار، کەجۆکەری تەلەفۆنە، بەکار بهێنێت. یەک ژمارەی پێیە، ژمارەی سەلیمی برای. تەلەفۆن دەکەن، بەڵام لەبری سەلیم لاتیکا وەڵامدەداتەوە. جەمال، ئیتر دەزانێ لاتیکا دەژی و حاڵیش دەبێت لەشوێنێکی ئازادە. هەرچەندە لاتیکا لەوەڵامی پرسیارەکەدا ناتوانێ کۆمەکی جەمال بکات، بەڵام جەمال، بەختی خۆی تاقیدەکاتەوەو وەڵامی "ئا" هەڵدەبژێرێت. بەرێکەوت راست دەردەچێت. بەو جۆرە جەمال، هاوکات لاتیکا دەدۆزێتەوە کە بۆ ئەو کوڕە ئەو دۆزینەوەیە گرنگترەو هەمیش دەبێت بە ملیۆنێر.

کاتێک سەرۆکە مافیاکەی سەلیم دەنگی لاتیکا دەبیستێت، دەزانێ سەلیم فێڵی لێکردووە. دەچێتە سەری کە لەوکاتەدا لە گەرماوی کۆشکەکەدا خۆی مات داوە. بەڵام سەلیم ئەو دەکوژێت و خۆیشی لەناو حەوزی بانیۆکەدا پاڵدەکەوێت، حەوزێک پڕی لە پارە کردووە، پاش ئەوەی ئاغاکەی خۆی دەکوژێت، پاسەوانەکان تەقەی لێدەکەن و سەلیم دەکوژن.

بەرانبەر بەم کۆتاییە غەمگینەی سەلیم کۆتایی رەنگینی جەمال هەیە:

جەمالی "ملیۆنیر"و عاشق لەوێستگەی شەمەندەفەری ڤیکتۆریا لەگەڵ لاتیکا یەکدەگرنەوە. ئەو وێستگەیە کە پێشتر هەردوو ئەڤیندار ویستبوویان لەوێ یەکبگرن و لەدەستی ئەو مافیایە هەڵبێن، بەڵام سەلیم، لاتیکای دەستگیرکردبۆوە، ئەو دوو عاشقە لەوێ یەکدەگرن و سەمای شادی دەستپێدەکەن.

## ئاستی هونەری

سەبارەت بە ملیۆنێری لانەواز، هەموو هەڵسەنگاندنەکان، نرخاندنی هەموو رەخنەگران و زۆرینەی لێدوانەکان ئەوە دەسەلمێنن ئەم بەرهەمە نایابە. فیلمێکە شایستەی بینین و چێژوەرگرتن. بەرهەمێکە زمانحاڵی لانەوازان و سترانێکە لەگەرووی غەمگین، بەڵام گەرووی روونی هەژارانەوە سەرچاوە دەگرێت.

زۆرینەی شارەزایانی بواری فیلمیش لارییان لەوە نەبووە بەرهەمەکە شایستەی ئەوە بووە لەو خولەی خەڵات بەخشینی ئۆسکاردا زۆرینەی خەڵاتەکانی بچنێتەوە. ملیۆنێری لانەواز فیلمێکە دەبێت لە دڵەوە خەڵاتی بکەین.

www.netewe.com

# پرسی ژن لەچەند وێستگەیەکی کابینەی شەشەمدا



**ئەرسەلان رەحمان**

یەک ساڵ بەسەر تەمەنی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا تێپەڕ دەبێت و کابینەکەی دکتۆر بەرهەم ئەحمەد ساڵح پێدەنێتە ساڵی دووەمی خۆیەوە، ئەوەی لێرەدا جێگەی هەڵوێستە لەسەرکردنە هەڵسەنگاندنە دۆزی ژنان و پێگەیانە لە کابینەکەی دکتۆر بەرهەمدا.

هەر لەسەرەتای راگەیاندنی کابینەکەیدا دکتۆر بەرهەم رووبەڕووی رەخنەو ناڕەزایەتی زۆرێک لەرێکخراوو چالاکوانانی بواری مافەکانی ژن بوویەوە، چونکە ژنان بەئاواتی ئەوە بوون لەوەی لەمیانەی کابینەی پێشوو بەدەستیان هێناوە، زیاتریان پێڕەوا ببینرێت، بەڵام بەداخەوە جگە لەتەرخانکردنی پۆستی وەزارەتێکی کۆمەڵایەتی چیدیکە بە ژن رەوا نەبینرا، ئەمەش دەرخەری ئەو راستیەیە کە عەقڵیەتی پیاوسالاری لەهەموو جومگەیەکی سیستەمی سیاسی ئەم وڵاتەدا وێڕای سنووردارکردنی بەشداری ئافرەت تەنێ بڕوای بە گێڕانی رۆڵی کۆمەڵایەتی بۆ ژن هەیەو نایەوێت ژن لەکایەی ئابووری و رۆشنبیری و سیاسی هەرێمەکەدا نەخشی خۆی هەبێت. پێویست بوو لەکابینەی شەشەمدا شانبەشانی کرانەوەی زیاتری هەرێم، لەسەر مەبنای کاریگەری رێکخراوەکانی ژنان رۆڵێکی زیاتر بە ژنان رەوا ببینرایە، هەرهیچ نەبێت رەچاوی سیستەمی کۆتا بۆ ئەم قۆناغە بکرابایە و ژنانیش وەکو پیاوانی دەسەڵات رۆڵێکیان لە بنیاتنانەوەی ئەم هەرێمەو بەڕێوبردنی سیستەمی سیاسی وڵات هەبووایە، کە بەداخەوە تائێستا عەقڵیەتی پیاوسالاری ناخوازێت ژنان وەها رۆڵێک بگێڕن.

ئـەوەی جێی نیگەرانی رێکخراو و چالاکوانانی بواری مافەکانی ژنانە سستی نواندن بووە لەئاست خەمەکانی ژنـان بە تایبەتی لـەبـارەی پرسی دامەزراندنی ئەنجومەنی خانمان کە بە گوێرەی گوتەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ وارڤین هێشتا کارەکانی تەواو نەبووەو جارێ ناتوانرێت رابگەیەنرێت. پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە بۆچی کابینەکەی دکتۆر بەرهەم هێندە بە سستی بـەدەم خواستی ژنانەوە دێـت، ئایا دامەزراندنی ئەنجومەنێک بۆ خانمان هێندە کاتی دەوێت، یاخود مەسەلەی دیکە لە پشت پەردەوە هەن و رێگری لەدامەزراندنی وەها ئەنجومەنێک دەکرێت.

ئەوەی جێگەی تێبینی ئێمەو مایەی هەڵوێستە لەسەر کردن بووە، لەماوەی یەک ساڵی تەمەنی کابینەی شەشەمی حکومەتدا بـەرزبـوونـەوەی رێژەی حاڵەتەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان بووە لە هەرێمدا، ئەمە لەکاتێکدا ئامارەکانی سەردەمی کابینەی پێشوو باسیان لـە کـەمـبـوونـەوەی حاڵەتەکان دەکرد، بەڵام لەچەند مانگی رابردوودا کاتێک ئاماری توندوتیژی دژ بە ژنان لە ماوەی شـەش مانگی سـەرەتـای ئەمساڵ راگەیەندرا، دەرکەوت کێرڤی توندوتیژییەکان لە بری داکشان روویـان لەهەڵکشانە، ئەمەش جێگەی سەرنج و هەڵوێستە لەسەر کردنە، هەرچەندە بەڕێوبەری توندوتیژی دژی ژنان کـوردە عومەر بێ پەردە ئەو راستییەی ئاشکراکرد، کە ئامارەکانی ساڵانی پێشوو دەستکاریکراون، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی حکومەتی هەرێم نەهات لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە بۆ دەرخستنی راستییەکان پێکبهێنێت و حەقیقەتی مەسەلەکان بە خەڵکی کوردستان بڵێت، ئایا شاردنەوەی راستییەکان تاوان نییە بەرامبەر بە خەڵکی هەرێم و چاو بەستکردنی رێکخراوەکان نییە، ئەی ئەرکی حکومەتی خەڵک چییە، بەرپرسانی ئەو تاوانە بۆ دەبێت دیزە بەدەرخۆنەیان بۆ بکرێت و نەخرێنە بەردەم لێپرسینەوە.

یەکێکی دیکە لەو پرسانەی لەسەردەمی کابینەی شەشەم هاتوەتەگۆڕێ و ئەگەری رەنگدانەوەی نەرێنی هەیە لەسەر پرسی ژنان، مەسەلەی بڕینی یاخود کەمکردنەوەی بودجەی رێکخراوەکانە بەگشتی، کە رێکخراوەکانی ژنانیش دەگرێتەوە، بەڵام ئایا لەدەرکردنی ئەو جۆرە بڕیارانە حکومەت هیچ بیری لە ئەنجامە نەرێنییەکانی کردووەتەوە، ئایا حکومەت هیچ پێوەرێکی دادوەرانەو زانستیانەی هەیە بۆ ئەوەی رێکخراوەکانی ژنان لە رێگەیەوە بودجەی پێویست بۆ سەرخستنی ئامانجەکانییان دەستەبەر بکەن، یاخود، بڕیارەکانی حکومەت تەنێ کاردانەوەن و لەسەر مەبنای زانستی دانەڕێژراون. لێرەوە پێویستە بڵێین، رێکخراوەکانی ژنان چاوەڕوانییان لە حکومەت زیاترەو پەراوێزخستنی پرسی ژنان چ لە لایەن حکومەتەوە بێت، یاخود لەلایەن هەر دامەزراوەیەکی سیستەمی سیاسی و مەعریفی هەرێمەوە بێت رەنگدانەوەی نەرێنی دەبێت لەسەر ناوبانگی هەرێم و رەوشی گشتی مافەکانی مرۆڤ لەم هەرێمەدا، کە ژنانیش وەک پیاوان قوربانییان لەپێناودا داوە.

www.netewe.com

البحث في الموقع

الموقع الرسمي لمؤسسة وارفين www.warvin.org

# وارفين

الرئيسية | المقالات | الأخبار | المواضيع | الكتاب | اللقاءات | التقارير | الأرشيف | من نحن | الأعضاء | المواقع | أتصل بنا

## فوز الكوردية نرمين عثمان بالأمانة العامة لشؤون المرأة العربية

خاص_وارفين: فازت وزيرة البيئة العراقية نرمين عثمان" في الإنتخابات التي جرت يوم أمس في مصر لإستلام منصب الأمانة العامة لشؤون المرأة العربية التابعة لجامعة الدول العربية لمدة عامين. لجنة شؤون المرأة العربية جزء من الجامعة

المزيد





الأخبار | خاص_وارفين: سيشارك الفيلم الوثائقي "باب ويوت الحمر وانين..."

## دراسة: ذوات فصيلة الدم (أو) أقل خصوبة من باقي النساء

Thursday, 28 October 2010 16:13



**وارفين**: ثبت في دراسة حديثة أن النساء ذوات الفصيلة الدم (أو) يعانين قليلاً قبل التمكن من الحمل. لأن عدد البويضات ونوعيتها تقل على ما يبدو عند اللواتي ينتمين إلى هذه الفصيلة. بينما العكس صحيح عند اللواتي يصنف دمهن في فصيلة (أ).

## إعدام فتاتين على يد إسلاميين صوماليين بتهمة التجسس

Thursday, 28 October 2010 15:43



**وارفين**: أقدمت حركة شباب المجاهدين في الصومال الخميس 28-10-2010 على اعدام فتاتين في بلدة (بلدوين) في وسط الصومال. بتهمة التجسس.

## إخلاء سبيل عروسين بعد قضائهما ليلة الدخلة بقسم الشرطة

Thursday, 28 October 2010 10:49



**وارفين**: قرر مدير نيابة مدينة الإسماعيلية في مصر إخلاء سبيل عروسين من سرايا النيابة. بعد أن قضيا ليلة دخلتهما في قسم الشرطة.

## منح كفيفة سعودية لقب ملكة جمال الأخلاق

Wednesday, 27 October 2010 16:26

آخر عدد لمجلة وارفين





مواضيع مجلة وارفين pdf

- السياسية
- الأجتماعية
- الرياضية
- الأدب
- الصحة
- الثقافة والفلكلور

نجمة وارفين

زينب محمد سعيد



زينب محمد سعيد

الأسم الثلاثي

المقالات

- برلمان أم مجلس لنابلة السلطان؟



كفاح محمود كريم

- نفة الكاتب بين النقد والهجوم



زينب ع.م البحراني

- حكومة عراقية.. أم ممثلة لدول الجوار



كفاح محمود كريم

- الكورد في تركيا بعد مقاطعة الإستفتاء



سيروان رحيم

- تحقيق النصاب في الميراث وللمرأة نصيب غائب



ابراهيم بهلوي

1 2 »

اللقاءات

- نائب رئيس منظومة المجتمع الكوردستاني لوارفين: العرب وثقوا بالأتراك ونسوا ظلم العثمانيين


HEJA GROUP
sulav
ئاڤا سولاڤ
ئاڤەکا سروشتی یە
و ل دیڤ باشترین مەرجێن
تەندرستی یە
sulav
0.5 lt
Natural Spring Water
سولاڤ لە هەولێر
پێویستی بە بریکارە
زاخو رێکا ئیبراهیم خەلیل
07501270505
07501270606